ئیسماعیل عوسمان
ماتیاس شیلین

# کۆچ هەڵیبژاردم

## لە هەولێرەوە بۆ یێڤلە

### ژیان لە ناو بازنەی دەسەڵاتی سەددامدا

وەرگێڕانی لە سویدییەوە:
حەکیم کاکەوەیس

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی - ٢٠١٢

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.


**كۆچ هەڵیبژاردم**

**ئامادەكردنی: ئیسماعیل عوسمان و ماتیاس شیلین**

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ( ١١٠٣ ) ساڵی ٢٠١٢**

**دیزاینو بەرگ: ئاراز نوری**

**تیراژ: (٢٠٠٠) دانە**

**ژ. زنجیرە: ( ٤٤٠ )**

**بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

**سلێمانی . ٢٠١٢**

**سەرپەرشتیاری زنجیرەی كتێب**

**عوسمان حەمە رەشید گورون**

www.pukhoshiari.com

info@pukhoshiari.com

# پێرست

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
||  |


| | |
|---|---|
| ١- ساڵانی منداڵی | ١١ |
| ٢- لەناو بزووتنەوەی بەرهەڵستکاریدا | ٥٢ |
| ٣- بەرەی کوردستانی دێتە مەیدانەوە | ١٢٢ |
| ٤- لەسەر خاکی سوید | ١٣٤ |
| ٥- گەڕانەوە بۆ هەولێر | ١٥٠ |
| ٦- گەڕانەوەم بۆ سوید | ١٦٠ |
| ٧- بەرەو ناو سیاسەتی سویدی | ١٨٢ |
| ٨- هێرشی ئەمریکا و روخانی سەددام حوسێن | ١٩٤ |

## پێشەکی

زۆرن ئەوانــەی ســەختیو ناهــەمواری بــاری سیاســی جــارانی کوردســتان ناچاریکردن چیرۆكو داســتانو رۆمانــەکانی ژیــانی پــڕ لــە مەینــەتی خۆیــان بگرنە کۆڵو دەروێشئاسا سەری خۆیان هەڵگرنو دوای پەڕینەوە لـە چـەندین مـەترسیو رووبەڕووبوونەوەی دێوو درنجی سەرسنوورە ئەفسـووناوییەکان، وەك پەڕەسێلکەی تەرەو ئاوارە، بێ ناسنامە، باڵشـکاو، دڵشـکاو خۆیـان لـە نـاو بڵێسەی ئـاگری غوربەتـدا ببیننـەوە. بـەڵام کـەمن ئەوانـەی توانیویانـە ئـەو چیرۆكو داستانو رۆمانانەی چەرمەسەرییەکانی ژیانی بەر لەغوربەتیان لەبەر ئاگردانی هەواری تازەیاندا، بەزمانێکی نوێ، بۆ ئەو مرۆڤانـە بگێڕنـەوە کـە داڵـدەیان داون. ئـەم کتێبـە گێڕانـەوەی چـیرۆکی یەکێکـە لـەو پەڕەسـێلکە باڵشکاوانە، کە بێ ویستی خۆی هێلانەکەی چۆڵکردووەو خـۆی داوە بـە دەم رەشەباو گەردەلوولێکی نادیاری پڕ دڵەڕاوکێوە. ئەم، کـە عـاشـقی داروبـەردو ئاسمـانی لای هێلانەکـەی بـوو، کـۆچ پـەلیگرتو بـەرەو تاراوگەیـەکی دوور دووری نامۆ بەکێشیکرد.

ئیسماعیل عوسمان، کە من هێشتا هەر ناوە نهێنییەکەیم زیاتر بە زماندا دێو کە دەیبینم بە (کاك جەمال) بانگی دەکەم، وەك هەزاران گـەنجی کـورد لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەستی داوەتە خـەباتی کوردایـەتیو دوای چـەندین ســاڵ لــە پێشــمەرگایەتیو تێکۆشــانی ســەختو دڵســۆزانە، بەناچــاری

روویکردۆته هەندەرانو لە سوید گیرساوەتەوە. بە ماوەیەکی کەم فێری زمانی ئەو وڵاتە دەبیۆ خۆی لە گەڵ ئەو ژیانە نوێیەدا دەگونجێنیۆ تەنانەت لە ژیانی سیاسیی نیشتمانی دووەمیشیدا بەشدارییەکی گەرموگوڕ دەکاو پێگەیەکی باش بۆخۆی دابیندەکا .

ئەم، دەبینێ خەڵکی ئەو وڵاتە، تەنانەت ئەو کوردە گەنجانەی لەوێ لەدایك بوون یان هەر بە مناڵی لەگەڵ کەسوکاریاندا وەك خۆی بە باڵو دڵی شکاوەوە پەرەوازەی ئەو تاراوگەیە بوون وا دەزانن ئەم لە هێلانەکەی خۆی بێزار بووە، وا دەزانن خۆی ئەم ژیانە نامۆیەی بۆخۆی هەڵبژاردووە، بۆیە وەك وەڵامێك بۆ پرسیاری بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟ بە نووسینی ئەم کتێبە چیرۆكو بەسەرهاتی ئەو پەرەسێلکە ئاوارەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە، گێڕانەوەیەك لەگەڵ خۆیدا دەمانباتەوە بۆ ناو مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی، مێژوویەکی پڕ لە سەختیو نەهامەتی، پڕ لە ئازایەتیو جوامێری، پڕ لە هیواو نائومێدی، مێژووی ساڵانێکی پڕ لە رووناکیو پڕ لە تاریکی.

ئیسماعیل عوسمان بە هاوکاری رۆژنامەنووسی سویدی ماتیاس شیلین ئەم کتێبەی بەم ناونیشانە سەرنجڕاکێشەو بە سویدییەکی زۆر رەوانو جوان نووسیوە، هەڵبەتە هەندێك لە ئاوارەکانی دوورە وڵات بەسەرهاتی خۆیان نووسیوەتەوە، بەڵام هەر بە کوردیو بە پلەی یەکەم هەر بۆ خوێنەری کورد بوون ، نەك بە زمانی ئەو وڵاتانەی پەنایان بۆ بردوون. ئەم کتێبە لە سوید پێشوازییەکی زۆر باشی لێکراوە، چەندین گۆڤارو رۆژنامە بە باشی

لەسـەریان نووسـیوە، بەرنامـەی تەلـەفزیۆنی بـۆ سـازکراوەو نووسـەر خـۆی سیمینـارو کۆڕی زۆری لەبارەیـەوە ئەنجامـداوە، تەنانـەت کتێبخانـەی گشـتی سوید لە سەر ئەرکی خۆیان ئەم کتێبەیان کردووە بە کتێبی دەنگی.

کۆچ هەڵبژاردم کتێبێکی پـڕ فـرۆش بـووە لـە کتێبخانـەکانی سـویدو مـایەی ڕەزامەندی توێژێکی بەربڵاوی خوێنەران بووە. ئێستاش خۆشـبەختانە نووسەرو وەرگێڕێکی بەتوانا (حەکیم کاکـەوەیس) زۆر بـەجوانی بـۆ کـوردی وەریگێڕاوە، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد، لە کوردستان لە لایەکـەوە ئاگـاداری ئەوەبێ نووسەر چیی بە سویدییەکان گەیاندووەو لەلایەکی تریشـەوە نـەوەی ئێستاو داهاتوو وەڵامی ئەو پرسیارەیان دەست بکـەوێ کـە بـۆ ئـەو هـەموو پەرەسێلکەیەی وڵات لەو سەردەمانەدا کەوتنە بەر لێشـاوی کـۆچو هەنـدەران بوو بە نیشتمانی دووەمیان.

**عوسمان حەمەڕەشید گورون**
**سلێمانی/ نۆڤەمبەری/ ٢٠١١**

## پێشەکی چاپی سویدی

ئێستا نەوەیەکی کورد لە سوید پێگەیشتووە، کە هەندێکیان ناتوانن بە کوردی بخوێننەوەو زۆریشیان پێ خۆشە شتێ زیاتر لە بارەی مێژووی کوردەوە بزانن، بە تایبەتی مێژووی نوێو ئەوەی لە پشتەوەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆوەیە. باسی ئەنفالو ئەو کارەساتە جەرگبڕانەی تریان بیستووە کە لە مێژوودا بەسەر کوردی کوردستانی عێراقدا هاتوون، بەڵام ناتوانن هۆکارو ئەنجامەکانیان بزانن.

دەتوانین لە ڕێی ئەم نووسراوە ئاسانەوە باسی ئەو ڕووداوانە بکەین کە لە ساڵانی سەردەمی سەددام حوسێنی دیکتاتۆردا ڕوویانداوەو بیگەیەنینە ئەو نەوەیەی کە لە تاراوگە، لە سوید پێگەیشتووە.

تەنانەت خوێنەری سویدی ئاساییش، ئەگەر بیەوێ بزانێ لەو دەیان ساڵەی هەشتاکان بە دواوە چی لە عێراقدا ڕووی داوە، لەم باسەی ئێمەدا کە شایەدحاڵی ڕووداوەکانین، زانیاری دەست دەکەوێ، بە تایبەتی ئێستا کە ڕووداوەکانی عێراق لە ڕاگەیاندنەکاندا گەرمن.

کەسی سەرەکی ئەم کتێبە، ئیسماعیل عوسمان، بەرگریکەری ئەمەریکا نییە، بەڵام بۆچوونێکی زۆر ساکار باوی هەیە، گوایە هەرچی لە عێراقدا ڕوو دەدا، خەتای ئەمەریکایەو هەر دەڵێی هەموو هەڵەکان لە دوای داگیرکاری ئەمەریکاوە سەریان هەڵداوە. مەسەلەکە ئاوها نییەو دەمێکە عێراق

ولاتێکی سەر بە گۆبەندەو هەرچییەکی ئێستا ڕوو دەدا، لە هەشتاکانو پێش هەشتاکانەوە چێندراون. عێراق بەو شێوەو قەوارەیەی کە ئێستا هەیەتی، لە دوای یەکەم جەنگی جیهانەوە، بە زۆری زۆرداریی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە دروست کراوە. توندوتیژیو کوشتوبڕو جەنگ لە دژی دراوسێکانی، بەشێکی گرنگی مێژووی نوێی عێراقە.

نووسینی ئەم کتێبە شێوازی گێڕانەوەی هەیەو کەسی سەرەکی بەشداری ڕاستەوخۆی لە ڕووداوەکاندا کردووەو پێی چاکە گێڕانەوەکە بخرێتە سەر شێوەی کتێب.

وەك ئاسان نەبوو لە هەشتاکاندا، بەرهەڵستکاری ڕژێمێکی زۆرداری وەك ڕژێمی بەعسو زۆردارێکی وەك سەددام حوسێن بیت، ئاوهاش نووسین لە سەر ئەو ساڵانە ئاسان نییە. ڕووداوەکان زۆرو بەئازار بوونو هەندێ جار وشە نەبوو ببێتە کەرەسەی باسکردنیان. هەندێ جار وشە یاخی دەبوو یا بەشی باسکردنی ڕووداوەکانی نەدەکرد. لە بارودۆخی وادا، چارە نەدەما جگە لەوەی دووی هاندانی (وێرنەر ئاسپینستروێم)ی نووسەر بکەوین:

**چی ڕوودەدا: بنووسە!**
**ئەگەر وشە**
**وەك پەلەوەری کۆچەر بەرەو ولاتێکی تر دەستی لێ بەردای،**
**دەستی لێ بەردای،**
**بنووسە!**

**باسی ئەو وشانە بنووسە کە دەستیان لێ بەرداوی!**
**ئەگەر وشە گڕ بگرێ،**
**بە زمانی گڕگرتوو بنووسە**
**گەر تاریکیی هاتە ناو جەستەتەوە**
**باسی ئەو ڕووناکییە بنووسە کە لە دەرەوە چاوەڕوانە!**
**کات وەك چرکە خێرایە**
**لەو گیایەدا کە بە شەو گەشە دەکا**
**ئەو چرکەساتەش**
**خاوەنی باڵی پەپوولەییە**
**قورسایی بێ کۆتایی مێژووو**
**قورسایی خۆت**
**بنووسە!**

**ڕۆژانە، زۆر ئاوارەی هەمەسەرچاوەی جیاواز بە دەوروبەری خۆماندا دەبینین. زۆریان، مێژوویەکی دوورو درێژیان پێیە. چۆن ئەوانە گەیشتنە سویدو چیرۆکی ژیانیان چۆنە؟ زەحمەتە ئەو ڕەگانەی کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکدا دایکوتاون، هەڵکەندرێن‌و لە کۆمەڵگەیەکی زۆر جیاوازدا جێگیر بن. تێکەڵبوون ئاسان نییە. تێکەڵبوون، پرۆسەیەکی بەئازارەو لەم چیرۆکەدا باسی دەکەین.**

ئەم کتێبە باسی ئیسماعیل عوسمانی کوردە، کە لە کوردستانی عێراقدا گەورە بووە. دوای ساڵانێکی دوورو درێژ کارکردنی وەك بەرهەڵستکارێکی سەددام حوسێن، بۆ سوید هەڵات. لە سوید سەرکەوتووانە جیگیر بوو، ئێستا وەك وەرگێڕی زارەکی ڕەسمی کار دەکا.

ئەم کتێبە لە لایەن کەسی سەرەکی، ئیسماعیل عوسمانو ماتیاس شیلینەوە نووسراوەو لە سەرەتاوە گێڕانەوە بوو، دوایی چووە سەر شێوەی دەمەتەقێو دیدار.

کتێبەکە لە سەر شێوەی قسەکەری تاك نووسراوەو قسەکان قسەی ئیسماعیل عوسمانن، بە بۆچوونو هەستو تاقیکردنەوەوە تێکستەکە پێکدەهێنن. هەردوو نووسەر لە پشتەوەی تێکستەکەدانو خوێندنەوە هەمیشە سەفەرە.

سەفەرێکی خۆش!

ئیسماعیل عوسمان ماتیاس شیلین

## سالانی منداڵی

هەولێر شارێکی دێرینەو بەر لە سەردەمی هەموو پێغەمبەران هەبووەو بە درێژایی مێژووش ئاوەدان بووە. وا دادەنرێ کە کۆنترین شاری جیهان بێ کە هەتا ئێستا ئاوەدانە. نە کارەساتی سروشت توانیویەتی ئەو شارە لەناو بەرێ نە لەشکری تورکو عارەب ئەوەیان پێ کراوە، چونکە بە هۆی جیگەی جۆگرافییەوە، کە شاخێکی زۆر لەپشتیەوەیەتیو تەختانی زۆر لەبەردەمیدایە، بە باشی پارێزراوە.

ناوی ڕەسمیی شارەکە ئەربیلەو ئەوەش وشەیەکی ئارامییە، بەڵام هەولێر ئەو ناوەیە کە کورد بەکاری دێنن، بۆیە ئێمەش ئەو ناوەمان هەڵبژارد.

من لە کوردستانی عێراق، لە گوندێکی گەورەی سەر بە هەولێر هاتوومەتە دنیاوە. گوندەکە ناوی جدیدەلەك بوو، لە دەوروبەری سەد ماڵ پێکهاتبوو. ئەوەندەم زانیاری لە سەر چۆنیەتی دروستبوونی ئەو گوندە نییە، بەڵام وشەکە لە دوو بەش پێکدێ: جدیدە کە وشەیەکی عارەبییە واتە نوێ. (لەك)یش ناوی عەشرەتێکی گەورەی کوردەو لە کوردستانی ئێران نیشتەجێن. ئەگەر ناوەکە بکەیتە سویدی دەبێتە ئەو گوندە نوێیەی کە عەشرەتی لەك دایمەزراندووە. لەبەر ئەوە پیاو بۆ ئەوە دەچێ کە گوندەکە ئەوەندە کۆن نەبێو لە لایەن کەسانی سەر بەو عەشرەتەوە دامەزرابێ.

جدیدەلەك، کەوتۆتە دەشتاییەکی بەرینی خوار شاری هـەولێرەوەو هـەر وا بیسـت کیلۆمـەترێك لێیـەوە دوورە. لەبـەر ئـەوە پەیوەنـدی ڕۆژانـەی لەگـەڵ شارەکەدا هەبووە. ئەو گوندە گوندیکی زۆر جوان بوو بەڵام ئاوی، بە تایبەتی بە هاوینان، زۆر کەم بوو. دوای وەرزی باران، تاکە سەرچـاوەی ئـاو بیرەکـانی دەرەوەی گوند بوو. جدیدەلەك لە وەرزی باراندا زۆر جـوان بـوو، بـەهارانیش ئەوەندەی تر جوان دەبوو. هەمـوو ئەو دەشتانەی دەوروبـەری گوندەکـە دەبـووە ڕایەخی سەوزو چەندین جۆرە باڵندە ڕوویان تێ دەکردو زۆر بابەتە ڕووەك کـە بۆ خۆراك بەکار دەهێندران، لێی دەڕوا. ئەگەر نەشڵێم ژیانی هەمـوو، ژیـانی زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی گوندەکـە لـە سـەر کشـتوکاڵو ئاژەڵـداری، مـەڕو مـانگا بـوو. هەنـدێکیان کـاری پیشـەیی دەسـتیان ئـەنجام دەدا، بـەڵام ئەوانە زۆر نەبوونو لەوانە هەبوو خەریکی جۆلایی بوونو کلـێم بـەڕەو قـاڵی بچووكو لبادیان دەچنیو دروست دەکرد. ئەوانە جاجمیشیان دەچنی کە ساف لە خوریی بوو، لە زستاندا گەرموگوڕ بـوو. داپـیرەو بـاپیرەی مـنـیش وەرزێـر بوون.

جگە لە دایکی باوکم، نەنكو باپیرەکانم نەدیتوون، چـونکە مـن دوابـەرەی خێزانەکە بووم. داكو بـابم خـەڵکی ئـەو ناوچـەیەنو لـە بـەر ئـەوەی سـەر بـە عەشـرەتی لـەکنو ئـەو عەشـرەتەش لـە ناوچـەکانی دەوروبـەری کرمـاشـانی کوردستانی ئێران نیشتەجێن، ڕێی تێ دەچێ بنەماڵەکـەمان لـەوێوە هـاتبن. لە نێوان کرماشانو هەولێردا، زۆر گوند بە ناوی لەکەوە هەن.

باوكم مەلای ناوچەكە بوو. بە هۆی زانستەكانیەوە، ئیمامێكی ڕێزلێگیراو بوو. ئەو دەمە ئاینو سیاسەت ئەوەندە تێكەڵاو نەدەكرانو دوو شتی تەواو جیاواز بوون. بۆ ئەوەی پیاو ببێتە مەلایەكی ڕێزلێگیراو، زانستێكی زۆری ئاینی پێویست بوو. باوكم مەلایەكی دانپێدانراوی لەو جۆرە بوو. زۆربەی ئەو كتێبانەی كە باوكم كۆی كردبوونەوە، كتێبی ئاینیی بوون، بەڵام كتێبی كۆنی ئەدەبی كوردیو فارسیشیان زۆر تێدا هەبوون. بە بیرم دێ، كە زۆر منداڵ بووم، تەمەنم شەش حەوتساڵان بوو، دەمزانی مەلای جزیریو ئەحمەدی خانی دوو شاعیری گەورەی كوردن. یا، بۆ نموونە، دەمزانی سەعدی شیرازیو حافز دوو شاعیری گەورەی فارس بوون. جگە لە ئاین، زۆربابەتی تری ئەدەبیش دەخوێنەدران، بە تایبەتی ئەدەبی كلاسیكو فەلسەفەی دروستبوونی كەونو سوكراتو پلاتۆن (ئیفلاتون)و یۆنانییە كۆنەكانی تر.

دایكم خانمی ماڵەوە بوو. ژنیكی نەخوینەدەوار بوو، بەڵام زۆر ژیر بوو. كێشەی تەندروستی هەبوو. كە خەریكی نوێژو دوعا دەبوو، بۆ خۆی نەدەپاڕایەوە. هەمیشە بۆ منداڵەكانی دەپاڕایەوە تا خودا تەندروستو بەختەوەریان بكا. ژیانی خۆی لە منداڵەكانیدا دەبینی. وەها دەستبەرداری خۆویستیی ببوو، هەندێ جار بیر دەكەمەوە مرۆ چۆن دەتوانێ وا بێ.

## بۆچی زۆر جوان نەبووم؟

بەهیییەی خوشکم لە کۆتاییەکانی ژیانیدا باسێکی سەرنجڕاکێشی لە بارەی دایکمەوە بۆ گێڕامەوە. بە گاڵتەوە لێم پرسی ئاخۆ بۆچی لەوەی هەم جوانتر نەبووم. من هەرگیز کێشەم لەگەڵ سیمای خۆمدا نەبووەو پێم وایە مرۆ وەك هەیە، ئاوها جوانە. بەڵام ئەو بە دەنگێکی پڕ باوەڕەوە وەڵامی دامەوەو گوتی دایکم وەهای ویستووە.

پێش من، دایکم کوڕێکی بووە ناویان لێ ناوە ئیبراهیم. ئەو کوڕە زۆر جوان بووە. ڕۆژێکیان خستوویەتیە سەر پشتی ئەسپێك‌و بردوویەتیە دەرەوەی گوند. پیرەژنێك لە ڕێ تووشیان دەبێ‌و تەماشا دەکاو دەڵێ: "چ کۆرپەلەیەکی جوانە وا لە ئێستاوە بە سەر پشتی ئەسپەوەیە!" هەر لە دوای ئەوەدا ئەوبرایەم، کە تەمەنی سێ ساڵ بوو، مرد. لەو دەمەدا تەندروستی زۆر باش بووەو هەموو دانیشتوانی گوندەکە باوەڕیان وا بوو کە بە نەفەسەوە بووە.

شەوێکیان دایکم لە خەونیدا پێیان گوتبوو ددانێکی زێڕی کەوتووە (ئەو دەمە ئاسایی بوو خەڵکی کیفی زێڕیان بۆ ددانیان دەکردو پێیان دەگوت ددانی زێڕ) بەڵام بەو زووانە ددانەکەی دێتەوە. کە لە خەو بەئاگا هاتبۆوە، لە خودا پاڕابۆوە کوڕێکی پێ بدا بەڵام ئەمجارەیان وەك ئەوی دی جوان نەبێ ــ تا چاوی پیس رووی تێ نەکا... ئەوجا من لەدایك بووم. خوا نیوەی دوعاکەی قەبووڵ کرد. کوڕ بووم‌و جوانیش بووم ـ بەڵام نەك زۆر جوان!

که من لەدایك بووم، باوکم لە تەمەندا لە سەرەوەی پەنجا ساڵ بوو، من بچووکترین منداڵی خێزانەکە بووم. دایکیشم لە سەرەوەی چل ساڵی، یا شتێکی لەو دەورە بوو. دایکم، بە هەمووی دە منداڵی بوو، لەوانە سیانیان، کیژێكو دوو کوڕ، هەر بە منداڵی مردن.

ئێمە حەوت خوشكو برا بووین ـ سێ براو چوار خوشك ـ کە پێکەوە لە ماڵەوە گەورە بووین، بەڵام جیاوازی تەمەن لە نێوان ئەو خوشكو برایانەدا زۆر زۆر بوو. خوشکە گەورەکەمو برا گەورەکەم ساڵانێکی زۆر لە من گەورەتر بوون.

ساغکردنەوەی ئەو ساڵەی کە من تیایدا لە دایك بووم، ئاڵۆزە. ئێستاش وەڵامم بۆی نییەو هەندێ جار یا زۆربەی جار کە لە لایەن خاوەن کارەوە، یا لە سیاسەتدا بیرم دەخرێتەوە ئاخۆ تەمەنم چەندە یا چەند ساڵم، بیری لێ دەکەمەوە.

ساڵی لەدایکبوونم ١٩٦٤ تۆمار کراوە. بەڵام پێ دەچێ ١٩٦٠ یا ١٩٦١ لەدایك بووبم. لە بیرمە دەمەتەقێ لە نێوان دایکمو باوکمدا، لە سەر ساڵی لەدایکبوونم بەرپا دەبوو. ڕەنگە شتێکی سەیر بێ مرۆ نەزانێ منداڵەکەی لە چ ساڵێکدا لەدایکبووە. بەڵام ئەگەر پیاو بزانێ شتی گرنگتر هەبووە بیری لێ بکەنەوە ، سەرسامبوونەکە نامێنێ ـ کە پیاو لە ژیانی خۆی بترسێو شەڕی ناوخۆ بەر دەرگای پێ بگرێ، گرنگ مانەوەیە نەك چ ساڵێك لە دایك بووە.

که چوومه قوتابخانه، ڕەنگه هەر شەش ساڵان بـووبم. لـه بیرمـه حـەزم لـه قوتابخانه دەکرد. هەمـوو بەیانیان مـنداڵانم دەدی به جانتاو کتێبەوە دەچـوونە قوتابخانه. به باوکمم ڕاگەیاند که حەز له قوتابخانه دەکەم. بەڵام ئەو دەیگـوت هێشتا زۆر بچووکیت‌و جارێ چاوەڕوان بە. جارێکیان لەگـەڵ باوکمـدا باسـی قوتابخانەمـان دەکرد، دەستم به گریـان کـرد. بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـە لـەوێ بوو، له باوکمی پرسی: ئەوە بۆچی دەگرییێ؟ بـاوکم وڵامـی دایـەوە: دەیـەوێ بچێتە قوتابخانەو مـنیش دەڵێم هێشتا بچووکیت. باوکم نەیدەزانی ناردنم بـۆ قوتابخانه، بـەو بچـووکییە، شـتێکی باشـه یـا خـراپ. دەترسـا لـه قوتابخانـه ئاسوودە نەبم‌و پێشکەوتن به دەست نەهێنم‌و کاریگەری پێچەوانەی لـه سـەرم هەبێ‌و تووشی ترسی قوتابخانه ببم.

بەڕێوەبەرەکە گوتی: دەتوانین شتێکی تر بکەین. بۆ باوکمی پێشنیاز کرد یەك دوو حەفتە به بێ ئەوەی وەك قوتابی تۆمـار بکرێم، بمنێرێ تا بزانین چۆن دەبێ. ئەگەر حەزی لێ کردو پێشکەوتنی بـه دەسـت هێنـا، ئـەوجا تۆمـاری بکەن، دەنا بێمەوە ماڵێ‌و ساڵێکی تر تۆمار بکرێم. بـاوکم سوپاسـی کـردو بیرۆکەکەی به دڵ بوو.

لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەدا چوومه قوتابخانەو ئاوها دەسـتم پـێ کـرد. بـۆ مـن ئاسان بوو چونکه هەمـوو مـنداڵەکانی ترم دەناسـین. لـه قوتابخانـه زۆر بـاش بووم. قوتابخانەکه له ناوەنـدی گوندەکـه بـوو، هـەر وا ده پـانزه مـەترێك لـه ماڵەکەمانەوە دوور بوو. له بـەر ئـەوە بـوو مـنداڵـەکانم دەدیـت‌و پـێم وا بـوو

چوونە قوتابخانە زۆر خۆشە. لە بیرمە دوای چەند مانگێك بەڕێوەبەرەکە ناوی تۆمار کردم.

منداڵ هەر لە پۆلی یەکەمەوە شادەی پێ دەدراو من پلەی باشم هێنا، چونکە لە خێزانێك بووم کتێبی تێدا بوو، کاتێ باوکم وانەی بە قوتابییەکانی دەگوت، هەر لە منداڵیمەوە لەگەڵیدا دەبووم. ئەگەر مرۆ بەردەوام گوێ بگرێ، فێر دەبێ. گوتەیەکی پێشینان هەیە دەڵێ ئەگەر منداڵێك لە پەرستگەی بوودیەکان دانیشێ، هەر بە گوێگرتن (سووترا) لەبەر دەکا.

لە قوتابخانە بەردەوام بووم بەڵام هەتا شەشیشم تەواو کرد، ناسنامەیان بۆ دەرنەکردمو لە نفووس تۆمار نەکرابووم.

دوای ئەوە سێ ساڵ چوومە قوتابخانەی ناوەندی، لە بیرمە کە بەڕێوەبەری ناوەندییەکە داوای لێ کردم دەفتەر نفووس دەربێنم تا بە ڕێکوپێکی لە لایان تۆمار بکرێم. بۆ لای باوکم چوومە ماڵەوەو پێم گوت دەبێ دەفتەر نفووس دەربێنم. ئەویش براکەمی نارده نفووس بۆ ئەوەی تۆمار بکرێم. بۆ ئەوەش دەبوو وێنەم هەبێو وەرەقەیەك پڕ بکەینەوەو ئیمزای بکەین. باوکم بە براکەمی گوتبوو ساڵی لەدایکبوونم بکاتە ١٩٦٢ بەڵام لە دەمەتەقێی نێوان براکەمو فەرمانبەرەکەدا ١٩٦٤ تۆمار کرا .

کە دەفتەر نفووسەکەم وەرگرت، ١٩٦٤ تۆمار کرابوو. ئەو دەمە زۆرم بیر لێ نەدەکردەوە بەڵام دوایی کە چوومە ئامادەییو دواتر چوومە زانکۆی بەغدا، نەختێ بۆم بووە مایەی کێشە. کاتێ سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ خوێندنی

زانکۆم تەواو کرد بە پێی ناسنامە کە ١٩٦٤ تۆمار کرابوو، تەمەنم ١٩ ساڵ بوو. ئەگەر چوار ساڵی زانکۆو سێ ساڵی ئامادەیی‌و سێ ساڵی ناوەندی‌و شەش ساڵی سەرەتاییم خوێندبێ کە دەکاتە ١٦ ساڵ دەبێ لە تەمەنی سێ ساڵاندا دەستم بە خوێندن کردبێ‌و ئەوەش مەحاڵە. کە دەستم بە خوێندن کرد، دەبێ بە لای کەمەوە پێنج ساڵان بووبم.

## ماڵێکی میواننەواز

ماڵەکەمان لە زۆر ڕووەوە، لە گوندەکەدا جێی کۆبوونەوەی خەڵك بوو. دەبوو باوکم وەڵامی پرسیاری چۆنیەتی نوێژکردنو ڕۆژووگرتنو پرسیاری ئاینی لەو بابەتانە بداتەوە. باوکم، وانەی بەو فەقێیانەش دەگوتەوە کە دەیانویست ببنە مەلا. ئەوجا باوکم جێی ڕێزیش بوو، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی دادوەرێکی سەربەخۆی بێ دادگا بوو. خەڵك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەهاتنە لایو ئەویش بۆچوونی خۆی پێ ڕادەگەیاندن. مەرج نەبوو بڕیارەکانی جێبەجێ بکرێن، چونکە دەزگای جێبەجێکردنی نەبوو. بەڵام قسەکانی گوێیان لێ دەگیرا. هەمیشە هەوڵی دەدا پەیوەندی نێوان خەڵکەکە خۆش بێو یەکتر قەبووڵ بکەن.

من زۆر شت لە باوکمەوە فێر بووم. جگە لەوەی چەندین ساڵ شانبەشانی خوێندنی قوتابخانەم وانەی ئاینو ئەدەبم خوێند، عارەبییەکی باشیش فێر بووم چونکە وانەکان عارەبی بوون. فێری پشوودرێژی بووم. ئەو دەیتوانی چەندین سەعات لەگەڵ منداڵێکدا یا لەگەڵ پیرەژنێکدا یا هەر کەسێکدا دانیشێ. هەرگیز ئەوەی بەلاوە باس نەبوو ئەوەی دەهاتە لای، کورد بوو یا عارەب، دەوڵەمەند بوو یا هەژار، ژن بوو یا پیاو. باوەڕی وا بوو کە هەموو کەسێ خەلقەندەی خوایەو کەسێ خوا ڕۆحی پێ بەخشیبێ، دەبێ ڕێزی بگیرێ.

چێشتخانه لـه گونـدی وەك جدیدەلەکـدا نییـه. ئەگـەر کەسـێ لـه کـاتی نیوەڕۆژە یا شێودا بە سەفەر بەوێدا ڕەت بوایە، دەچوو لـه دەرگایـەکی دەداو فەرمووی نانخواردنی لێ دەکراو بـه شـێوەیەکی ئاسـایی لەگـەڵ ئەنـدامانی خێزانەکەدا نانی دەخوارد. ئەو جـۆرە کەسـانە، بـه عـادەت ڕوویـان لـه مـاڵـه پایەدارەکان دەکرد.

باوکم هەمیشە دەیگوت: ئەگـەر کەسـێ ڕووی لـه مـاڵمـان کـرد، بـه بـێ ئەوەی لێی بپرسین ئاخۆ چ ئاینێکی هەیە، دەبێ نانی بدەینێ. لەبـەر ئـەوەی خـودا ڕۆحـی پـێ بەخشـیوە، ئـەرکی سـەر شـانمانە خـۆراکی بـدەینێ. نـابێ پرسیاری ئاینو باوەڕی لێ بکـرێ. منـیش وەك ئـەوم لـێ هـات. کـه لەگـەڵ یەکێکدا قسەم کردبێ نەمپرسیوە ئاخۆ هەژارە یا دەوڵەمەند، پلەوپایـەی لـه کۆمـەڵگادا هەیە یا شتێکی تر. پێش هەموو شتێك وەك مرۆ تەماشای مرۆ دەکەم. شتی تر دوای ئەوە دێ. ئەوە لە باوکمەوە فێر بووم.

## پاشەڕۆژ مەلایەتییە

بۆ ڕێزلێنانو پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، لەو سەردەمەدا زانیاری ئاینیی بڕیاردەر بوو. باوکم، هەمیشە هیواخواز بوو یەکێ لە کوڕەکانی ببێتە مەلاو جێی بگرێتەوەو کتێبەکانیشی بپارێزێ. هەمیشە ئەوەی پێ دەگوتین کە یەکێکمان کتێبخانەکەی بپارێزین. بەڵام براکانم قەبووڵیان نەکردو چوونە قوتابخانەی ئاسایی‌و بوونە مامۆستا. دواهیوای ئەوە بوو من ئەوە بکەم. بە ئاگاییەوە هەوڵی لەگەڵدا دەدام. لە بەر دەستیدا، ئاینو ئەدەبم زۆر خوێند. هەر لە تەمەنی هەشت نۆساڵیمەوە لە دیدارەکانیدا لەگەڵ مەلاکانو دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەدا ئامادە دەبووم. پێم وابێ هەوڵی دەدا لە سەر ئەو ڕۆڵە ڕامبهێنێ. سەرنجم دەدا دەیویست زانیاریم پێ بداو بە پراکتیك لەگەڵیدا بەشدار بم. شێوازی بیرکردنەوەی ئەو سەردەمە، هەم چاکەی تێدابوو هەم خراپە. چاکەکەی ئەوە بوو کە بە خۆڕایی، زۆر شتی باشی وا فێربووم کە ئێستاش بەکاریان دێنم. بەڵام لە هەمان کاتدا ژیانێکی منداڵانەم نەبوو تا لەگەڵ منداڵاندا گەمان بکەم. بەشێوەیەك لە شێوەکان دڵم ئەوەی دەخواست.

لە کۆمەڵگایەکی ئاوها پارێزگارداو کوڕی پیاوێکی ئاوها بیت، دەبێ جیاوازی خۆت لەگەڵ منداڵانی تردا ڕاگری. ئەوەندە ئازاد نەبوومو زۆر جار ئاواتەخواز بووم وەك منداڵانی تری گوندەکە ڕەفتار بکەم. ئەگەر بمویستبا لەگەڵ منداڵانی تری گوندەکەدا گەمان بکەم، خەڵکی گوندەکە بیریان دەخستمەوە کە من کوڕە مەلامو دەبێ لە منداڵانی تر باشتر بم. پەیوەندی

براكانم لەگەڵ باوكمدا زۆر باش بوو، بەڵام بڕیاری گردەبڕیان دابوو ببنە مامۆستاو توخنی مەلایەتی نەكەون.

قوتابخانەی گوندەكەمان گەورە بوو. ئەگەر بڵێین گوندەكە سەد ماڵ بوو، هەر ماڵەی چەند منداڵێكیان لە تەمەنی قوتابخانەدا هەبوو. زۆرینەی مامۆستاكانمان ئامادەییان تەواو كردبوو، دوای ئەوە چووبوونە خانەی مامۆستایانەوە. بەڵام هەندێكیشیان هەبوو كە خەتی مەلایەتییان بەردابوو، بە هۆی كەمیی مامۆستاوە كرابوونە مامۆستا. كاتێ سستەمی عێراق بووە كۆماریی، حكوومەت بڕیاری دا ئەوانەی مەلایەتییان خویندووەو دەیانەوێ ببنە مامۆستا مەعاشی مانگانەیان پێ بدرێ. زۆر كەس بە دەنگی ئەو بانگەوازەوە چوون.

لە قوتابخانە، سێ جۆرە مامۆستامان هەبوو. جۆرێكیان ڕێزی قوتابییانی خۆیانیان دەگرتو وایان هەست دەكرد كە ئەركی سەر شانیانە منداڵەكان فێر بكەن. ئەوانە، ڕەفتاریان لەگەڵ منداڵاندا باش بوو. جۆرێكی تر لە مامۆستاكان پەیوەندی كۆمەڵایەتییان لەگەڵ منداڵەكاندا نەبوو. ئەوانە، دەچوونە پۆلەكانەوەو وانەكانیان دەگوتو دەڕۆیشتن. ئەمانە نەیاندەویست پەیوەندی لەگەڵ منداڵانو دایكو باوكی منداڵەكاندا دروست بكەن. ئەو دوو جۆرە مامۆستایە، هەرگیز توندوتیژییان بەكار نەدەهێنا. دەكرا لە بارەی هەموو شتێكەوە قسەیان لەگەڵدا بكرێ.

جۆری سێیەمی مامۆستاکان خۆیان لە خەڵکی تر بە گەورەتر دەزانیو نەختێ ئاڵۆز بوون. هەندێ جار توندوتیژیشیان بەکار دەهێنا. من لەگەڵ مامۆستاکاندا کێشەم نەبوو چونکە دەوامم دەکردو بە باشترین شێوە ئەرکی خۆمم بە جێ دەگەیاند.

## ئەو مامۆستایەی کە لێیدام

مامۆستایەکمان لە قوتابخانەدا هەبوو کە زۆر ئالۆز بوو. دەیویست لە هەموو منداڵەکان بداو بۆ ئەو مەبەستەش لە بیانوو دەگەڕا. کێشەکە لەوەدا بوو کە مامۆستا لە ناو کۆمەڵگادا زۆر ڕێزی دەگیراو هەرگیز دایك‌و باوك نەیاندەپرسی ئاخۆ بۆچی لە منداڵەکەیانیان داوە.

ئەو مامۆستایە، لە هەموو منداڵانی قوتابخانەکەی دابوو جگە لە من کە بە باشی ئەرکی خۆمم بەجێ دەگەیاند. جارێکیان قوتابییەك کە ناوی شوکور مام بەکر بوو، زۆر بە جوانی ئەرکی قوتابخانەی نووسیبوو، نازانم کێ بۆی نووسیبۆوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە من بۆم نەنووسیبۆوە. مامۆستاکە لێی دەداو لێی دەپرسی ئاخۆ کێ بۆی نووسیوەتەوە. ئەویش گوتی ئیسماعیل ئەوەی بۆ کردووم. دەستی پێ پان کردمەوەو هەشت داری دا بە ناو هەردوو لەپمدا. لە بیرمە، ماوەی یەك حەفتە هەردوو دەستم ئاوسابوون. ئێستاش نەمزانی کێ ئەرکەکانی شوکوری نووسیبۆوە.

باوکم ڕێزی لە مامۆستاکان دەگرت‌و نەیدەویست پلەیان بۆ دابنێ. بەڵام جارێکیان مامۆستاکان ویستیان بچنە لای، بەڵام باوکم زۆر لەوە دوودڵ بوو پێشوازی لەو مامۆستایە بکا کە لێی دابووم.

مرۆ هەندێ ڕووداوی لەو جۆرەی لەبیر دەمێنێ، چونکە دەگمەن‌و توندن. ماوەی دوو ڕۆژ بە هۆی ئەوەوە نەمتوانی هیچ بنووسم. بەڵام لە ماوەی ئەو

دوو ڕۆژەدا ئـابڕووی مـامۆسـتاکەم لـە قوتابخانـەدا بـرد. هـەر مـامۆسـتایەك دەهاتـە پۆلەکـەوەو دەیویسـت شـتێ بنووسـم، دەسـتم پیشـانی دەدا. کـە دەیانپرسـی بۆچـی نـاتوانم بنووسـم، دەمگـوت بـە هـۆی لێـدانی ئـەو مـامۆستایەوە ناتوانم. دەیانزانی مـن قوتابییەکی لاسار نەبوومو کە گـوتم بـە تۆمـەتی ئـەوە لێـی داوم گوایـە نووسـینم بـۆ ئـەو قوتابییـە ئـەنجام داوە، مـامۆستاکان لەگەڵ ئەو مـامۆستایەدا قسەیان کردبوو.

## عەیشۆك  ژنە دوكانداری گوندەكە

بیرەوەری سەردەمی منداڵیم لە بارەی كەسانی گوندەكەمانەوە زۆر زۆرە. یەكێ لەوانەی ڕەگوڕیشەی لە بیرەوەریمدا داكوتاوە عەیشۆكە، كە دوكانداری گوندەكە بوو. عەیشۆك منداڵی زۆری هەبوونو مێردەكەی لە بەغدا كرێكاری دەكرد. بەڵام مێردەكەی لە ڕووداوێكدا گیانی لە دەست دا.

عەیشۆك بڕیاری دا خۆی سەرپەرشتی خێزانەكە بكاو بەڕێوەیان ببا. یەك جار لە بری خوێنی مێردەكەی هەندێ پارەی لە خاوەن كارەكە وەرگرتو بەو پارەیە خانووەكەی چاك كردو لە ماڵەكەی خۆیدا دوكانێكی دانا. بیرۆكەیەكی ساكار بوو، دوایی سەركەوتنی بە دەست هێنا. دەچووە شارو میوەو زەخیرەو هەموو پێداویستییەكانی ماڵی دەهێنانو لە دوكانەكەیدا دەیفرۆشتن.

خەڵك، بە دوو جۆر شتەكانیان لێ دەكڕی، یا بە پارە یا بە گۆڕینەوە. دەكرا گەنمو جۆ لە بری میوەو شتی تر بدەن. كەرەسەی گۆڕینەوە، هەمیشە گەنمو جۆ بوو. عەیشۆك نەخوێندەوار بوو بەڵام زۆر زیرەك بوو. هەمیشە عەیشۆكم وەك یەكەم ژنی دوكانداری گوندەكە لە لا بەرز بوو.

## برایمه کۆر

کەسێکی تایبەتی تر لە گوندەکەدا کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە، برایمە کـۆر بـوو. ئـەو پیـاوە چـاوی زۆر کـز بـوون‌و تەمــەنی حـەفتا سـالٚ دەبـوو، بـەلاّم تەندروست بوو، هەمیشە لە دەرەوەی گونددا دەبیندرا.

برایمە کۆر، مەگەر هەر خوا بزانێ چەندی جگەرە دەکێشا. قەت پێویستی بە تەپلـەکی جگـەرە نـەبوو چـونکە هەمیشـە سـوتووەکەی دەخـوارد. زۆر بـە ساکاری، سووتوەکەی لە ناولەپیدا دادەنـاو دەیهاویشـتە دەویـەوەو دەیخـوارد. ئەو پیاوە کەسی لە دوورەوە نـەدەبینی‌و منـیش چاودێریم دەکـردو دەمـدیت چۆن سووتووی جگەرەکانی دەخوارد. ئەو خووە دەگمەنە، هەرگیز لێی نەبووە هۆی نەخۆشی.

بۆ خوێندنی ئامادەیی چوومە هـەولێرو لـەوێ، لـە مـالٚی بـرا گەورەکـەم گیرسـامەوە. دوای ئـەوە، کـە ژیـان لـەو گونـدەدا سـەختتر بـوو، هـەموو خێزانەکـەمان گواسـتیەوە بـۆ ئـەو شـارە. بـاوکم لـە مزگـەوتێکی هـەولێردا بەردەوامیدا بە کارەکەی خۆی، وەك مەلا. دیارە جیاوازییـەکی زۆر لـە نێـوان گوندەکـەو شـاردا هـەبوو بـا گوندەکـەش گـەورە بـووبێ. بـۆ منـیش گۆڕانکارییەکە گەورە بوو.

لە دەمی خوێندنی ئامادەییدا پەیوەنـدیم لەگـەلٚ هەنـدێ بـرادەردا پەیـدا کرد کە بنەمالّەیان زۆر لە بواری سیاسەتدا چـالاك بـوون. لـە ڕێـی ئەوانـەوە پەیوەندی سیاسی کوردیم بۆ دروست بوو.

کە لە ناوچە کوردییەکاندا گەورە بووم، هەستم بە جیاوازی نێوان کوردبوونو عەرەببوندا نەدەکرد، بە تایبەتی لە هەولێرو ئەو ناوچانەی دانیشتوانیان یەکجۆر بوون.. خەڵکەکە لە زۆرینەی کوردو کەمینەی تورکمانو تاکوتەرای عارەبی فەرمانبەر پێکهاتبوون. ئەو دەمە، خەڵك بیریان لەو شتانە نەدەکردەوە. بەڵام کە چوومە بەغدا چەوساندنەوەکەم بە تەواوەتی لێ عەیان بوو.

لە ساڵانی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٤ ڕێکەوتنی خودموختاری هەبوو، هەولێر لە ناوچەی ئەو ڕێکەوتنەدا بوو، ئەو سەردەمە بارودۆخ زۆر خراپ نەبوو. بەڵام دوای ئەوەی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٧٥ شکستی هێنا، ئیدی بارودۆخەکە تا دەهات خراپتر دەبوو.

دیارە باشتر بوو لە هەولێر بژیی نەك لە بەغدا، چونکە پیاو کە خێزانو برادەرەکانی لەوێ بوون، پارێزراوتر بوو. دیارە دایكو باوکم بەوە نائارام بوون بچمە بەغدا بەڵام لەبەر ئەوەی باشترین جۆری خوێندن لەوێ هەبوو، هەموو خێزانێك پێی باش بوو منداڵیان لە بەغدا بخوێنێو تەنها ئەوانەی بەرزترین نومرەیان هەبوو لە زانکۆی بەغدا وەردەگیران. ئەو دەمە سێ زانکۆ لە بەغدادا هەبوونو زانکۆیەکیش لە شاری سلێمانی کوردنشیندا هەبوو، لەوێش ڕاپەڕین ڕووی داو زانکۆکەش داخرا.

خوشكو براکانم تێکەڵی سیاسەت نەدەبوونو لە شوێنی خۆیاندا، لە هەولێر مانەوە. زۆر لە ژێر کاریگەری بارودۆخەکەدا بوونو خزمەتی

سەربازییان ئەنجام دا بەڵام تێکەڵی سیاسەت نەبوون. ئێمەی سەر بە نەوەی گەنجتر، زۆر جار گاڵتەمان دەکردو دەمانگوت ئێمە سەر بە نەوەی دۆڕاوین.

## بارودۆخی ترسناکی کورد

لە سەرەتای ۱۹۷۰کانـدا حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار بەرەیەکی لەگەڵ پارتی کۆمۆنستی عێراقیدا کردەوە. بەعسی دەسەڵاتدار دۆستی ڕۆژاوا بوو بەڵام بە هۆی پارتی کۆمۆنستو بەرەکەیانەوە بە دۆستی سۆڤیەتیش لە قەڵەم دەدرا. سەددام حوسێنی سەرکردە، بەو شێوەیە ڕۆژاواو سۆڤیەتیشی خەڵەتاندن.

ئەو دەمە بەعسی دەسەڵاتدار ناچار بوو لە سەر ئۆتۆنۆمی گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکاندا بکا، ڕێکەوتننامەیەك، کە پێی دەگوترا ڕێکەوتننامەی ۱۱ی ئازار، هاتە کایەوە. لە کۆتایی ۱۹٦۹و سەرەتای ۱۹۷۰ گفتوگۆ لە نێوان حکوومەتی بەغداو بزووتنەوەی کورددا، کە مستەفا بارزانی سەرکردەی بوو لە ئارادا بوو. ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە ڕێکەوتنێکی ئاشتیانە بوو ناوی ڕێکەوتنی ۱۱ی ئازاری ۱۹۷۰ی لێ نرا.

بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە، دەبوو کوردەکان لە ناو سنووری عێراقدا کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن. لە هەمانساڵدا، پێنج کوردی سەر بە پارتی

دیموکراتی کوردستان پێنج پۆستی وەزارەتیان لە حکوومەتی بەغدا وەرگرت. بڕیار بوو ڕێکەوتننامەکە لە ماوەی چوار ساڵدا (١٩٧٠ ـ ١٩٧٤) جێبەجێ بکرێ، بەڵام حیزبی بەعس بە هاوپەیمانی پارتی کۆمۆنست لە ڕێکەوتننامەکە ژیوان بووەوەو لە بری جێبەجێکردنی، لە سەرەتای ١٩٧٤دا هێرشی کردە سەر کورد.

ئەو دەمە کوردەکان پشتگیریی ئەمەریکایان هەبوو. ئێرانیش ببووە دەروازەیەك بۆ تێپەڕاندنی چەكو پەیوەندیکردن بە ڕۆژاواو جیهانەوەو سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران دەستی باڵای لە مەسەلەکەدا هەبوو. کێشەکە ساڵێکی خایاندو بۆ سەددام حوسێن خەمێکی گەورە بوو. کوردەکان زۆر بەهێز بوونو دەوروبەری سەد هەزار پێشمەرگەیان هەبوو. لە ناوچە کوردییەکانی عێراقدا خەباتیان بۆ ئەوە دەکرد عێراق دیموکراتی بێو کورد خۆی لە چوارچێوەی عێراقدا، خۆی بەڕێوە بەرێ.

لەبەر ئەوەی زۆربەی نەوتی عێراق لە کەرکوك بوو، عێراق لەوە دەترسا کورد لە ناوچەکەدا دەسەڵاتی زۆرتری هەبێ. لە ئەنجامدا، دوای یەك ساڵ، ئەو ڕژێمە لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥دا ڕێکەوتنی لەگەڵ شای ئێراندا ڕاگەیاند. سەددام حوسێن، بە دەڵاڵی هەواری بۆمیدیەنی سەرۆکی جەزائیرو هاوکاری هێنری کێسینگەری وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمەریکا، لە جەزائیر، چاوی بە شا کەوت. لە بەر ئەوە، ڕێکەوتنەکە ناوی ڕێکەوتنی جەزائیری لێ نرا.

زەقترین لایەنی ڕێکەوتنەکە ئەوە بوو ئێران لە سنوورەکانی خۆیەوە دەست لە هاوکاری کورد هەڵگرێ، بەرانبەر ئەوەش عێراق شەتی عەرەب، کە لە ناو سنوورەکانی خۆیدا بوو، لەگەڵ ئێراندا بەشبکا. لەو دەمەوە، هێنری کێسینگەر بەدناوترین ئەمەریکییە لە لای کوردەکان. لە ڕاستیدا هێنری کێسنگەر پلاندانەری ڕێکەوتننامەی جەزائیر بوو، کە تیایدا دەستبەردان لە شەتی عەرەب توانای بە سەددام حوسێن دا کورد تێکبشکێنێ. ئەو، پێچەوانەی جۆرج بووش بوو کە لە ناو کوردەکاندا خۆشەویستترین ئەمەریکاییە، کە سەددام حوسێنی ڕووخاند.

ئەو ڕژێمە، لە ماوەی یەك ساڵی شەڕدا بە توندی لە کوردەکانی دا. دوای پەیماننامەی جەزائیر، سەرکردە کوردەکان ناچار بوون ئاڵای سپی هەڵبکەنو خۆ بە دەستەوە بدەن. چ پێشمەرگە بە شاخەوە نەماو چرای هیوا کوژایەوە.

سەرکردە کوردەکان بەرگرییان نەکرد. کوردستانیان بەجێ هێشتو ڕوویان لە هەندەران کرد. سامی عەبدولڕەحمانی سەرکردەی پێشووی حیزبەکەی من، کە ئەو کاتە لەگەڵ سەرکردەکاندا بوو، دواتر بۆی باس کردم کە سەرکردە کوردەکان لە هەندەران، ئەوەندەی لە خەمی جۆری پەردەی ماڵەکانیان بوون، لە خەمی چارەسەری کێشەی کورددا نەبوون. بەڵام دوای یەك دوو ساڵ، سەرلەنوێ جووڵانەوە لە ناوچەکەدا دەستی پێ کردو حیزبە کوردیەکەی جاران پارتی دیموکراتی کوردستان وەخۆ کەوتو گەڕایەوە کوردستانی عێراقو بنکەی لێ دامەزراند. ڕێکخراوێکی تریش بە ناوی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دامەزرا ، ئەوەش هەمان ئەو حیزبەیە کە جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی ئێستای کۆماری عێراق سەرکردایەتی دەکات.

دوای ئەوەی کوردەکان بێدەنگ کران، سەددام حوسێن کەوتە گیانی کۆمۆنیستەکان، ئەگەرچی لەگەڵ حیزبی بەعسدا هاوپەیمانیش بوون. ساڵانی ١٩٧٨و ١٩٧٩ بەشێکی زۆری لێ گرتن‌و زۆری لە چالاکەکانیان ئیعدام کردن. ئەوانەی مانەوە، یا ڕایان کردو بوونە پەنابەر یا لە شاخەکاندا پەیوەندییان بە پێشمەرگەوە کرد. پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لەوە بێدەنگ بوو کە هاوڕێکانیان لە عێراقی سەددام حوسێندا دەکوژران. سەددام حوسێن پەیوەندی دارایی لەگەڵ سۆڤیەتدا بەهێز کردو لە هەمان کاتدا بە توندی لە کۆمۆنستە عێراقییەکانی دەدا. ئەو بازنە نەفرەتییە کە ئێستاش عێراقی تێدا دەژێ، لەوێوە دەستی پێ کرد. باوەڕم پێتەوە کە زۆربەی ئەو ئازارانەی کە ئێستا عێراقی پێدا تێدەپەڕێ، بنەمایان بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە.

دوای چەند ساڵێك، لە سەرەتای ١٩٨٠دا سەددام حوسێن بە دەرفەتی زانی ئەو ناوچانەی بە پێی ڕێکەوتننامەی جەزائیر بە ئێرانی دۆڕاندبوو، وەربیگرێتەوە. بە هۆی شۆڕشی ئیسلامی‌و ڕووخانی شای ئێرانەوە، سوپای ئێرانی مەیلەو هەڵوەشاوە بوو، دەرفەتێکی نوێ بوو بەرانبەر ئێرانێکی لاواز. ئیدی هێرشی کردە سەر ئێران‌و شەڕێکی درێژخایەن دەستی پێ کرد.

لە لایەکەوە، شەڕ لە دژی کورد دەگەڕاو لە لایەکی ترەوە شەڕێکی گەورە لە دژی ئێران دەگەڕا. لە ناو عێراقیشدا ڕاوی بەرهەڵستکاری هەمەجۆر

دەکرا، لە کوردو موسوڵمانی شیعەو کۆمۆنستو بەرهەڵستکارانی ناو حیزبی بەعس.

## دەسەڵات وەرگرتنی سەددام حوسێن

لە ١٦ی تەمووزی ١٩٧٩دا، ئەحمەد حەسەن بەکر وەك سەرۆکی عێراق دەستی لە کار هەڵگرتو سەددام حوسێن، بە ڕەسمی بووە سەرۆك. زۆر کەس پێی وا بوو، دوای ئەوەی سەددام حوسێن دەستی بە سەر هەموو ئامێرە هەستیارەکانی دەوڵەتدا گرت، بەکری ناچار کرد دەستی بۆ لە کار بکێشێتەوە. ئەو دەمە چ ڕێگەیەکی تری لە بەردەمدا نەمابۆوەو هەر دەبوو ئەوە بکا کە سەددام حوسێن پێی خۆش بوو. سەددام حوسێن سوپای خۆیو سەرمایەی خۆی هەبوو، دەیتوانی بەوانە دەست بە سەر چەقەکانی دەسەڵاتدا بگرێ.

سەددام حوسێن، یەکسەر دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست، کەوتە پاکتاوکردنی سوپاو حیزبی بەعس. زۆر لە کەسە باڵاو چالاکەکانی حیزبی بەعسی ئیعدام کرد. لە ناو سوپاشدا هەمان کاری ئەنجام دا. دەیان وەزیرو دەیان سەرکردەی ناو حیزبی بەعسو دەیان ئەفسەری باڵای ناو سوپای ئیعدام کردن. لە ڕیزەکانی حیزبی بەعسدا، زۆر کەس هەبوون لەو بە تواناتر بوونو ئەگەر ئەوان بمابان بۆ ئەو ئاسان نەبوو ببێتە باڵاترین دەسەڵاتو

بڕیاردەر. سەددام حوسێن، نە پایەو پلەی ڕەسمی سەربازی هەبوو نە نـاڕەسمی. فەرمانڕەوایی بە سەر سوپادا، ئاواتێکی هەرزەکاری ئەو بوو، تیایدا مـابۆوە. بـەلام تـا ئـەو ئەفسـەرانە ىمابـان کـە بـە شـێوەی ئاسـایی بـەو پلـەو پایانـە گەیشتبوون، زەحمەت بوو بڕیاردەر بێ. لە بەر ئەوە ئـەو دوو دەزگـا گرنگـەی ولاتی پاك کردەوە تا دەسەلاتی ولاتی لە دەستدا بێ.

دوای ئەوەی دەوروبەری خۆی پاك کردەوە، کەوتە گیانی پارتی کۆمۆنستی عێراق. زۆربەی سەرانی پارتی کۆمۆنسـت کـورد بـوون بـە عـەزیز محەمـەدی سکرتێریشیانەوە.

بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ کێشـەی کوردیشـدا هەڵسـوکەوت بکـا، سـەددام ڕێکخراوێکی حیزبی بەعسی لە کـەرکوك کـردەوە، کـە تایبەتمەنـد بـوو بـە کاروباری باکووری ولات. ئەو ڕیکخراوە، دەسەلاتی ڕەهای پێ درابوو. ئەوانـە لە مەسەلەی کورد و ڕووداوەکانی باکووری ولات ـ لە ڕاستیدا لە کوردسـتان ـ بڕیاردەر بوون.

ئەو ڕێکخراوە، لە بواری سەربازیو هەموو شتێکی ترەوە، لـە ناوچـەکەدا بڕیـاردەر بـوو. مەسـەلەی کـورد و پاککردنـەوەی لـە ناوچـە سـتراتیژییەکانی کوردستانی عێراقیشی خرابووە ئەستۆ.

دواتر ئەو ڕێکخراوە ڕۆڵێکی سەرەکی لـە ئـەنفالو کیمیابـارانی ١٩٨٨ی شاری هەڵەبجەدا گێڕا .

پێشتر لە ١٩٧٠کاندا، مەودایەکی ئارامتر بوو بۆ کوردەکانی عێراق. بەڵام دوای ئەوەی سەددام حوسێن وەك سەرۆك دەسەڵاتی گرتە دەست نەخشەی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی لە دژی کورد دەست پێ کرا. ئەگەر مرۆ ئاوڕ لەو ڕۆژگارانە بداتەوە، دەبینێ نەخشەیەکی ورد بۆ ئەو پاکتاوکردنە ڕەگەزییە دانرابوو. لە شاری کەرکوك، بەردەوام کوردیان دەردەکردو هەر لەوێو لەو شوێنانەدا کە نەوتی زۆری لێ هەبوو، پرۆسەی بە عەرەبکردن بەردەوام بوو. دەبوو کورد یا ماڵەکەی جێ بهێڵێو بڕوا یا لە کوردەوە ببێتە عارەب. بۆ ئەوەی مرۆ بە کوردی نەمێنێتەوە دەبوو بنووسێ من عارەبمو ناوی منداڵەکانی بکاتە عارەبیو لە بری کوردی، بە عارەبی قسان بکا. ئەگەر مرۆ وای نەکردبا، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بۆ باشووری عێراق دەگوازرایەوە. مەبەست لەو کارە ئەوە بوو کورد لە ناوچە نەوتییەکاندا کەم بکەنەوەو ئەوانەش کە دەچوونە باشوور دەبوونە کەمایەتییەکی کەمی ناو زۆر گرووپی عارەبو لە ماوەیەکی دووردا دەتوانەوەو ئەوەش دووبارەکردنەوەی سیاسەتی بەدناوی بە تورککردنی کورد بوو لە تورکیا.

لە سێپتەمبەری ١٩٨٠دا ڕووداوەکان خراپتر بوون. سەددام حوسێن یەکلایەنە ڕێکەوتننامەی جەزائیری هەڵوەشاندەوەو شەڕێکی لە دژی ئێران ڕاگەیاند کە دوایی هەشت ساڵی خایاندو خراپ بە سەر هەردوو دەوڵەتدا شکایەوەو لە هەردوو لا، یەك ملیۆن کەس کوژرانو هەردوو لا وێرانکارییان بەسەردا هات .

ڕژێمی عێراق، تەنها لە ناو سنوورەکانی عێراقدا کوردی ڕاونەدەنا. لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٨٤دا فڕۆکەکانی عێراق کامپی پەنابەرە کوردەکانی لە نزیکی شاری ورمێی ئێرانی بۆردومان کرد. بە جارێ ١٢٠ کەس کوژران‌و ٣٧٣ کەس بریندار بوون. هەموو ئەوانە خەڵکی مەدەنی بوون‌و لە دەست ڕژێمی سەددام حوسێن هەڵاتبوون.

لە بەر چەند هۆیەك، سەددام حوسێن هەرچی بویستبا دەیکردو بۆی دەچووە سەرو دەیتوانی ئەو شەڕە بەردەوامەی لەگەڵ ئێراندا بکاتە بیانوو. هەموو بڕیارێك خۆی دەیدا. هیچ بەرهەڵستکارێك لە دەزگاکانی خۆیدا نەبوو، کەسیش نەبوو دەست بخاتە پێشی. پارەیەکی زۆری نەوت دەهاتە دەستیەوەو بە کەیفی خۆی سەرفی دەکرد. لە سەر ئەوانەشەوە، هەموو ڕۆژاواییەکان ئەوەندە سەرگەرمی جەنگی ئێران بوون، گوێیان بەوە نەدەدا ئاخۆ چ لە ناو عێراقدا دەقەومێ‌و چی بە سەر کورددا دێ. ئەویش لەو بارودۆخەدا دەیتوانی بەردەوامی بە تاوانەکانی خۆی بدا.

## خوێندن له بهغدا

ساڵی ١٩٧٩ خوێندنی ئامادهییم تهواو کردو بۆ خوێندن له زانکۆدا چوومه بهغدا. من دهمویست یا ئهدهب بخوێنم یا زمان، بهڵام له بهر ئهوهی عێراق لهو دهمهدا له بیناسازیدا بوو، دۆلاری نهوتیش به لێشاو دههاته وڵاتهوه، خێزانهکهمانو خهڵکی دهوروبهرمان دهیانویست ببمه ئهندازیار تا پارهی زۆر به دهست بێنمو ژیانم خۆشتر بێ. لهبهر ئهوه چوومه بهغداو چوومه زانکۆی تهکنۆلۆژیای ئهندازیارییهوه.

چوونم بۆ بهغدا، له زۆر ڕووهوه گۆڕانکارییهکی گهوره بوو له ژیانمدا. ئهگهرچی ههولێر شارێکی گهوره بوو، له زۆر ڕووهوه به پایتهختی ناوچه کوردیهکان دادهنرا، بهڵام گۆڕانکارییهکی گهوره بوو به تایبهتی له زمانو ڕوانیندا بۆ کورد. ههموو دانیشتوانی ههولێر کورد بوونو له قوتابخانهدا زمانی عارهبی، زمانی دووهممان بوو. که چوومه بهغدا، عارهبی بووه زمانی یهکهم.

ئهو دهمه بهغدا سێ زانکۆی گهورهی تێدا ههبوون، ئهوانهش زانکۆی بهغداو زانکۆی موستهنسریهو زانکۆی تهکنهلۆژی. جگه له خوێندکاره عێراقییهکان، خوێندکاری دهوڵهته عارهبییهکانی تریشی وهردهگیران، به تایبهتی فهلهستینیو ئهردهنی.

زانکۆی تهکنهلۆژی زانکۆیهکی گهوره بوو. خوێندن به بهلاش بوو. ههموو خوێندنهکه، به کتێبو کهرهسهی فێرکردنهوه بهلاش بوو، دهمانتوانی نهختێ

پارەش بە قەرز وەربگرین. پارەکە بەشی هەموو شتێکی نەدەکرد بەڵام یارمەتییەکی باش بوو. ئەگەر نەختێ پارەی ماڵەوەت بخستایەتە سەر، ژیانێکی خوێندکارانەی باش دەژیایت.

ژیان لە ڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە باش بوو، بەڵام فشاری سیاسی بەرگەی نەدەگیرا. زەحمەت بوو لە بەشی ناوخۆی خوێندکاراندا بژیم چونکە دەمزانی تەوژمێکی زیادی تێدا بۆ سەر خوێندکارەکان هەیە. دواتر زانیم ژیانی بە جیا زیاتر سەرنجی بەرپرسە حکومەتیەکانی ڕادەکێشا. پرسیاریان دەکرد ئاخۆ بۆچی بەشی ناوخۆی خوێندکارانت وەلا ناوەو دەتەوێ سەربەخۆ بژییت. منیش ناچار بووم بگوازمەوە بۆ بەشی ناوخۆ.

بە دەگمەن دەکرا خۆت ئەو کەسە هەڵبژێریت کە لەگەڵیدا دەژییت، بە تایبەتی دوای ئەوەی شەڕی عێراقو ئێران دەستی پێ کرد ڕژێم ڕێی نەدەدا خەڵکانی سەر بە یەك نەتەوە لە یەك ژووردا هاوبەش بن. دەبوو تێکەڵ بکرێنو بە عادەت هەر ژوورەو ئەندامێکی حیزبی بەعسیان تێ دەترنجاند تا بە سەر کەسانی تری ژوورەکەدا زاڵ بێ.

ئەو دەمەی من چوومە بەغدا، بارودۆخی سیاسی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبوو. هێرشی سەددام حوسێن بۆ سەر کورد چڕ کرایەوەو حیزبی بەعس دەستی بە لێدانی هاوکارە کۆمۆنستەکانی خۆیان کردبوو .

شەڕی عێراقو ئێران، لە پایزی ١٩٨٠دا دەستی پێ کرد. ڕژێمی عێراق هێرشی کردە سەر ئێران. سەددام حوسێن کاتی بەرپابوونی شۆڕشی

ئیسلامی ئێرانی بە گونجاوی زانی تا پەلاماری ئێران بدات. سوپای ئێران هەڵوەشابۆوەو سەددام زۆر لەوەش دەترسا تۆوی شۆڕشی ئیسلامی ئێران تەشەنە بکاو بگاتە ناو شیعەکانی باشووری عێراقیش.

## وێنەی دیکتاتۆر

لە بەشی ناوخۆدا، ئێمە سێ خوێنـدکار بـووین لـە ژوورێکـدا کـە دوانـزە مەتری دووجا دەبوو. مـن کورد بـوومو یـەکێ لـە دووەکـەی تـر موسـوڵمانی شیعە بوو، سێیەمیش بەعسییەکی گوێڕایەڵ بوو. لـە هـەمووی خـراپتر ئـەوە بوو ئەو بەعسییە سەر بە هەمان عەشرەتی سـەددام بـوو، وەك ئـەویش کـوڕە وەرزێرێکی خەڵکی گوندی عۆجەی خوار تکریت بوو ـ سەددام ساڵی ١٩٣٧ لەوێ لەدایك بووە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چ کێشەیەکمان نـەبوو، پێکـەوە دەگونجاین، بەڵام لە باسوخواسی سیاسەتدا دەبـوو زۆر وریـا بـین. تاکـە یـەك وشەی هەڵە مردنی بە دوادا دەهات.

ناچار کرابووین سێ وێنـەی سـەددام حوسـێن بـە دیوارەکـانی ژوورەکـەوە هەڵبواسین، هەر یەکەیان بۆ یەکێکمان بوو، بە دیار قەرەوێڵەکانمانەوە بوو تا بیرمان بێتەوە "سەرکردەیەکی مەزن"مان هەیە، وەك سەددام حوسێن خـۆی دەیگوت. ئەوە ئێواران و شەوان ناخۆش بوو. مرۆ ناچار بوو هەموو ئێوارەیەك تەماشای "سەرکردەی مـەزن" بکـا ــ تەنانـەت لـە خەونیشـداو بـەیانیانیش دەبوو لەگەڵیدا لە خەو ڕابیت.

ئێوارانێك هاودەمەکانی ژوورەکەم بۆ لای کەسوکاریان سەفەریان کردبوو، مـن بە تەنها لە ژوورەکەدا مـامەوە. ئێوارێ، بۆ سەرگەرمکردن چوومە دەرێو درەنگانی شەو گەڕامـەوە. ئیـدی مـن بـە تـەنها لەگـەڵ وێنـەی "سـەرکردەی مەزن"دا مـامەوە. لەو چرکەساتەدا بیرۆکەیەکم بۆ هات: ئێستا کاتی ئەوەیـە

لەگەڵ ئـەو دکتـاتۆرە مـەلعوونـەدا یـەکلایی بکەمـەوەو ژوورەکـەی لـێ پـاك بکەمـەوە. بۆگەنی تاوانو کوشتنی لێ دەهـات. بـیرم لـەوە کـردەوە کـە ئـەوە ماڵی منەو دەبێ بە پاکی ڕایگرم.

یەك بە دوای یەکدا وێنەکانی دکتاتۆرم داگرتنو هەر یەکەیانم کردە سـەد پارچـەوە، تـا کردمنـە دووسـەد پارچـەوە. لـە نـاخی دڵـەوە بەختـەوەر بـوومو بەختەوەریم باس نەدەکرا. بە سـەریدا سـەرکەوتم. چ شـوێنەواری دکتـاتۆر لـە ژوورەکەمدا نەمـاو ئەو شەوە تێر خەوتم.

بـەیانی بـە ئاگـا هاتمـەوە. چ شـوێنەوارێکی وێنـەکان بـە دیوارەکانـەوە نەمـابوو، هەمـوو کەس دەیزانی سزای ڕەفتـاری ئاوهـا ئیعدامـە. بەندیخانـەی بەدناوی ئەبوو غرێبیش بە خـۆیو ژووری ئەشـکەنجەدانیەوە زۆر لـەوێوە دوور نەبوو. دەبوو شتێ بکەم دەنا کار لە کار دەترازا.

کیسـەیەکی گـەورەی ڕەشـم هینـاو بـە دزییـەوە پارچـەکانی وێنـەکانی دیکتـاتۆرم کۆکردنـەوەو ئـەو نـاوەم بـە جـوانیی گسـك دا تـا چ شـوێنەواری ڕەفتارەکەم نەمێنێ.

نەمدەوێرا کیسەکە بخەمە هیچ زبڵدانێکی ئەو نێزیکانـە. بـەرەو شـەقامی سـەعدوون سـواری پاسـی ژمـارە ١٥ بـوومو دوای نیـو سـەعات ڕۆیشـتن زبڵدانێکی گونجاوم دیتەوەو کیسەکەم تووڕ هەڵداو سواری پاسێکی تر بوومو بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامـەوە. لـە ژوورەکـەم دانیشـتم بـیرم لـەوە کـردەوە کـە

هاوژووورەکـەم، کـوڕە جوتیارەکـەی عۆجـە، سـبەینێ دەگەڕێتـەوەو دەبـینێ وێنەکان نەماوون.

چووم بۆ لای نێزیکترین هاوڕێی خۆمو هەموو شتێکم بـۆی گێڕایـەوە. بـە جووتە چـووینە بـازاڕو سـێ وێنـەی لـە هـەمان شـێوەی وێنـەکانم کـڕی. بـە جـوانیی، وەك جـاران لـە جێـی خۆیـان دامانانـەوە. بـەو شـێوەیە لـە ئیعدامکردنێك دەرباز بووم، کە خۆم هەڵمبژاردبوو.

ئێستا ئەگـەر پرسـیارم لـێ بکـرێ ئـاخۆ بـە لاکـەوتنی سـەددام حوسـێن خۆشحاڵم، وەڵام بەڵێیە. بەڵام ئێستاش هەموو ئێوارەیەك لە سێبەری ترسـی ئەو درەختەدا دەخەوم کە سەددام حوسێن بە سەرمدا پەخشی کردووە.

هەوڵمان دەدا خۆمان لەو کوڕە عۆجەییە لادەین. پیـاو هەمیشـە دەترسـا قسەیەك بە دەمیدا بێ. بۆ ئەوەی خۆمانی لێ لادەین، دەچـووین لـە چـاخانە گەورەکانی دەم دیجلە دەمانخوێند نەك لە بەشی ناوخۆی خوێنـدکاران. ئەگـەر پێکیشـەوە بوایـەین، پیـاوانی ئـەمن تاقیبیـان دەکـردین. گومـانی ئـەوەیان دەکرد کە باسی سیاسەت دەکەینو نیازمان هەیـە شـتێك لـە دژی ڕژێمەکـە ئەنجام بدەین. ئەوەندە بەس بوو پیاو کورد بێ یا شیعە بێ تا گومانی بچـێتە سەر. بۆچوونی ڕژیم وەها بوو کە خەڵك یـا لەگەڵیـدان یـا لـە دژیـن. پێشـتر دەتتوانی بڵێی نە لەگەڵیـدام نـە دژیـم، بـەڵام لـە ناوەڕاسـتی هەشـتاکان بـە دواوە، ئەوە نەما. یا دەبوو لەگەڵ ڕژێمدا بیتو چت پێ دەگوترێ وا بکـەیت، بچۆرە بەرەی شەڕو لە دژی فارسەکان شەڕ بکەو جاسووسیی بکە، یا لە دژی

ڕژێمیتو لەوێ جێت نابێتەوە. سەددام حوسێن کۆمەڵگەیەکی پێکهێنابوو هەموو لێی دەترسان‌و ئەویش لە هەموان دەترسا.

## پاکتاوی ڕەگەزی کوردە فەیلییەکان

ڕژێمی بەعس، لە سەرەتای ١٩٨٠کاندا هەڵمەتی بردە سەر کوردە فەیلییەکان. زۆرینەی ئەوانە، بازرگان بوون‌و بە هۆی سامانەکانیانەوە لە بەغدا دەستڕۆیشتوو بوون. گەورەترین بازاڕ هی ئەوان بوو، کوردە فەیلییەکان هەر لە سەرەتاوە، بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەوێ ژیاون. پێش یەکەم جەنگی جیهانی، عوسمانییەکان بەغدایان بەڕێوە دەبرد. دوای ئەوەی ئینگلیز عێراقی دامەزراند، ئەوان بوونە هاونیشتمانی عێراقی. کوردە فەیلییەکان لە عێراقیشدا دەژین‌و لە ئێرانیشدا دەژین.

سەددام حوسێن دەیگوت کوردە فەیلییەکان ئێرانین‌و لە کاتی شەڕی دژ بە ئێراندا، بوونیان لە بەغدا مەترسییە. بەڵام هۆکاری ڕاستەقینە ئەوە بوو کە ئەوانە کورد بوون‌و دەسەڵاتی داراییان لە بەغدادا هەبوو.

بەو بیانووەی کە ئێرانین، بێ ئەوەی ڕێیان پێ بدرێ هیچ شتێك لەگەڵ خۆیاندا ببەن، یەکسەر ڕەوانەی ئێرانیان کردن. پیاوانی ئەمن بە شەو دەچوونە سەریان‌و هەموویانیان ڕاپێچ دەکردو دەیانبردن. هەندێ جار پیاوی

خێزانەکەیان دەبردە بەندیخانەو ژنو مندالّەکانیشیان بە لۆری دەبردە سەر سنووری ئێران. ژیانی ئەوانە، لە شەوو ڕۆژێکدا دەگۆڕاو دەبووە دۆزەخ. زۆر لەوانە ئیعدام کرانو ئەوانی تر ڕەوانەی ئێران کران.

هەر لە ناوەڕاستی ١٩٧٠کانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکەوتننامەی یانزەی ئازار لە نێوان کوردو ڕژێمی بەعس لە ئارادا بوو، نەوەدهەزار کورد لە عێراقەوە ڕەوانەی ئێران کران ئەوەش بەو بیانووەی کە ئەوانە بە بنەچە ئێرانینو ناسنامەی عێراقییان نییە. لە سەرەتای ١٩٨٠کانیشدا، ڕژێمی بەعس دەوروبەری چوارسەد هەزار کوردی فەیلی ڕەوانەی ئێران کردو دەستی بە سەر سەروەتو سامانیاندا گرت.

پیاو هەندێ شتی قەت لە بیر ناچێ. جارێکیان، کە لە تاران بووم، پیاوێکم بینی لە دوکانێکی بچووکی سەر شەقامەکەدا جگەرەی دەفرۆشت. تەماشای پیاوەکەم کردو وام بە خەیاڵدا هات کە زۆر بە لامەوە ئاشنایە. نەمتوانی قسەی لەگەڵدا نەکەم. جگەرەیەکم لێی کڕیو بە فارسی، لەگەڵیدا دەستم کرد بە قسان. هەستم کرد عارەبی دەزانێو دواتر بۆم دەرکەوت کوردی فەیلییە. بیرم کەوتەوە کە لە بەغدا بازاڕێکی زۆر گەورەی هەبوو. یەکێ بوو لە دەوڵەمەندەکانی بەغدا.

## زانکۆو ئەمنەکان

ئێمە لە زانکۆ، دەوروبەری سەد قوتابی دەبووین لە پۆلەکەمانـدا. لەوانـە، تەنها سیانیان مەسیحی بوونو دوانیان کورد بوون. ئەوانی دی، عارەبی سەر بە حیزبی بەعس بوون. لە دوای ساڵی ۱۹۸۰وە، بوون بە ئەنـدام لـە حیزبـی بەعسدا، بە مەیلەو زۆر بوو. پیاو دەیتـوانی بـەو بیـانووە نەبێتـە ئەنـدام کـە حەزی لە سیاسەت نییە. بەڵام دەیانگوت هـەر ئەوەنـدەی پـێ دەوێ وەرەقـەی ئەندامبوون لە حیزبی بەعسـدا ئیمـزا بکـەیتو هیچـی تـر. هـەر ئەوەنـدەی ئیمزاشت بکردبایە، ئەرکی تری بە دوادا دەهات. بۆ نموونە، سەربازیی لابەلا کە پێی دەگوترا (جێش شەعبی)و بە هۆی پێداویستییەوە دەنێردرا بۆ بەرەی شەڕ. بوونە بەعسی هەنگاوی یەکەم بوو، لە هەنگاوی دووەمدا لە بـەرکردنی جلی سەربازیو سەربازی بوو.

ماوەیەك، ئێمە تەنها سـێ کـەس بـە جلـی مەدەنییـەوە ماینـەوە. هـەموو ئەوانی تر، لە ڕاهێنانەوە بە جلی سەربازییەوە دەهـاتن. ئـەو سـێیە، یەکسـەر دەستنیشان کـراینو گێچـەڵمان پـێ کـرا. تـەنها ناعێراقییـەکان، پۆلـۆنیو هیندی کە مامۆستای میوان بوون، وەك ئێمە جلی مەدەنییان دەپۆشی.

لـە بنخـانی زانکۆکـەدا، ئـەمن ژوورێکیـان هـەبوو. ئۆرگـانی یـەکێتیی خوێنـدکاران هاوکارییـەکی چـڕو پـڕێ ئەمنـەکانیان دەکردو لـە یـەك جیـا نەدەکرانەوە. دوو جاران بۆ ژووری ئەو بنخانـە بـانگ کـرام. لێیـان دەپرسـیم ئاخۆ بۆچی لەگـەڵ حیزبـی بەعسـدا نـیم. هەمیشـە دەمگـوت کـە حـەز لـە

سیاسەت ناکەمو گەرەکمە ژیانێکی ئاسایی بژێم. چ بەڵگەیەك نەبوو کە دژی ڕژێم چالاك بووبم. هەردوو جارەکە لێیاندام. یەکێ لەو جارانـە، دەرگایـان لـە سەرم داخستو هەموو ڕۆژەکە لەو ژووره تاریکەدا مامەوە .

پۆلیسی نهێنی فەرمانی بە سەرۆکایەتی زانکۆ دەداو سستەمێکی هەواڵگرییان دامەزراندبوو. من لە تەرمینی سێیەمدا بووم کاتێ ڕێکخراوێکی بەرهەڵستکاری ئیسلامی ویستی بۆ کوشتنی ئەمنە پلەباڵاکان کارێکی توندوتیژ لە زانکۆکەدا ئەنجام بدا. هەندێ تەقە کرانو دوای ئەوە پلەی کۆنترۆڵ بەرز کرایەوەو بارودۆخەکە خراپتر بوو.

لەو ماوەیەدا خۆم لە کاروباری سیاسی لادەدا. هەرچۆنێ بێ، مرۆ بێ دەسەڵات بوو، یا دەبوو لەگەڵ دەسەڵاتی سەددام حوسێندا بیت یا دژی بیت. تەوژم بۆ سەر ئێمەی خوێندکارانی کورد زیادی کرد. حەزمان دەکرد بە لایەنگرانی سەددام حوسێن بڵێین کە ڕەفتارەکانی ئەوان وڵاتی بەرەو کارەسات بردووە. دەمانبینی بەرهەڵستکار دەکوژرانو لە ئەنجامدا بنەماڵەیەك وڵات بەڕێوە دەبا. لە سەر ئەوەشەوە وڵاتیان خستبووە جەنگێکی شێتانەوە. لە سەرەتاوە زۆر کەسی بەغدا هەستی بە هیچ نەدەکرد چونکە تیرۆر ئاراستەی ئەوان نەدەکرا. کەمایەتییەکی وەك کوردی فەیلیو بەرهەڵستکاری تر هەستیان دەکرد گۆڕانکارییەکان بەرەو ئاراستەیەکی هەڵە دەڕۆن.

هەموو شەوێك چەند خوێندكارێكی بەشی نـاوخۆ بـزر دەبـوونو هـەرگیز نەدەگەڕانـەوە. ئەوانـە لـە لایـەن ئەمنەكانـەوە دەسـتگیر دەكـرانو دەبرانـە بەندیخانەو بە زۆر شـێوە ئەشـكەنجە دەدران. تەنانـەت ئەگـەر پیـاو هیچیشـی نەكردباو هیچ زانیارییەكیشی لە لا نەبوایە، دەبوو خۆی زانیاری پەیدا بكاو بڵێ شتێكی ئەنجام داوە هەر بۆ ئەوەی ئەشكەنجەی لەكۆڵ ببێتەوە.

## بەرهەڵستکاری نهێنی

لەوە نەدەترسام منیش لە شەویکدا بزر بکرێم. بەڵام لە دامودەزگای لەو جۆرەدا ئەوەندە بەس بوو یەکێکی تر بکەوتبایە تەڵەوەو ناوت بدا.

من بۆ مەسەلەی کورد کارم دەکردو پەیوەندیم بە چالاکوانە سیاسییەکانەوە هەبوو. دوو ڕێکخراوی نهێنی هەبوون کە چالاکییان لە زانکۆکەدا هەبوو، پەیوەندی نێزیکم پێیانەوە هەبوو. یەکێکیان لە کوردی چەپ پێکهاتبوو، ناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، کە سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، ئەوی تریان پارتی کۆمۆنستی عێراق بوو. پەیوەندیم بە خەڵکە چالاکەکانیانەوە هەبوو کە لە زانکۆکەدا بوون. کاتی زۆرم لەگەڵیاندا بە سەر دەبردو کەرەسەم لەگەڵیاندا بڵاو دەکردەوە.

زۆرم حەز لە دادپەروەریی بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەندەی لیبراڵ بووم، چەپ نەبووم. زیاتر بیرم لە توانای تاکی مرۆڤ دەکردەوە نەك دەستەجەمعیو بە لامەوە زەحمەت بوو سۆڤیەت بە نموونەیەکی باش بزانم. ئەو کەسانە، سۆڤیەتیان بە لاوە بەرز بوو، لە هەمان کاتدا کە کۆمۆنستەکان سەرنوگوم دەکرانو دەکوژران سۆڤیەت بێدەنگ بوو. لەوە نەدەگەیشتم چۆن پارتی کۆمۆنستی عێراقی دەیتوانی سۆڤیەتی بە لاوە نموونەیی بێ لە کاتێکدا پشتگیریشی لە مەسەلەکەیان نەدەکرد. لەوە دەگەیشتم ئەو ناعەدالەتیو تایبەتکارییەی بەرانبەرم هەبوون بە هۆی کوردبوونمەوە بوو،

نەك لەبەر ئەوەی کرێکار بووبم. کە من هەمیشە ئەو مەترسییەم لە سەر بوو لە لایەن ئەو ڕژێمەوە بکوژرێم، بە هۆی چینایەتییەوە نەبوو.

پێ نەدەچوو چالاکی لە حیزبێکدا لە پێناوی یەك چینی کۆمەڵگادا ڕاست بێ. کوردەکان، بە بێ ئەوەی بیر لە بنەمای چینایەتییان بکرێتەوە، ئیعدامدەکرانو ڕادەگوازرانەوە ـ تەنها لە بەر ئەوەی کورد بوون.

هاودەمێتی کوردە چالاکەکانو کۆمۆنستە عێراقیەکانم بە دڵ بوو، زۆرم هاوکاری دەکردن، بەڵام بە هۆی بیرو باوەڕمەوە نەمدەتوانی لەگەڵیاندا کاری ڕێکخراوەیی بکەم. ئەوەی لە نێوان منو ئەواندا هاوبەش بوو، کارکردن بوو لە دژی سەددام حوسێن. ئەو ناچاری دەکردین خەبات بکەین.

## عەشرەتی بارزانیو سزادانی بە کۆمەڵ

ساڵەکان تێدەپەڕینو ڕووداوی وا دەقەومان ڕێك وەك لێدانی کارەبا برینی قووڵی لە ڕۆحی مرۆدا جێ دەهێشت. مرۆ دەبوو هەڵوێستی هەبێ. چی دی نەدەکرا بێلایەن بیت. یەکێ لەو ڕووداوانە بزرکردنی هەشت هەزار پیاوی عەشرەتی بارزان بوو.

چەندین ساڵ بوو ئەو عەشرەتە بەرهەڵستکاری ئەو ڕژێمە بوون. هەندێکیان لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا کاریان دەکرد، کە مەسعوود بارزانی سەرۆکی بوو. بەڵام ئەو بەشەی عەشرەتەکە لە کوردستانی عێراقدا ئەوەندە پەیوەندییان بە سیاسەتەوە نەبوو.

٣١ی تەمووزو ١٠ی ئەیلوولی ١٩٨٣ ڕژێم هێرشی کردە سەر سێ کۆمەڵگا ـ قوشتەپەو بەحرکەو هەریری سەر بە هەولێر، کە خەڵکی سەر بەو عەشرەتەیان تێدا بوون. شەو چوونە سەریانو سوپا تەوقی کردنو هێرشی کردنە سەرو هەموو پیاوەکانیان برد. هەشت هەزار پیاو سواری لۆری کرانو بەرەو بیابانی باشوور بردیانو کەسیان لێ نەگەڕایەوە. ڕژێم دەستی بە سەر ماڵەکانیاندا گرتو مافی کارکردنو خوێندنیان لێ زەوت کردن. لەو کاتانەدا کە ڕژێم هێرشی کردە سەریان، ئەگەرچی نایاساییش بوو، بەڵام خەڵکی هەولێر دەستی هاوکاری بۆ درێژ کردنو هەوڵیان دەدا نەختێ باریان سووکتر بکەن.

بزرکردنی هەشت هەزار کەس تەنانـەت کـەمێکیش سـەرنجی ڕاگەیانـدنی جیهانی ڕانەکێشا. شەڕی ئێران بەردەوام بوو، ڕووداوەکانی ناوەوەی عـێراقیان بەلاوە گرنگ نەبوو. سەددام حوسێن گەمـەیەکی گەورەی دەکرد. لە لایەکـەوە بەخێرهاتنی سۆڤیەتی دەکـرد بـۆ وڵات لـە لایـەکی تـرەوە کۆمۆنسـتەکانی عێراقـی دەکوشـت. ئەمـەریکا پشـتی عێراقـی بـۆ ئـەوە دەگـرت تـا چـەك بفرۆشـێ. ئـەڵمانیاو فەرەنسـاو چـینو بـەرازیلو زۆر وڵاتـی تـر، بـەو ڕێیـەدا هاوکارییان دەکرد چەکی پێ بفرۆشنو نەوت بکڕن.

دوای ڕووخانی سەددام حوسێن زۆر گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزرانەوە بەڵام تـەنها پێنج سەد کەس لەوانەیان تێدا بوون.

## لەناو بزووتنەوەی بەرهەڵستکاریدا

لە کۆتایی ١٩٨٣دا شەهادەم وەرگرتو گەڕامەوە بۆ هەولێر. چی دی لەوێش نەمامەوە. نەمدەتوانی تەنها تەماشاکەر بم. دەبوو شتێك بکرێ. کە بیر لەو ڕۆژگارە دەکەمەوە، شیعرێکی ستیگ داگەرمانم بیر دەکەوێتەوە:

پەلەوەر کۆچ هەڵدەبژێرێ، ئێمە هەڵمانەبژارد

کۆچ ئێمەی هەڵبژارد، بۆیە لێرەین

ئێوە کە هەڵنەبژێردراون کەچی ئازادیشتان هەیە

لە هەڵگرتنی باری قورسی کۆچکردن، یارمەتیمان بدەن

زنجیر لاقمانی هەڵبژارد. ئێمە سەفەرمان هەڵبژارد

شەو بەسۆز بوو. ئێستا لێرەین.

ڕەنگە ئازادو ئاسوودەکان بڵێن، ئێوە زۆرن

تۆ بڵێی ئەوانەی دەزانن ئازادی چییە زۆر بن؟

**کەس نەبوونی هەڵنابژێرێ، ئێمەش هەڵمانەبژارد**

**ئەو لە ڕێ ئێمەی قۆستەوە. ئێستا لێرەین.**

**ئێوە کە هەڵنەبژێردران! نرخی ئازادی دەزانن**

**لە هەڵگرتنی باری ئازادی یارمەتیمان بدەن.**

ستیگ داگەرمان
لە شیعری "کۆچ هەڵبژاردین"
ساڵی ١٩٥٣

لەو ساڵانەدا، مرۆ نەیدەتوانی خۆی بڕیـار بـداو ڕێـی هەڵبژاردنیشـی زۆر نەبوو. ئەگەر بە دووربینی بیرت بکردبایەوەو زانیاریت هەبوایە حیزبی بەعس چی کردووە، نەتـدەتوانی لەگەڵیـدا بـی. بڕیارمـدا شـتێکی تـر بکـەم. ئـیتر مانەوەم لە شاردا مەحاڵ بوو.

بەر لەوەی پەیوەندی بە بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری (پێشمەرگە)وە لە شاخ بکەم، بە دوورو درێژی لەگەڵ دایـكو باوکمـدا قسـەمان کـرد. پێیـان خـۆش نەبوو لە شاخ، لە ناو ئەو هەموو بۆمبایەدا ژیانم بکەوێتـە مەترسـییەوە. بـە تایبەتی ململانێی نێوان حیزبەکان لەسـەر دەسـەڵات مەترسـی گـەورە بـوو. بەڵام چارەسەر چی بوو؟ چ هەڵبژاردنی تر نەبوو. تاکە ڕێگای دیکە ئەوە بـوو لە شار بمێنمەوەو لە سـێبەری ڕژێمـدا بچەوسـێمەوە. دایـكو بـاوکم هـەوڵیان نەدەدا قەناعـەتم پێ بێنن، چونکە ڕیگەچارەی باشتریان نەبوو پیشانمی بـدەن. بەیانییەکی زوو هەولێرم جێ هێشتو بەرەو شاخ بەڕێکەوتم.

## پەیوەندیکردن بە پێشمەرگەوە

پێشمەرگە لە بالیسان، کە گوندێکی زۆر گەورەی ناوچە شاخاوییەکانی باکووری عێراقەو کەوتۆتە نێزیك شاری شەقڵاوەوە، بنکەیان هەبوو. کورد لەو شوێنەدا دەسەڵاتیان هەبوو. لەوێ پاڵە باوانی هاوڕێم دۆزییەوە کە لە ناو پێشمەرگەدا چالاك بوو. ئێستا پاڵە باوانی لە سەر لستی پارتی ئەندامی پەرلەمانی عێراقەو وەکو زۆر کەس لە شۆڕشگێڕانی پێشوو خۆی لەگەڵ ستەمی دەسەڵاتدا گونجاندووە.

لە بالیسان چوومە ناو حیزبێکەوە کە تازە دامەزرابوو، هەر لە هەولێر پەیوەندیم پێوە کردبوون. حیزبەکە ناوی پارتی گەل بوو، ئامانجەکەشی ئەوە بوو کە کورد خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدا. دامەزرێنەرو سەرکردەی ئەو حیزبە، سامی عەبدولڕەحمان، پێشتر، ١٩٧٠ ــ ١٩٧٤ بە ناوی پارتییەوە بەشداری لە حکومەتی عێراقدا کردبوو، بەڵام لە کۆتایی ١٩٧٠کاندا نەیتوانی لەگەڵ سەرکردایەتی ئەو کاتەی پارتیدا هەڵبکاتو لێیان یاخی بوو، بۆ خۆی حیزبێکی دانا.

دوای چەند ساڵێك گەیشتمە سەرکردایەتی حیزبەکەو شان بە شانی سامی عەبدولڕەحمانە، کارم دەکرد. چەندین ساڵ پێکەوە لەو حیزبەدا کارمان کرد.

حیزبەکە دوو چاپەمەنی هەبوو کە کاری زۆرم تیایاندا دەکرد. یەکێکیان (پێشەنگ) بە کوردی بوو، ئەوی تریان (گەل) بوو کە بە عارەبی دەردەچوو. دوای ماوەیەك، ئێزگەیەکی ڕادیۆشمان خستە کار.

که من چوومه شاخ، ناوچەکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستی بەسەریدا دەڕۆیشت. لە خەباتی ١٩٨٠کانی کورددا دوو بەرەی گەورە لە کوردستانی عێراقدا هەبوون. یەکێکیان (پ.د.ك) بە سەرۆکایەتی مەسعوود بارزانیو ئەوی تریان (ی.ن.ك) بە سەرۆکایەتی جەلال تالەبانی. لە بارودۆخی ئەمڕۆدا، مەسعوود بارزانی سەرۆکی کوردستانی عێراقەو جەلال تالەبانی سەرۆککۆماری عێراقە. لەو سەردەمەدا ناخۆشییەکی گەورە لە نێوان ئەو دووەدا هەبوو. دەکرا ناوی شەڕی ناوخۆی لێ بنێی. ناوچەیەکیان لە ژێر دەستدا بوو کە سەددام حوسێن دەسەڵاتی بە سەریدا نەبوو، ئەوانیش هەم دژی ڕژێم شەڕیان دەکرد هەم ململانێی یەکتریان دەکرد.

## باليسان

لەو ساڵانەدا کە لە بزووتنەوەی بەرهەڵستکاریدا بووم، لە ئێرانو سووریاو کوردستانی عێراق ـ دۆڵی خواکورك کارم کـردووە. خواکـورك ئێستا نـاوی هەیەو چونکە بنکەی پارتی کرێکارانی کوردستان لەوێن. باش شارەزای ئـەو ناوچانەم.

چوومە ناوچەی بالیسان، کە نێزیکەی سێ سەعاتە ڕێ بـە ئۆتۆمبیـل لـە هـەولێرەوە دوورە. سـەرکردایەتی حیزبیشـمان لـە سـووریا بـوو. زۆر لـە کادیرەکانمان یا لە سووریا بوون یا لە ئێران. ئەو ناوچـەیە گونـدی زۆری لـێ هەبوونو هێزەکانی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان لـەو نـاوە بـوونو کـە هێرشیان دەکردە سەر سوپای عێراقی لەو گوندانە دادەمەزران.

ئا لەو ساتەوەختەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەسـتی بـە گفتوگـۆ کرد لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا. سەددام حوسـێن دەیویسـت دژی ئێـران بـنو لـە شەڕەکە هاوکاری بکەن. سەددام حوسێن دەیویسـت کـات بەسـەر بـەرێو بـۆ ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی بێ لایەن بکا بەڵێنی زۆری پێ دا. دەیویست لـە باشووری عێراق لەشـکر لـە دژی ئێـران کـۆ بکاتـەوە. لـەو دەمـەدا عێـراق بەرانبەر ئێران لاواز بوو، دەبوو هێزەکانی لە باشوور کۆ بکاتەوە. دەیویسـت ناوچە کوردییەکان نەختێ ئارام بن تا دوو بەرەی شەڕی لێ نەکرێنەوە.

سـاڵانی ١٩٨٣و ١٩٨٤ بالیسـان لـە گوندێکـەوە بـووە شارۆچـکەیەکی بچوك. خەڵك لـە هـەموو لایەکـەوە ڕوویـان تـێ دەکـردو بـازاڕی پـڕی تێدا

کرانەوە. بالیسان کەوتبووە ناوچەی خۆشـناوەتییەوەو پێشـتر سـەر بـە شـاری شەقلاوە بوو.

چـیای هـەورێ بەرانبـەر بالیسـان هەڵکـەوتووەو زنجـیرە شـاخی دەرەدارو دەرەشـێریش کەوتوونەتـە پشـتیەوە. ئـاو ڕاسـتەوخۆ لـە کـانی شـاخەکانەوە دەهاتو ئاو زۆر بوو. گەورەترین کانیـاو کـانی گـەورە بـوو کـە لـە ناوەنـدی گوندەکەدا بوو. کانیە بەناوبانگەکانی تر، کانی ئاشێو کانی باراوێو کـانی سارکێ بوون. بالیسـان لـە ناوچـەیەکی زۆر باریکـدا بـوو، بـە بـاغی تـرێو هەنارو هەرمێو قۆخو میوانـەوازیی خەڵکەکەی بەناوبانگ بوو.

تایبەتمەنـدی جـوگرافی ناوچـەکە وای کردبـوو جێیـەکی لـەبار بـێ بـۆ پێشـمەرگە. لەبـەر ئـەوە بـوو ڕژێمـی عێـراق لـە شـانزەی چـواری ١٩٨٧دا، نوێترین چەکی کیمیـاوی دژی دانیشـتوانی بالیسـان بـەکار هێنـا. هەنـدێك کەس گازکوژ کرانو هەندێکی تر بریندار بوون. ئەوانەی برینـدار بـوون، بـۆ ڕانیەو هەولێر گوازرانەوە تا لە نەخۆشخانەکاندا چارەسەر بکـرێن. بـەڵام لـە بری چارەسەرکردن لە لایەن هێزەکانی سەددامەوە دەسـتگیر کـرانو ڕەوانـەی باشووری عێراق کرانو لەوێ ئیعدام کران. دوای ڕووخـانی سـەددام حوسـێن ئەو جەستانە لە ناو گۆڕی بەکۆمـەڵدا دۆزرانەوە.

بالیسان بەو شێوەیە لەناوبرا. بەڵام دوای ساڵی ١٩٩١ گوندەکـە دروسـت کرایەوەو ئێستا دیسان کۆمـەڵگەیەکی گەورەیە. لە ساڵی ١٩٩٨ەوە بالیسان

بۆته چەقی ناحیەو ٧١ گوندی هەیە. ئەوەش بە پێی پێکهاته ڕەسمییەکان که له سەردەمی عوسمانییەوە هەن‌و تا ئێستا بەردەوامن.

## دکتۆر زریان

کەسێ کە لە سەردەمی بالیسانەوە لە بیرم ناچێتەوە پزیشکێکی گەنجە، دکتۆر زریان (عەبدولڕەحمان عوسمان یونس)، کە لە شارەوە هاتبوو، پەیوەندی بە پێشمەرگەوە کردبوو. لە زانکۆی موسڵ بەڵگەنامەی پزیشکی بەدەست هێنابوو، نەخۆشخانەیەکی بچکۆلەی بە کەرەسەی زۆر کەم‌و سەرەتاییەوە کردبۆوە. هەوڵی دەدا یارمەتی پێشمەرگە بریندارو نەخۆشەکان بدا هەروەها دانیشتوانی ناوچەکەش. لەو ناوچەیەدا زۆر چالاك بوو، هەندێ جار برینکاریشی دەکرد. بەهاری ساڵی ١٩٨٤ لە سەربانی نەخۆشخانەکەدا، لە بەر خۆرەکە برینکاری ئەنجام دەدا. لە ناو پێشمەرگەو خەڵکەکەدا زۆر خۆشەویست بوو، دوو جاران بە چەکی کیمیاوی، لەو ناوچەیەدا بریندار کرا. بە ڕاستی کوڕی میللەتی خۆی بوو، ئێستا وەزیری تەندروستییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. لە شوێنێکدا، کە بە دەگمەن کەسی گونجاو لە پۆستە گرنگەکاندایە، ئەو مرۆڤێکی زۆر گونجاوە بۆ ئەو پۆستە.

لەو ناوچەیەدا کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستی بە سەریدا دەڕۆیشت، ئێمە تەنها چەند کەسێکی چالاکی سەر بە پارتی گەل لەوێ بووین. لەبەر ئەوەیش یەکێتیی نیشتمانیی رکابەری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، حیزبەکەی ئێمەش تازە لەوەی دوایی دابڕابوو، دڵیان بە هەبوونی ئێمە خۆش بوو. یەکێتیی پێی وابوو بوونی پارتی گەل، پارتی لاواز دەکا.

من زیاتر سەرقاڵی کاروباری سیاسی بوومو بەردەوام هەوڵمان دەدا پەیوەندیمان بە لاوەکانی شارەوە هەبێ تا ڕایانبکێشینە حیزبە نوێیەکەمانەوە. خەڵك لەو حیزبە کۆنانەو شەڕی نێوانیان بێزار ببوون. ئێمە تاکە حیزب بووین کە داخوازی ڕوونمان لە مافی سەربەخۆیی کورددا هەبوو. حیزبەکانی تر پەیوەندییان بە دەوڵەتە دراوسێکانەوە هەبوو تا خۆیان بەڕێوە بەرنو نەیاندەتوانی ڕایگەیەنن کە کورد مافی خۆبەڕێوەبردنی هەیە. ئێمە بە ڕوونیی ڕاماندەگەیاند کە کورد وەك میللەتانی تر مافی خۆیانە بڕیار لە سەر چانووسی خۆیان بدەنو کەسی تر بڕیار نەدا ئاخۆ کورد چی بکات. لەبەر ئەو خاڵەو ماندووبوونی خەڵکی لە شەڕی ناوخۆ. زوو سەرنجی خەڵکمان ڕاکێشا. زۆر لایەنگرمان لە ناوچەکەدا پەیدا کردو کاری سیاسیمان پێکەوە دەکرد.

بەڵام ئێمە تەنها چوار پێنج کەسی چالاکی سەر بەو حیزبە بووین. ئەوانی تر لە سووریاو ئێرانو لە ناو شارەکانی کوردستانی عێراقدا بوون. یەکێتیی

نیشـتمانیی ئێمـەی قـەبووڵ بـوو، بـەڵام هەمیشـە بیریـان دەخسـتینەوە کـە لایەنگرەکانی ئەوان رانەکێشین‌و  لە ناو پێشمەرگەدا کاری سیاسـی نەکـەین. دەبوو لەوەدا وریا بین.

## لەگەڵ قاچاغچیدا بەرەو ئێران

وردە وردە پەیوەنـدی نێـوان حکوومـەتی عێـراق‌و یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردستان خراپترو خراپتر دەبوو. شەڕی پارتیزانی لە ناوچەکەدا دەسـتی پـێ کـردەوە. بالیسـان گونـدێکی زۆر گـەورەو جـوان بـوو، سروشـتێکی نایـابی هەبوو. مرۆ لەو ناو شاخانەدا نە تەلەفۆنی هەبوو نە تەلەڤزیۆن، ئەوەی هەبوو ڕادیـۆ بـوو بـە وێسـتگە ناوچـەییەکانیەوە. مـرۆ بـە تـەواوی دادەبـڕا. تاکـە پەیوەندی لە ڕێی ئەو وەرزێرانەوە دەکرا کە شتومەکیان دەهێنا .

هەتا مانگی هەشتی ١٩٨٤ ئەو جۆرە کارانـەم بـەڕێوە دەبـرد. دوای ئـەوە بڕیارمـدا بچـمە ئێـران‌و لـەوێ پەیوەنـدی بـە ئەندامـە چـالاکەکانی حیزبەکەمانەوە بکەم‌و پەیوەندیش بە جیهانی دەرەوە پەیدا بکەم. بەڵام ئێـران دوور بـوو، چـیای زۆر دەهاتنـە ڕێ‌و دەسـتەوتاخمی جیـاوازی حیـزب‌و پێشمەرگەی لێ هەبوون. تاکە ڕێگا ئەوە بوو لەگەڵ قاچاغچـیدا بـڕۆم، دەنـا دەبوو لەگەڵ پێشمەرگەدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بڕۆم. بەڵام ئەمەیان کاتێکی زۆری دەخایاند. لەبەر ئەوە بڕیارم دا لەگەڵ قاچاغچیدا بڕۆم.

گەڕام‌و دوو قاچاغچیم دۆزینەوە کە لە گوندی عەلی ڕەشـی نـاو ئێرانـەوە کەرەسەیان دەهێنـا. ئـەو گونـدە لـە نـاو کوردسـتانی ئێـران، نێزیـك شـاری سەردەشتە. بڕیارم دا لەگەڵیاندا بڕۆم.

بەرلـەوەی بـەڕێ بکـەوم، بـە دزییـەوە چـوومـە نـاو شـاری هـەولێرەوە تـا مـاڵاوایی لە دایكو باوكم بكەم. دوای ئەوە نەمدەتوانی بیانبینمـەوە. بـەیانی زوو مـاڵاواییم لێ کردن.

ئـەوە سـەفەرێکی یـەکجار مەترسـیدار بـوو چـونکە قاچاخچـییەکانم نەدەناسین‌و ڕێی تێ دەچوو شتی زۆر لە ڕێگا ڕوو بدەن. بەڵام ژیان ئاوهایـەو ئەگەر بتەوێ شتێ ئەنجام بدەیت، دبێ بشوێری خۆت تووشـی مـەترسـیەکانی بکەیت.

ئەسپێکم بەکرێ گرت‌و پێکەوە بـە سـواریی کەوتینـە ڕێ. ئەسـپ‌و بـاری تریشـیان پـێ بـوو. ئەسـپ تاکـە ئـامێری هاموشـۆ بـوو. قاچاغچـییەکان کەرەسەیان لەگەڵ خۆیان دەبردە ناو سـنوورەکانی ئێـران‌و لـەوێوە خۆراکیـان دەهێنایە ناوچەکە. هەموو سەفەرێك چەندین ڕۆژو شەوی دەخایاند. لە هەندێ ناوچەدا، سەربازی عێراقی مابوونەوە. ئەگەرچی ژمارەیان کەمیش بوو بـەڵام بنکەکەیان لـە هەنـدێ ناوچـەدا هـەبوو. ئەگـەر خـەڵکیان بـدیبا تێدەپـەڕن، تەقەیان لێ دەکردن.

بەیانییەك بەڕێ کـەوتین‌و هـەمـوو ڕۆژەکـەو شـەویش هـەر بـەڕێوە بـووین. ئەوەی لە جەنگ‌و سەربازەکان خراپتر بوو، ڕێگاکان بوو. ڕێییەکان باریك بوون مـەترسـی ئـەوە هـەبوو ئەسـپەکان بگلـێن. ئەوەنـدەی دەترسـام بگلـێم لـەوە نەدەترسام تەقەم لێ بکرێ.

درەنگانی ئێوارە لەسەر کانییەك دانیشتینو ژەمە خۆراکی خۆمان خوارد. ئاگرمان کردەوە. ٢٨ی ئابی ١٩٨٤ بوو. شەو لەوێ ماینەوە، بەڵام نەختێ سەرما بوو. ناوچەکە نەختێ بە مەترسی بوو، دەبوو لە ئاگرکردنەوەدا وریا بین. قاچاخچییەکان، بەست بە بستی ناوچەکە شارەزا بوونو دەیانزانی پێشمەرگە لە کوێ هەنو بنکە سەربازییەکانی عێراق لە کوێ هەن. زۆر ڕوویان خۆش بوو بەڵام من دەترسام. سەفەرکردن لەگەڵ قاچاخچیدا، ئەوە دەگەیەنێ خۆت داوەتە دەستیانەوە.

ڕۆژی دوایی بەرێ کەوتینەوەو بۆ ئێوارەکەی لە گوندی عەلی ڕەش نێزیك بووینەوە. کتوپڕ، لە هەموو لایەکەوە تەقەمان لێ کرا. قاچاخچییەکان لەگەڵ شتی وادا ڕاهاتبوون، بۆیە خۆیان لە سەر پشتی ئەسپەکانیانەوە هەوادایە خوارەوەو لە ناو تاریکاییەکەدا خۆیان دایە پەنای بەرد. بەڵام من بە سواری ئەسپەکە مامەوەو ئەسپەکە دەستی بە غاردان کرد. من وەك ئەوان ڕانەهاتبوومو ناوچەکەش شارەزا نەبووم. بیرم لەوە کردەوە کە ئەسپەکە شارەزایەو ڕێی ڕاست دەگرێ. سەر پشتی ئەسپەکە، لە هەموو شتێکی تر سەلامەتتر بوو.

بەڵام تەقە زۆر دەکرا. منیشو ئەسپەکانیش دڵمان بەوە خۆش بوو گوللەمان بەرنەکەوتبوو.

لە خۆشییاندا پێکەنینم دەهات. خۆشترین دڵخۆشی ئەوەیە لە مەترسی دەرباز بیت. وەك ئەوە بوو ژیانم دەست پێ کردبێتەوە. نازانم مرۆ چ ناوێك لە

خۆشــی ئاوهـا بــنیٚ. خۆشـیی نـهجاتبوون؟ ژیـانم لـه سـیٚبهری دهسـهلاٚتی سهددامدا زۆر خۆشی لهو بابهتهی تیٚدا بوو. له زانکۆ بانگ بکریٚیته بنکـهی ئـهمنو دهسـتگیر نـهکریٚی، لـه سـالاٚنی بهرگریـدا خـۆت لـه نیٚـوان تاشـه بهردهکاندا مات بکهیتو ئهو لهشکرهی به لاتدا تیٚدهپـهڕن، فـهرقت نهکـهن، لهو بابهته خۆشییانه بوو. لیٚره له سوید، بیری ئهو جۆره سـاتهوهختە خۆشـانه دهکهم.

دوای نیٚزیکـهی سـهعاتیٚك، مـنو ئهسـپهکان گهیشـتینه گوندهکـه. لـه گوندهکهدا، چهند چاخانهیهك ههبوون که شهوو ڕۆژ کـراوه بـوون. خانیٚـك بـه لای یهکیٚك له چاخانهکهوه بـوو، ئهسـپهکانم لـهویٚ نـانو دهرگاکـهم پیٚـوهداو چوومه چـاخانهکهو لیٚـی دانیشـتم. چـهندین سـهعاتی پـیٚ چـوو تـا هـهردوو قاچاخچییهکان گهیشتن. به ناچاری به پیٚیان تا گوندهکه هاتبوون.

دهبوو قاچاخچییهکان سبهی ئیٚواره بهرهو بالیسان بگهڕیٚنهوه، منـیش لـه عهلی ڕهش به تهنها مامهوه. شهو بوو، لـهویٚ لیٚـی خـهوتم. نیـوهڕۆی سـیٚیهم ڕۆژ، خـهڵکی شـاری سهردهشـتم لـهو گونـدهدا دیـت کـه دهگهڕانـهوه بـۆ سهردهشت. لهگهڵیاندا بهڕیٚ کهوتم.

بهرهبـهری ئیٚـواریٚ گهیشـتینه سهردهشـت. لـهویٚ بـه بیرمـدا هـات کـه بیرکردنهوهی من ههڵه بوو. سهردهشت شاریٚکی بهرهی شهڕی عیٚـراقو ئیٚـران بوو. ژمارهیهکی زۆر سهربازو سوپای پاسداران لـهو ناوچـهیه بـوون. خـهڵکی شارهکه، باش یهکتریان دهناسیو مهحاڵ بوو دهرهکییهك لـه ناویانـدا ون بـیٚ.

چوومە ناو شارەوەو لەگەڵ خەڵکەکەدا قسەم کردو دەمویست تەلەفۆن بۆ ئەندامە چالاکەکانی حیزبەکەمان بکەم. بەڵام بە هۆی پەیوەندی زۆر خراپی هێڵی تەلەفۆنەوە، زۆر زەحمەت بوو پەیوەندی بە تارانو شارە گەورەکانی ترەوە بکرێ.

سوپای پاسداران، هەمیشە پرسیاری پێناسەیان لە خەڵکی دەکرد. وڵاتەکە لەگەڵ عێراقدا لە جەنگدا بوو، ڕێی تێ دەچوو بە تۆمەتی جاسووسی بگیرێم. لە بارودۆخێکی مەترسیداردا بووم. دەبوو خۆم بە دەستەوە بدەمو پێیان ڕابگەیەنم کە وەك پەنابەر هاتووم. شەو بوو، ئەگەر بچوومایەتە ئوتێل داوای پێناسەیان لێ دەکردم. لە سەر ئەوەشەوە، هەموو ناوی ئەوانەی لە ئوتێلدا بوون، سوپای پاسداران وردبوونەوەی تێدا دەکردن.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو، چومە پۆلیسخانەیەكو لە دەرگام دا. بە تێکەڵەیەکی کوردیو عارەبی پێم گوتن کە بە هۆی سەددام حوسێنەوە لە عێراق ڕامکردووە. پۆلیسەکان لەوە سەرسام بوون کە چووبوومە ناو وڵاتەکەیانەوە بە بێ ئەوەی کەس پێم بزانێ‌و لێم بپرسێتەوە. بنکەی زۆریان لە دەوروبەری شارەکەو گوندەکاندا هەبوو. دوای چەند قسەوباسێك ناردیانمە بنکەیەکی پاسداران.

لەوێ لێکۆڵینەوەیەکی کورتیان لەگەڵدا کردم لە بارەی هۆی چوونم بۆ ئێران. باسی پێشینەی سیاسی خۆمم نەکرد. نەدەبوو بارەکە ئاڵۆزتر بکەم. دڵیان بەوە خۆش نەدەبوو بڵێم لە حیزبێکی سیاسیدا کار بۆ مافەکانی کورد

دەکەم. بەوپەڕی ساکارییەوە گوتم نەمویستووە دژی ئێران بەشداری ئەو شەڕە بکەمو تاکە ڕێگاش هەر ئەوێ بوو بۆیە ئێرانم هەڵبژاردووە. ئەوشی مەسەلەکەی ئاسانتر کرد ئەوە بوو شارەزاییەکی باشم لە ئایندا هەبوو، ئەوەشی دیدارەکەی لەگەڵدا دەکردم، خۆی مەلا بوو، دیارە شارەزاییەکی باشی لە ئایندا هەبوو. دیتیان تازە خوێندنی زانکۆم تەواو کردووەو لەو بنکەیەدا هێشتیانمەوە تا ڕۆژێکی بۆ ئۆردوگای پەنابەرانم دەگوازنەوە. باشتر بوو لەو بنکەیەدا لەگەڵیاندا بژیم نەك لە ژوورێکدا دامنێنو بە تەنها بمێنمەوەو چاوەڕوانی گواستنەوە بم.

لەو چوار ڕۆژەدا کە لەوێ مامەوە، هەوڵم دەدا ڕازییان بکەم ڕێم بدەن خۆم بەرەو تاران سەفەر بکەم. بەلاّم بە پێی ڕێنماییەکانی ئەوان، بۆ دڵنیاییو سەلامەتی دەبوو لە ژێر چاودێریدا بگوازرێمەوە.

لە ئەنجامدا، ئۆتۆمبیلێکیان دەست کەوت کە چوار سەربازی چەکداری تێدا بوون. بردیانمە ئۆردوگایەکی بچووکی پەنابەران لە ورمێو لەوێشەوە بۆ تاران چوومو لەوێ، چوومە ئۆردوگایەکی پەنابەران لە کەرەج، کە شارۆچکەیەکی نیزیك تارانە.

# ئۆردوگای کەرەج

لە ڕێگا بەرەو ئۆردوگا خەم دایگرتبووم. من هاتبووم لە تاران، کە چەندین ملیۆن کەسی تێدابوو، هاوڕێ حیزبییەکانم بدۆزمەوە.

ئۆردوگاکە شوێنێك بوو چەند هەزار کەسێکی هەمەتەمەنی لێ بوون. زۆربەی پەنابەرە عێراقییەکان لەوێ جێگیر کرابوون. خەڵکی میللەتە هەمەچەشنەکانی عێراق بوون، کوردو تورکمانو عارەب، سوننەو شیعەو مەسیحی هەمەتەمەن. بازرگانو مامۆستا، خەڵکی هەمەجۆر کە بە هۆی هەمەجۆرەوە هاتبوونو لەوێ جێگیر ببوون. ئەوێ ئۆردوگای زوگورتییەکان بوو ـ چەند هەزار کەسێك بوونو زۆریان خەیاڵی سەفەری وڵاتانی ئەوروپا لە کەللەی دابوون.

ئۆردوگاکە لە ناوچەیەکی بەربەریندا دروست کرابوو. دەوری ئۆردوگاکە تەلی دڕکاوی بوو، شەوو ڕۆژ چاودێری چەکداری لێ بوون. دانیشتوانانی ناوچەکە پێیان وابوو ئێمە دیلی عێراقینو لە شەڕدا دەستگیر کراوین، چونکە ئۆردوگاکە لە هیچ ڕوویەکەوە بە ئۆردوگای پەنابەران نەدەچوو.

خانووەکانی ناو ئۆردوگاکە سێ نهۆم بوونو هۆڵی گەورەیان تێدا هەبوو، هەر هۆڵێکیش پەنجا تا شەست قەرەوێڵەی تێدابوونو هەر قەرەوێڵەیەکیش دوو قات بوو. بەو شێوەیە، هەر هۆڵێکو بە لای کەمەوە سەد کەسی تێدابوون.

لەو ئۆردوگایەدا، تێکەڵییەکی وابوو، کە پیاسەت دەکرد هەستت دەکرد بە ناو هەموو عێراقدا پیاسەت کردووە. لە جێیەك بە کوردی قسەیان دەکردو چەند مەترێك لەولاترەوە بە عارەبی قسە دەکراو نەختێ لەولاتریش بە تورکمانی قسەیان دەکرد. خۆش بوو کات بەوە بە سەر بەریت لەگەڵ دەستەی جیاوازی خەڵکدا قسە بکەیت. ئەگەر مرۆ بیری لە کێشەکانی خۆی کردباوە، بە ئاسانی دڵتەنگو بێزار دەبوو. باشتر بوو هەوڵ بدەی کات بە شتی خۆشو بەسوود بەریتە سەر. لەوێ، بۆ یەکەم جار، بە ئاشکرا لەگەڵ خەڵکیدا قسەم دەکرد. ئەگەر لە ناو عێراق هەمان ئەو کەسەت بدیتبا، نەدەکرا شتێ لە بارەی ژیانی خۆتەوە یا لە بارەی عێراقو سەددام حوسێنەوە باس بکەیت. بەڵام لەوێ خۆش بوو دانشیتو بە بێ ئەوەی ترست لە کەس هەبێ قسە بکەیت. دەمدی چۆن ئەو خەڵکە دڵی خۆیان دەکردەوەو باسی ئازارەکانی ژیانی خۆیانیان دەکرد. قسەکردن بە بێ ترسو لەرز بۆ عێراقییەکان وەك ئازادی بوو. قسەکردنی بە ئاشکرا عادەتێکی تازە بوو، پیاو دەترسا ئەو دەرفەتە بە سەر بچێ، بۆیە هەموان بەشدار دەبوون.

## نیگەرانییەکانی ئۆردوگا

هەندێ شتی ئۆردوگا کەمتر جێی دڵخۆشی بوون. لە جێیەکدا قوللەی چاودێری‌و سەربازی چەکدارت بە دیارەوە بن‌و دەورت تەلی دڕکاوی بێ، هەرگیز خۆش نییە. حەفتەی دوو ڕۆژ مەودامان دەدرا بچینە دەرەوەی ئۆردوگاکە. دەبوو بەیانی بچینە پرسگەو داوای ئیجازە بکەین. ئیدی پیاو دەیتوانی بە هەر کوێیەك بیەوێ، بچێ. دەتتوانی بچیتە تاران بە مەرجێ ئێوارە بهاتبایتەوە. دەبوو لە گەڕانەوەشدا پرسگە ئاگادار بکەیتەوە. مرۆ دەیتوانی لەو دوو ڕۆژەدا دۆست‌و برادەرانی خۆی ببینێ. ڕۆژەکانی تری هەفتەش، دەبوو لە ئۆردوگاکەدا بمێنیت.

لە ئەنجامی شەڕو ڕاکردندا، هەندێ کەس لە ئۆردوگاکەدا شێت بوون. لە بارودۆخی جەنگداو لە وڵاتێکی وەکو ئێراندا کە چوار ملیۆن پەنابەری تێدابوو، چاودێری تەندروستی پەنابەران خەسڵەتێکی نەزانەدراو بوو. زۆر ناخۆش بوو هەموو ڕۆژێك بیانبینی‌و هیچیشت پێ نەکرێ بۆیان ئەنجام بدەیت.

من لەگەڵ خوێندنەوەدا ڕاهاتبووم، بەڵام هێنانی کتێب‌و کەرەسەی نائاشنا بۆ ئۆردوگاکە قەدەغە بوو. کە لە دەرەوە کتێبێکم لە کتێبخانە دەکڕی، لە بن جلەکانم دەمشاردەوە. پیاو دەترسا بە کتێبەوە بگیرێ. کە کتێبەکەم دەبردە ناو جێیەکەم، هەمیشە لە بن سەرینەکە دەمشاردەوە تا چاودێرەکان لە کاتی تێپەڕبوونیاندا نەیبینن.

دەوڵەتی ئێرانی زۆری لە ئۆردوگاکان سەرف دەکرد. بەڵام بە هۆی گەندەڵی ئابوورییەوە هەرچی دەهات تا دەگەیشتە ئۆردوگاکان، شتێکی ئەوتۆی لێ نەدەمایەوە. دەبوو پەنابەر، خۆی چارەسەری خۆی بکا، جا یا بەو پارەیەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، یا کارێك بکاو پارە پەیدا بکا.

## کاری سیاسی لە تاران

نێزیکەی شەش مانگ لە ئۆردوگا مامەوە. لەو ماوەیەدا هەولْم دەدا گەنجەکان کۆ بکەمەوەو بە ئاشکرا لە بارەی سەددام حوسێن‌و عێراقەوە قسەمان دەکرد. بۆ پەیداکردنی لایەنگران بۆ حیزبەکەمان‌و پروپاگەندەکردن‌و بڵاوکردنەوەی نووسراوەکانی حیزبەکەمان دەرفەتێکی باش بوو.

لەو ماوەیەدا، لە تاران تۆڕێکی ڕیکخستنی حیزبیمان پێکهێنا. توانیمان لە ڕێی حیزبەوە شوقەیەك لە تاران بەکرێ بگرین. بەڵام من وام پێ چاك بوو ماوەیەکی تریش لە ئۆردوگاکەدا بمێنمەوە تا پەیوەندییەکانم بە خەڵکەوە نەپسێنم.

ئەو شوقەیەی بە کرێمان گرتبوو، کۆن بوو، لە گەڕەکێکی هەژارنشینی باشووری تاران بوو. گەڕەکەکە زۆر جەنجاڵ بوو، کەس بە ئاسانی لەوێ نەدەناسرایەوە. ئەگەر لە جێیەکی باشتر بوایە، بە ئاسانی دەستی بۆ درێژ دەکرا. بەڵام لە شارێکی وەکو تاران‌و لە گەڕەکێکی هەژارنشیندا، پیاو لە ناو خەڵکەکەدا دەتوێتەوە.

خۆمان ڕێکخستەوەو کۆمیتەیەکی ڕێکخستنمان لە کوردە عێراقییەکانی ناو ئێران پێکهێنا. کارێکی قورس بوو. من لە دەستەی بەڕێوەبەریدا بووم‌و کارم زۆر بوو، بەڵام خۆش بوو، کات بە خێرایی تێدەپەڕی. لە لایەکەوە لە گۆڤاری تازە دامەزراوی (پاڵە)دا کارم دەکردو لە

لایەکی ترەوەو لە ڕێی ڕیکخراوەکەوە خـەڵکێکی زۆرم دەدیـن. هـەمـوو ڕۆژێ ئاشنایەتیم لەگـەڵ خـەڵکی شـارەکاندا پەیـدا دەکـرد. کـاری مـن ئـەوە بـوو ڕۆژنامـەو چاپەمـەنییـەکانی حیزب بهێنمو لـە ئۆردوگاکـەدا دابەشـیان بکـەم. ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو.

## پشکنین‌و ڕاکردن

ڕۆژنامەو چاپەمەنییەکانی تری حیزبەکەم دەبردە ناو ئۆردوگاکەوەو بە سەر هاوڕێکانمدا دابەشم دەکردن. ڕۆژێکیان چاپەمەنیم لە پشتەوەی ژێر چاکەتەکەمدا شاردبۆوە. چاودێری بەر دەروازەکە، ویستیان بمپشکنن. لە بەر ئەوەی زۆر جار بەوێدا دەهاتم‌و دەچووم‌و قسەم لەگەڵ چاودێرەکاندا دەکردو ئاشنایەتیم لەگەڵ پەیدا کردبوون کە دەگەڕاینەوە نەیاندەپشکنین. بەڵام ئەو ڕۆژە سەربازی تازە چاودێرییان دەکردو من خۆم بۆ ئەوە ئامادە نەکردبوو.

نووسراوەکانیان دیتنەوەو لە سەرەتادا زۆر تووڕەو توندوتیژ بوون. بەڵام یەکێکیان کەمێ عارەبی دەزانی، پیشانم داو دیتی نووسراوەکان لە دژی سەددام حوسێن بوون. پێم گوتن من لە دژی سەددام حوسێن هاوکارییان دەکەم‌و هەردوو لامان دژی سەددامین، کەچی باوەڕیان نەکرد. هەوڵم دا ڕازییان بکەم‌و ئەوانیش دەیانویست نووسراوەکان پیشانی ئاسایشی ئۆردوگاکە بدەن.

بڕیار درا سبەی بەیانی لای ئاسایشی ئۆردوگاکە ئامادە بم. بیرم لەوە کردەوە کە دەبێ پێش ئەوەی کاتی دیتنەکە دیاری بکرێ لەوێ نەمێنم. هەموو جۆرە چالاکییەکی سیاسی لەو ئۆردوگایەدا قەدەغە بوو. ئەوان هەوڵیان دەدا پەنابەرەکان ببەنە ڕیزی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانەوە بۆیە نەیاندەویست چ ڕێکخراوێکی عیلمانی لەو کەشوهەوایەدا کار بکا.

بەیانی زوو بەئاگا هاتمەوەو یەکەم کەس کە لەوێ دەرکەوت، مـن بـووم. خۆشبەختانە، چاودێرەکان ئەوانەی ئێـوارە نـەبوون. چـوومە دەرەوەو هـەرگیز نەگەڕامـەوە. گواسـتمەوەو لـە تـاران چـوومە شـوقەکە. بزربـوونی پەنابـەران ئاسایی بوو، بەرپرسەکان بە دوایاندا نەدەگەڕان. لەو ماوەیـەدا ئێـران پلانـی گەورەی بۆ ئەوە هەبوو شۆڕشی ئیسلامی بە هـەموو ولاتـە ئیسـلامییەکاندا پەخش بکا. دەیانویست بـە سـەر سـەددام حوسـێندا سـەرکەونو دەوڵـەتێکی ئیسلامی لە عێراقدا دامەزرێنن، کـوردیش لـە چوارچێوەی ئـەو دەوڵەتـەدا بێت. پەیوەندییەکی زۆر باشیان لەگەڵ سووریاو حیزبوڵلای لوبناندا دروست کردبـوو. ئێـران پلانـی گـەورەی بـۆ ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت هـەبوو، بۆیـە نەیدەویست دەستەو ڕێکخراوی تر، بە ئایـدۆلۆژیای جیـاوازەوە شانبەشـانیان کار بکا.

## ژیان لە لای حاجی خانم

لەبەر ئەوەی تاران شارێکی گەورە بوو، لە سنوورەکانەوە دوور بوو، زۆر کۆنترۆڵ نەدەکرا. دەکرا پیاو لە ناو خەڵکەکەدا بزر بێ. ڕەنگە سەدان هەزار، تا ملیۆنێك عێراقیو ئەفغانی لە تاراندا هەبووبن. مەگەر تەنها لە کاتی ئەنجامدانی کاری نایاسابییدا تووش ببوایەن یا بە هۆی تێکچوونی تەواوی تەندروستی بچوونایەتە نەخۆشخانەو دەبوو بە هەر نرخێك بێ خۆت لەو شتانە لابدەیت.

شوقەکە لە لایەن برادەرێکی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکەمانەوە دابین کرا، کە حەزوورانی ئێرانی بوون. بینایەکی کۆنی گەورە بوو کە لە چەندین شوقە پێکهاتبوو، بە هەموویان یەك دەروازەی چوونە ژوورەوەیان هەبوو. بیناکە هی پیرەژنێکی هەشتاو پێنج سالی بوو، لە یەکێ لە شوقەکانی تەنیشتمان دەژیا. بە ژنەکەیان دەگوت حاجی خانم. حاجی واتە کەسێ چووبێتە زیارەتی مەککە، خانمیش بە فارسی واتا ئافرەتێکی ڕێزدار. نازانم حەجی کردبوو یا نا، بەڵام زۆر پیر بوو، ددانی نەمابوون. زۆر تەندروست بوو دڵی بە ژیانیش خۆش بوو. بەردەوام لێی دەپرسیم ئاخۆ لەوێ چ کارەم. وەڵامدانەوەی ئاسان نەبوو.

لەو ماوەیەدا ئەرکی سەرەکیمان سێ شت بوو .

بە دزییەوە، حیزبەکەمان لە ئێراندا ڕێك دەخستەوەو کاروبارەکانمان ڕێکتر دەکرد.

له شاره جیاوازەکانی ئێراندا، لـه نـاو کـورده عێراقییـەکانی نـاو ئێـران، ئەنـدامی چـالاکمان هـەبوونو پەیوەنـدیمان پێـوه دەکـردنو کـه دەهـاتن یارمەتیمان دەدانو ڕێکخراوه حیزبییەکەمان چالاك دەکرد. کوردی عێراقـی له ئێران یەکجار زۆر بوون، بۆیـه ئەوانـەی کاریشـمان لەگەڵـدا دەکـردن زۆر بـوون. گرووپـه حیزبییـەکان لـه نـاو ئێرانـدا لـه سـەدان کـوردی عێراقـی پێکهاتبوون.

پەیوەندی تەلەفۆنو نامـەمان لەگەڵ هاوڕێو سەرکرده حیزبییەکانماندا، چ لـه سـووریاو چ لـه ئـەورووپا بـەردەوام بـوو. لـه ئـەورووپا هاوڕێمـان زۆر بـوو، پەیوەندی تەلەفۆنیمان بە هاوڕێ حیزبییەکانی سووریاشەوه ئاسان بوو.

لـه گۆڤـاری (پاڵـه)شـدا کارمـان دەکـرد. پاڵـه، گۆڤـارێکی گـەورەو پێشـکەوتوو نـەبوو، بـەڵام بـه بـەراورد لەگـەڵ ئـەو بـارودۆخو توانایـەی ئـەو دەمـەدا، کارێکی گەوره بـوو. مـن بـه نـاوی هـەموجۆری خـوازراوەوه تیایـدا دەمـنووسی. بابەتی مێژوویی کـوردو کـەمێ لەسـەر شـیعری بـەرگریی بـڵاو دەکرانەوه. مەبەست ئەوه بوو خەڵکی هان بدرێن، خۆیان زەلیلی بەر دەسـتی ڕژێمی عێراق نەکەنو هێشـتا هیـوا مـاوه. هەنـدێ جـار شـیعری کورتیشـم دەنووسی. بابەتی هەمەجۆر له نووسینەکانی مندا هەبوون. دەبوو گۆڤارەکـه بنووسـرێو چـاپ بکـرێو بـڵاو بکرێتـەوه. ئـەوجا دەستاودەسـت ڕەوانـەی کوردستانی عێراق بکرێ.

بـۆ خۆڕێکخسـتنەوەو بەرپرسـیارێتی لـە ئێرانـدا، سـەرکردایەتییەکمان هەڵبژاردەوە. بـۆ هەڵبـژاردن، کۆبوونـەوەی ئاشـکرای ڕاسـتەوخۆمان نـەبوو، بـەڵکو بـە دزییـەوەو بـە پرسـوڕای هاوڕێیـانی ناوچـەکە کەسـانی شـیاومان هەڵدەبژارد. ئەوانەی بۆ دەسـتەی بەڕێوەبـەری هەڵبـژێردراین، مـنو ڕەمـزی خانەقینیو سادق حەسەنو لەزگین کۆچەر بووین.

کارێکی تر کـە ئـەنجامان دا، ئـەوە بـوو خۆمـان بـە ڕێکخـراوە عێراقـیو کوردییەکانی ناو ئێران بناسـێنین. لەگـەڵ ئەوانـەدا کـە بەشـێوەی یاسـاییو ئاشکرا لە ئێراندا کاریان دەکردو ئەوانەش کە بە نهێنی لەوێ بوون.

## ناوگۆڕینم بۆ جەمال

لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا تەوژم لەسەر بەرهەڵستکاران، لە عێراقدا زۆر زۆر بوو. ڕاستەوخۆ دەستیان بە بەرهەڵستکاران نەدەگەیشت، بۆیە دەستیان کرد بە چەوساندنەوەی کەسوکاریان. داوایان لە خێزانەکان دەکرد کوڕەکانیان بهێننەوەو بیانبەنە بەردەمی "دادگا". ئەوانیش ئەوەیان نەکردبا، سزا دەدران. ڕژێم یا یەکیکی لە خێزانەکە دەکوشت یا هەموو خێزانەکەی دەگواستەوە بۆ باشووری عێراق. بۆ ئەوەی دایكو باوکە پیرەکەمو خوشكو برا خێزاندارەکانم تووشی کێشە نەبەن، ناوی خۆمم گۆڕیو کردم بە جەمال.

لە بیرمە لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا لەگەڵ هاوڕێ حیزبییەکاندا کە لە ماڵی یەکێ لە هاوڕێکان بەڕێوە دەچوو، منو برادەرێکی تر چووین تا کۆڕێك بەڕیوە بەرم. هەر کە گەیشتینە ئەوێ، هاوڕێکەمان دەرگای کردەوەو چووینە باخچەی ژوورەوە. زۆر ماڵ باخچەی وایان هەبوو. هاوڕێکەم لێی پرسیم ئاخۆ چۆن خۆم دەناسێنم. کاتمان هەر چەند دەقیقەیەك هەبوو، پرسیم چ دەبێ بە ناوی خۆمەوە خۆم بناسێنم. ئەوان بە تەواوەتی نەیاندەزانی من خەڵکی چ ناوچەیەکم. دەیانزانی ئەوەی دێتە لایان لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەکەمانە، بەڵام لە بارەی منەوە هیچیان نەدەزانی. بۆی هەبوو باسکردنی خۆم مەترسی هەبێ. پێشنیازمان کرد بە ناوی جەمالەوە خۆم بناسێنم. دوای ئەوە، وەك جەمال محەمەد ئەمین ناسرام.

## بنكه له عێراقدا

مەبەستمان له کارکردن له ناو ئێراندا ئەوه بوو ڕێگا خۆش بکەین بۆ ئەوەی سەرکردایەتی حیزب لە ناو کوردستانی عێراقدا بنکەو بارەگای هەبێ. بۆ ئەو مەبەستەش، دەبوو دۆستمان له حیزبەکانی تردا هەبن. هەر حیزبەو ناوچەی چالاکی خۆی هەبوو، نەیدەویست کەسی لێ نزیك بکەوێتەوه. دەبوو پەیوەندی لەگەڵ ئەو حیزبانەدا پێك بێنین‌و ئاسایی بین، که له دژی سەددام حوسێن بوون. لەسەر ئەوەشەوه، دەبوو پەیوەندیمان لەگەڵ ئێراندا ئاسایی بێ.

ئێران ڕوانینێکی ناحەزانەی بەرانبەر پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان هەبوو چونکه حیزبێکی سۆسیال لیبراڵ بوو، به لای چەپایەتیدا دەشکایەوه، جگه لەوەش، ئێران پەیوەندی باشی لەگەڵ حیزبی دایك، پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبوو. هەندێ ڕێکخراو کە پەیوەندییان بە ئێرانەوه هەبوو، هەموو هەوڵێکیان ئەوه بوو وای پیشان بدەن کە ئێمە چەپڕەوی توندین. دەیانویست ئێران ڕاومان بنێت.

هەتا قسەو باسمان لەسەر عێراق‌و کوردی عێراق بوایە، بە لای ڕژێمی ئێرانەوه ئاسایی بوو. بەڵام ئەگەر پەیوەندیمان بە کوردی ئێرانەوه بکردبا‌و هەوڵمان بدابا ڕایانبکێشینە ڕێکخستنەکانەوه یا باسی کوردستانی گەورەمان کردبا ــ خەونی یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان ــ بە لای ئێرانییەکانەوه قابیلی قەبوولکردن نەبوو.

نەماندەویست سەرنجی دامودەزگاکانی ئێران بە لای خۆماندا ڕابکێشین. هەوڵمان دەدا پەیوەندیمان لەگەڵ ڕووناکبیرانی کوردی ئێراندا هەبێ، بەڵام پەیوەندییەکی سنووردار.

ئێران کێشەی تری زۆر بوون. لەگەڵ عێراقدا لە شەڕدا بوو، کێشەی ناوخۆی هەبوو کە دەبوو پێیانەوە خەریك بێت. تا ڕادەیەك پێیان خۆش بوو کە لە دژی سەددام حوسێن چالاکیمان دەکرد. لە ڕاستیدا، لەگەڵ ئێرانییەکاندا لە یەك بەرەدا بووین، بەڵام ئامانجی جیاوازمان هەبوو. ئێمە دەمانویست سەددام حوسێن برووخێ‌و دیموکراسی لە عێراقدا بەرقەرار بێ‌و لە ماوەیەکی دوورتردا ناوچە کوردییەکان مافی چارەنووسی خۆیان هەبێ. بەڵام ئێران دەیویست سەددام حوسێن برووخێ‌و شۆڕشی ئیسلامی بە سنوورەکانی عێراقدا بپەڕێنێتەوەو بەوەش، کاریگەری خۆی لە سەر بازنە ئاوییەکانی جیهانی موسوڵمانەکان پێکبهێنێ.

دەمانویست لە ڕێی چالاکییەکانمانەوە ئەو وێنەیە پیشانی ئێران بدەین کە دژی سەددام حوسێنین، بەڵام نابینە مایەی سەرهێشە بۆ ئێران ـ بە شێوەیەك گومانمان لێ بکەن.

هەتا سێپتەمبەری ١٩٨٥ بەو شێوەیە کارمان کرد. دوای ئەوە ڕێکخراوەکەمان ڕێکوپێکتر بوو، پەیوەندیشمان زۆرتر بوو. سەرکردایەتی حیزب هەمیشە دەیویست بگەڕێتەوەو بنکەو بارەگا لە عێراقدا دروست بکا. کێشەکە ئەوە بوو ئەوان لە سووریا بوون‌و سنووری سووریاش لەگەڵ عێراقدا

داخرابوو، پەلـەوەرێکیش پێیـدا دەربـاز نـەدەبوو. کەچـی بـە هـۆی جەنگـەوە سنووری نێوان ئێرانو عێـراق کـراوە بـوو، زۆر دەسـتەو تـاخمو قاچاخچـیو خەڵك بە ئاسانی پیایدا دەهاتنو دەچوون. بەڵام سنووری عێراقو سووریا بـە تەواوەتی داخرابوو. زۆر مەترسـیدار بـوو. ئـەوەی بیویسـتبا پێیـدا ڕەت بـێ، دەکوژرا. سـێزدە کـەس لـە ئەندامـە چـالاکەکانمان ویسـتیان تێپـەڕنو بێنـە کوردستانی عێراقەوەو بنکەو بارەگا بکەنەوەو تێکەڵاوی خەڵك بن. لە ٢٨ی نیسانی ١٩٨٤ لە لایەن سوپای عێراقەوە دەستگیر کرانو لـە ٣١ی نیسـانی ١٩٨٥ دوای یەك ساڵ بەندکردنو ئەشکەنجەدان ئیعدام کران.

ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی فارس ئامێدی (عیزەت عەبدولعـەزیز) کـە بەرپرسی ئەو دەستەیە بوو، زۆر ساڵان لە سوید ژیـابوو، هـاوڵاتی سـویدیش بوو. ئەویان خزموکەسی باڵادەستیان هەبوو، ویستیان ئیعدامکردنەکەی بـۆ بەندکردنی هەتاهەتایی داگرن، بەڵام فارس ئامێدی بەجەرگ بوو، بـەوە ڕازی نەبوو، ئەگەر ئەو کەمکردنەوەیە هەموو هاوڕێکانیشی نەگرێتەوە.

## گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق

دەستمان کرد بە خۆئامادەکردن بۆ گەڕانەوەی سەرکردە حیزبییەکانمان بۆ ناوچە کوردییە شاخاوییەکان. ئەرکی من ئەوە بوو بگەڕێمەوە بۆ کوردستانی عێراق تا ڕایبگەیەنم سەرکردایەتی حیزب دەگەڕێتەوەو بنکەو بارەگا دادەمەزرێنێ. چوومە ناو عێراقەوەو یەکێ لە کارەکانم ئەوە بوو (پالە باوانی) ببینم کە لە بالیسان بوو.

لە کۆتایی سێپتەمبەر تارانم بەجێ هێشت.

پیاو کە گەنج بوو، حەزی بە سەرکێشی هەیەو ترس کاری تێ ناکا. سەفەرەکە بەمەترسیی بوو، چونکە بە بێ بەڵگەنامە بە ئێراندا ڕەت دەبووم و دوای ئەوە بە ناو دەستەو تاقمی چەکداردا، دەچوومە کوردستانی عێراق.

بە پاس، چوومە شاری نەغەدەی ناوچە کوردییەکانی ئێران. لەوێ هاوڕێیەکی خێزانداری حیزبیمان هەبوو. لە ڕێی ئەوانەوە پەیوەندیم بە قاچاغچییەکانەوە کرد تا لە سنوور بمپەڕێننەوە. لەو سەفەرەدا، شتی وا ڕوویان دا کە لە بیرم ناچنەوە.

لە ناوچە سنوورییەکاندا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەستبالابوون. ماوەی نێزیکەی یەك حەفتە لەوێ مامەوە تا بۆم هەڵکەوت بە ناوچەکەدا ڕەت بم و بەرەو بالیسان بگەڕێمەوە. لە بنکەیەکیاندا مامەوە کە سیی تا چل چەکداریان هەبوو. بەیانییەکیان کە لە خەو ڕابووم، بیستم دوو کەسیان خۆیان تەحویل داوەتەوە هێزەکانی ئێران. بەوپەڕی ساکارییەوە،

بێزار ببوون. ئێشکگری شەو بوونو کە نۆرەیان هاتبوو هەندێ چەکیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو، چووبوونە بنکەیەکی سەربازە ئێرانیەکانو خۆیان بە دەستەوە دابوو. هەر وا بزر بوون. ڕۆژی دواتر، زۆر دڵمان بەوە خۆش بوو کە بەر لەوەی ڕابکەن، هەموومانیان لە خەودا نەکوشتبوو.

ڕۆژی دواتر، ئەو بنکەیەم جێهێشت تا بچمە بنکەیەکی تری (حدکا) کە سەرکردەکانیانی لێ بوون. ئەوانیش لەوێ بەندیخانەی خۆیان هەبوو. حەفتەیەك لەوێ مامەوەو ئەو ماوەیە دەمەتەقێی زۆر خۆش ڕووی دا. باسی حیزبەکەی خۆمانم کردو گوتم بە نیازین بچین بنکەو بارەگا لەو ناوچانە بکەینەوە. هەڵوێستیان بەرانبەرمان زۆر باش بوو.

لەگەڵ بەڕێوەبەری بەندیخانەکەدا چووینە بنکەکە. بۆی گێڕامەوە کە ئەفسەری عێراقییان لە لایە. لەبەر ئەوەی بەرهەڵستکاری ئێرانن شێوە پەیوەندییەکیان لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا هەیە. بنکەی سوپای عێراقی لە ناوچەکەدا هەبوو، بە ئاسانی دەچوونە لای یەکتر.

بەڕێوەبەری بەندیخانەکە پێی گوتم، کە گەیشتینە جێ، وا پیشان نەدەم عارەبی دەزانم یا تێیدەگەم. دەبێ وا پیشان بدەم کە کوردی ئێرانیمو سەر بە ڕێکخستنەکانی ئەوانم.

بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بوو، لە ژوورێکدا، لەگەڵ ئەفسەری عێراقیدا دابنیشم. خەڵکێکی زۆری لێ بوونو قسەیان دەکردو تێدەگەیشتم بەڵام وام

پیشان دەدا کە تێیاننناگەم. کات هەر نەدەڕۆیی. ئێوارە، ماڵاواییم لێ کردن‌و بەرەو دۆڵی بالیسان بەڕێ کەوتم. سەفەرەکم دوو حەفتە زیاتری خایاند.

لە ڕێگای بەرەو بالیسان‌و وەرتێ، دەبوو لە جادەیەکی قیرتاوکراو (ڕیگای خانەقا) بپەڕمەوە. بەڵام پەڕینەوەی ئەو ڕێیە بەمەترسی بوو. بنکەی سوپای عێراق لەو ناوەدا هەبوون. لە گوندێکی ئەو نێزیکانە، ماوەی دوو حەفتە لە ماڵێکدا مامەوە تا مەودای پەڕینەوەم بۆ ڕەخسا. ئەوان، بە هۆی بۆردومانی فرۆکەوە گوندەکەیان چۆڵ کردبوو، هەندێ کەپرو پەنای کاتییان لە دۆڵەکەدا دروست کردبوو. پیاوەکە، کێڵگەیەکی گەورەی تووتنی هەبوو. بە ڕۆژەوە، لەگەڵیدا دەچوومە زەرعاتەکەو کارم لەگەڵیدا دەکردو بەردەوامیش بیرم لەوە دەکردەوە چۆن لەو ڕێگایە بپەڕمەوە. مەترسیدار بوو. دەیگوت: بیر بکەوە لەوێ دەستگیرت دەکەن. چاوەڕوان بە تا بارودۆخەکە ئارامتر دەبێ ئەوجا برۆ.

ڕۆژێکیان هەواڵ هات کە سەربازەکان ئەو شوێنەیان جێهێشتووە. لە بری ئەوان جاش چاودێری ڕێگاکە دەکەن. سەددام حوسێن لە بەرەکانی جەنگدا پێویستی بە سەربازەکان بوو، کوردە عەشرەتیە خائینەکانی قەید دەکرد. لە ئەنجامدا، لەگەڵ هەندێ کەسی تردا پەڕینەوەو بەرەو وەرتێ چووین، کە گوندێکی گەورەی ناوچەکە بوو. لەوێشەوە، بەرەو بالیسان بەردەوام بووین.

## بۆمباران باليسانی وێران كردبوو

گوند له دوای گونـدم بـڕیو لـه ئەنجامـدا گەیشـتمە بالیسـان، نێزیكـەی ساڵێك دوای ٢٨ی ئابی ١٩٨٤ كە بـەجێم هێشـتبوو. بـەڵام كـە لـە شـاخی دەرەشێر ڕەت بووم كە دەكەوێتـە پشـت گوندەكـەوەو بـەرەو خـوار تەماشـای گوندەكەم كرد، تەنها وێرانەم بـینی. سـوپای عێـراق بالیسـانو گونـدەكانی دەوروبەریان بۆمباران كردبوو. كانیاوو دارە بەربیەكانیان بۆردومان كردبوو، تاكوتـەرای خێـزان لـە ناوچـەكەدا مابوونـەوە. ئەوانـەی لـەوێ مـابوون، لـە پەناوپەسـێوی دوور لـە یـەكتر، لـە ترسـی بۆردومـانی فڕۆكـە لـە دەرەوەی گوندەكە جێگیر ببوون.

كە چوومە گوندەكەوە، پرسیاری پاڵەی هاوڕێی حیـزبیم كـرد. نەمـدەزانی ئاخۆ لەوێ ماوە یا نا، بەڵام دەمزانی لە ناو خەڵكی ناوچەكە ناسـراوە، بۆیـە پرسیم ئاخۆ كەس دەزانێ پاڵە لە كوێیە. پیاوێـك پێـی گـوتم كـە پاڵـە، لای مەلا عەبدوڵا، لە گوندی كانی بەرد دەژێ، كـە چـارەكە سـەعاتە ڕێیـەك لـە بالیسانەوە دوور بوو. بەرەو ماڵەكە چووم. مەلا عەبدوڵا كوردی توركیا بـوو، لەبـەر ئـەوەی بەربـەرەكانێی تـوركی كردبـوو، كوردسـتانی توركیـای بـەجێ هێشتبوو. دوو ژنی هەبوونو خێزانەكەی لەیەك هەڵوەشابۆوە. هەندێكیان لـە ئێران دەژیانو هەندێكیان لە بەغداو بەخۆشی لەو گوندەدا بوو.

بەرەو ئەوێ چووم‌و لە دەرگام داو تووشی سەرسوڕمانم کردن. دیتم خـۆی‌و پاڵە لەوێ دانیشتبوون. باوەڕیان نەدەکرد کەس بە تەنها بتوانێ لـە ئێرانـەوە بۆ ئەوێ سەفەر بکا.

بە پاڵەم گوت کە دەبێ بڕۆین تا هاوڕێیانی خۆمان لە ناوچەکەدا ببیـنین. ئەگەر بکرێ سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانییش ببینین. من نامەیـەکم لـە سامی عەبدولڕەحمانی سەرکردەمانەوە بۆ سـەرکردایەتی یـەکێتیی پـێ بـوو. سەرکردەکانی یەکێتیی لەو ناوچانەوە دوور بوون، بەڵام بنکەی تریان هەبوو، هەرچۆنێ بێ دەستیان بە سەر ناوچـەکەدا دەڕۆیـی. دەکـرا بـە پێیـان بچـینە لایان. پێمان خۆش بوو بەر لەوەی بگەڕێینەوە بۆ ئێران بیانبینین تـا بتـوانین وزەی خۆمان کۆ بکەینەوەو بنکەو بارەگا دابنێین.

مـەلا عـەبدوڵا چووە دەرەوەو بەرخێکی سەربڕی. کورد ئەو عادەتەیان هەیە ئەگەر میوانیان لە دوورەوە بێ، بەرخی بۆ سەر دەبڕن. لێی پرسیم ئاخۆ کەی بەڕێ دەکەوین. گوتم ڕەنگە سبەینێ بڕۆین. بەڵام ئەو گوتی بەرخم سەربڕیوەو هەتا هەموو گۆشتەکەی نەخورێ، نابێ بـڕۆین. منـیش گـوتم ژمارەمـان زۆر نییەو ئەگەر بمانەوێ هەموو گۆشـتەکە بخـۆین، چـەند ڕۆژێکمـان پـێ دەچـێ. نێزیکەی حەفتەیەك مابینەوە. ئەو ماوەیە قسەو باسـی خۆشمـان لەگـەڵ مـەلا عەبدوڵادا هەبوو. دوای ئەوە بەڕێکەوتین.

زۆری نەبرد مەلا عەبدوڵا بە دەستی سـەربازە عێراقییـەکان لـەو ناوچـەیە کوژرا. پیاوێکی زۆر ڕووخۆش‌و میواننەواز بوو، زانیاری زۆر بوو، بە ئاسـانی

**دەچــووە دڵــەوە. چــیرۆكو بەســەرهاتی سەرنجڕاكێشــی دەگێڕایــەوە. ئەگەرچــی بارودۆخی ناوچەكە خەماویو ناخۆشیش بوو، بەڵام هاودەمێتی ئەو زۆرخـۆش بوو.**

# دیدار لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا

لە بالیسانەوە بەرەو ئێران گەڕاینەوە، بەڵام بە هەمان ئەو ڕێیەدا نا کە پێیدا هاتبووم. دەبوو سەردانی سەرکردەکانی یەکێتیی بکەین. ناوچەیەکی بەربەرین بوو کە دەبوو بە پێ بیکوتین. نەدەبوو سواری ئۆتۆمبیل بین چونکە سەربازو چەکداری عێراقی لە ناوچەکەدا هەبوون. ئەم جارەیان، زیاتر لەگەڵ پێشمەرگەی ئەو ناوچەیەدا ڕێمان دەکرد. هەندێ ناوچە ئەوەندە مەترسیی زۆر بوو نەدەکرا بە تەنها بڕۆی. یەکێتیی دەسەڵاتی بە سەر گوندەکانو شاخەکاندا گرتبوو بەڵام ڕێیە گەورەو قیرکراوەکان، سوپای ڕژێمی عێراق دەستی بە سەریاندا گرتبوو. مرۆ کە لەو ناوچەیە دەچووە شوێنێك، باشتر بوو لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگەدا بڕوات. ئەگەر بنکە سەربازییە عێراقییەکان ژمارەی زۆری پێشمەرگەیان بدیتبا، خۆیان لێ گێل دەکردن گوایە نەیانبینیون. بەڵام ژمارەیان کەمبوایە تەقەیان لێ دەکردنو هێرشیان دەکردنە سەر.

چەندین شەوو چەندین ڕۆژ بەو ڕێگاو گوندە بچووکانەوە بووین تا گەیشتینە بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی. لە ناوچەیەکی سەر بە سلێمانی بوون کە شارێکی گەورەیە. ئەو گوندانەی کە بنکەو بارەگایان لێ دانابوون، سەرگەڵوو بەرگەڵوو هەڵەدنو یاخسەمەرو جێی تر بوون.

یەکێتیی، جگە لە بنکەکانیان، ئێزگەیەکی ڕادیۆشیان لەو ناوچەیەدا هەبوو، تەنانەت بەندیخانەشیان هەبوو. یەکێتیی لەو ناوچەیەدا گەورەترین هێز بوو، لە زۆر لاوە هێرشیان دەکردە سەر سوپای عێراق. لە گوندەکانی دەوروبەری سلێمانیو هەولێر پێشمەرگەی گەڕۆکیان هەبوو. بەڵام بنکەی سەرکردایەتییان لەو گوندانەدا جێگیر ببوو.

بنکەی سکرتێری گشتی یەکێتیی، جەلال تاڵەبانیش، کەئێستا سەرۆك کۆماری عێراقە، لەوێ بوو. کە چووینە ئەوێ، مەبەستمان ئەوە بوو جەلال تاڵەبانی ببینین. بەڵام لەو کاتەدا لەوێ نەبوو. لە بری ئەو، (دکتۆر فوئاد مەعسووم)ی هاوکاریمان بینی، کە ئێستا ئەندامێکی گرنگی پەرلەمانی عێراقە. بەرپرسی گرووپی کوردە لەو پەرلەمانەدا. نامەیەکی دۆستانەی سامی عەبدولڕەحمانم پێ بوو بیدەمێ.

بە درێژایی ئێوارەیەك لەگەڵیدا دانیشتینو باسی سیاسەتمان کرد. پێمان گوت کە دەمانەوێ پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتییدا باش بێو مەبەستمانە بگەڕێینەوە کوردستانی عێراقو بنکەو بارەگا دابنێین. باسی ئەوەمان کرد کە کاری وا کورد دەکاتە یەك بەرەوەو لەو پەرشوبڵاوییە دەرباز دەبێو لە گەمەی نێوان ئێرانو عێراقو تورکیاو سووریا بێ بەها نابین. ئەگەر حیزبە کوردییەکان لە سەر یەك بەرنامە ڕێك بکەونو کاری لە سەر بکەن، دەبێ بەرەیەکی کوردیمان هەبێ. بەڵام دیار بوو لە ناوچەیەکی ئاوهادا کە ئامانجی جیاوازی تێدان، کاری وا زەحمەتە.

بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی، چەترێك بوو بە سەر ڕێکخراوە فەلەستینییەکانەوە. ئەگەر لایەنێك چەترێکی وای هەبێ، دەتواندرێ پەیوەندی پێوە بکرێت. بەڵام ئەگەر کەسێ ویستی پەیوەندی بە کوردەوە بکا، بە کێوەی بکا؟ باسی بابەتی جیاوازمان کرد.

برادەرێکم، کە لە زانکۆ پێکەوەمان دەخوێندو ناوێ پشکۆ عەبدولخالق بوو، لەوێ بوو. تەکنیکی ئیلیکترۆنی لە زانکۆی تەکنەلۆژیای بەغدای خوێندبوو. ڕادیۆیەکی بۆ یەکێتیی دامەزراندبوو، کاتێ من لە بنکەکە بووم، تووشی یەکتر بووین. یەکجار زیرەکبوو. ئێستا لە هۆڵەندا دەژی. خەڵکی هەمان گەڕەکی هەولێر بووینو چوار ساڵیش لە زانکۆ، لە بەغدا پێکەوە بووین. ئەندازیارێکی لێهاتوو بوو، لە جیهانی توێژینەوەدا جێی گرتبوو. باوکی کە ناوی عەبدولخالق مەعرووف بوو، هەم نووسەر بوو هەم تێکنیککار. ساڵی ١٩٨٥ لە ناو هەولێر شەهید کرا.

دوو ڕۆژم لە لای پشکۆی هاوڕێم بەسەر برد. دوای ئەوە، منو پاڵە کاغەزێکمان لە دکتۆر فوئاد مەعسوومەوە پێ درا تا لە ناوچەکەیاندا کەس دەست نەخاتە ڕێمان. ناوچەیەکی یەکجار فراوان بوو، دەستەی هەمەچەشنە لە ناو یەکێتییدا هەبوون. بە وەرەقەی دکتۆر فوئاد مەعسوومەوە، دەمانتوانی بە بێ کێشە ڕێیەکان ببڕین.

گەڕاینەوە بۆ شاری ورمێی ئێرانو چەند ڕۆژێك ماینەوە. حیزبی سۆسیالستی کوردستان نوێنەریان لە ورمێ هەبوو. بەرپرسی

پەیوەندییەکانی ئەو حیزبەمان دیت، کە ناوی مەلا ناسیح بوو. بەر لەوەی بەرەو تاران برۆین، قسەمان لەگەڵیدا کرد.

## دامەزراندنی بارەگاکانی حیزب

ئامادەکاریمان بۆ ئەوە کردبوو بنکەی حیزبی لە کوردستانی عێراقدا بکەینەوە تا لە نزیکترەوە تێکەڵاوی جەماوەر بین. دیارە لەو سەروبەندەدا نە ئینتەرنێت هەبوو نە تەلەفۆن. پەیوەندیکردن بە خەڵکەوە زۆر زەحمەت بوو. هەموو پەیوەندییەك لە ڕێی کاغەزو نامەوە بوو. مەودای نێوانمان دوور بوو، سنوورەکانی عێراق ـ تورکیاو عێراق ـ سووریا چاودێری دەکران. بەزاندنی سنوور زۆر زەحمەت بوو. مرۆ بە هۆی بچووکترین هەڵەوە دەستگیر دەکراو لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە ئیعدام دەکرا. لەبەر ئەوە، تاکە ڕێگا بۆ بڵاوکردنەوەی سیاسەتی خۆمانو بەربەرەکانیکردنی ڕژێمی عێراق ئەوە بوو بنکەمان لە ناو کوردستانی عێراقدا هەبێ. بنکە دەبووە هۆی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا. ئێمە خەڵکی زۆرمان لە شارەکانو گوندەکاندا هەبوو، دەبوو بنکە بکەینەوە تا کۆیان بکەینەوە.

سەرکردایەتی حیزبمان لە سووریا بوو، تاکە ڕێگاش بۆ گەڕانەوەی، ئێران بوو. حیزب پەیوەندی بە ئایەتوڵڵا حەکیمەوە کرد کە ڕابەری بزووتنەوەی

شیعەی عێراق بوو، بۆ ئێران ڕایکردبوو، بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستکاری لە دژی سەددام حوسێن دامەزراندبوو. حیزب هەوڵی دا لە ڕێی ئەوەوە ئێران نەرم بکا ڤیزە بە سەرکردەی حیزبەکەمان بدا تا ڕێی گەڕانەوەی پێ بدرێ‌و بگاتە کوردستانی عێراق.

لە سەرەتاوە زۆر زەحمەت بوو. سامی عەبدولڕەحمان بەوە تۆمەتبار کرابوو کە کاتێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پەیوەندی بە ئەمەریکاو ئیسرائیلەوە هەبووە. لە هەمان کاتدا، لە لایەن هەندێ لە ئێرانیەکانەوە بەوە تۆمەتبار دەکرا کە چەپڕەوەو پەیوەندی بە سۆڤیەتەوە هەیە. ڕەنگە هەردوو تۆمەتبارکردنەکە ڕاست بووبن. ڕەنگە کاری وا جێی سەرسوڕمان‌و نابەجێ بێ، بەلام ئەگەر تەماشای واقیعەکە بکەین، ڕێی تێ دەچێ ڕاست بووبێ.

ئەو دەمەی سامی عەبدولڕەحمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەو حیزبە پەیوەندی بە ئەمەریکاو ئیسرائیلەوە هەبوو، پەیوەندییەکان لە ڕێگای ئەوەوە بوون. دواتر کە حیزبێکی دامەزراند، ویستی ئەو مۆرانە لە سەر خۆی لابەرێ‌و وەك چەپڕەو خۆی پیشان بداو وەهاشی پیشان دەدا کە پەیوەندی بە سۆڤیەتەوە هەیە. لەبەر ئەوە، بۆیە ڕێی تێ دەچوو هەردوو گومانەکە ڕاست بن.

له ئەنجامداو لـه ڕێـی ئایـەتوڵڵا حەکیمـەوە ئێـران بـاوەڕی هێنـا کـە بـۆ میللەتی ئێران‌و ناوچەکە جێی مەترسی نییەو خەباتەکەی تەنها دژی سەددام حوسێن دەبێ. ڕازی بوون‌و ئەویش گەڕایەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی بەوە زۆر دڵخۆش بوو کە ئێمە دەگەڕێینەوەو بنکـەو بارەگـا دادەنـێین. کوردسـتانی عێـراق کرابـوە دوو بەشـەوە. بەشـێکیان هـی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان بـوو، ئـەوی تـر هـی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان بوو. لایەنگرانی ئێمە لە ناوچەکانی پارتی بـوون‌و یـەکێتیی ئـەو هیوایەی هەبوو ئەو کارە پارتی لاواز بکاو بۆ یـەکێتیی ببێتـە دەسـتکەوت. شتێکی تر ئەوە بوو کە حیزبە بچووکەکان گەڕانەوەی ئێمەیان پێ خۆش بـوو چونکە لە ژێر دەسەڵاتی ئـەو دوو حیزبـە گەورەیـەدا بـوون. پێیـان وابـوو بـە گەڕانەوەی ئێمە بۆ ناوچەکە، تەوژم لە سەر ئەوان کەم دەبێتەوە.

لـە کۆتـایی ئۆکتۆبـەری١٩٨٥دا سـامی عەبـدولڕەحمان لـە سـووریاوە گەڕایـەوە. بـۆ پێشـوازیکردنی چـووینە تـاران‌و ماوەیـەك لـەوێ مـاین‌و لایەنگرانی خۆمان گرد کردنەوە تا پێشوازی لـێ بکـەن. دوای ئـەوە چـووینە کوردستانی عێراق تا بنکەو بارەگا بکەینەوە.

لە دۆڵی خواکورك دوو بنکەمان دامەزراند. لایەنگرمان زۆر بـوون بـەڵام نەمانـدەتوانی بنکـەی زۆر گـەورە دابنـێین. مەسـەلە پـارتیزانی بـوو، بـۆ سەلامەتیی، بە سەر گرووپی بچووکدا دابەش بـووین. ئـەوەش، گواسـتنەوەی

خێراو بەڕێوەبردنی مسۆگەر دەکرد. ئەگەر بنکەی گەورەمان دامەزراندبا، خراپ دەبوو، دواتر دەردەکەوت کە ناتوانین بەڕێوەیان بەرین.

بە دووسەد کەس، لە هەردوو بنکەکەدا دەستمان پێ کرد. ئەوانە باشترین ئەندامان بوون. تا بنکەکان دامەزرانو چەك پەیدا کران کاتێکی زۆری ویست. بەڵام قاچاغچیو چەکفرۆش هەبوون.

مەسەلەی داهاتی حیزبەکەمان چیرۆکێکی دوورودرێژە. لە حیزبەکەی ئێمەدا، وەك هەموو حیزبەکانی تری کوردستان، ڕەنگە هەموو حیزبێك لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا وابێ، تەنها سەرکردە دەزانێ ئەو پارەیە لە کوێوە دێو بۆ کوێ دەچێ. کەسی تر نازانێو مافیشی نییە بزانێ.

بە پێی گوتەی سەرکردایەتی، داهاتی پارتی گەل لەو کۆمەكو هاوکارییانە پێك هاتبوو کە لایەنگرانی حیزبو بازرگانە کوردەکان بە حیزبیان دەدا، جگە لەوانەش ئەو هاوکارییە داراییەی کە سەرۆکی لیبیا، موعەمەر قەزافی دابووی.

لە حاڵەتی ئێمەدا، پارە بە شێوەی ڕاستەوخۆ نەدەهاتە کیسەی ڕێکخراوەکانی حیزب لە کوردستان، بەڵکو لە ئەوروپا سەرمایەگوزاری پێ دەکرا.

ماوەی چەندین ساڵ هاوکاری نێزیکی سەرکردەی حیزبەکە بووم. ئەوەندە لێیەوە نێزیك بووم، کە کاری ڕۆژانەم لەگەڵیدا بوو. کەچی هەرگیز نەمزانی ئەو پارانە لە کوێوە دێنو چەندن یا بۆ کوێ دەچن .

لە هەمان ئەو کاتانەدا کە بنکەکانمان کردنەوە، سەرقاڵی دەرکردنی هەردوو چاپەمەنییەکانیشمان دەبووین. بە کردنەوەی ئەو بنکەکانە، ئیتر بڵاوکردنەوەی ئەو چاپەمەنییانە ئاسان بوو.. پێشتر زۆر زەحمەت بوو. چاکییەکی تری بنکەکان ئەوە بوو کە پەیوەندی ڕۆژانەمان بە خەڵکەوە بۆ دروست بوو. لە شارو گوندەکاندا، پەیوەندیمان بە لایەنگرانی خۆمانەوە دەکرد. دەیانزانی بنکەمان هەنو دەیانتوانی بۆ قسەکردنو گفتوگۆ سەردانیمان بکەن، ئەگەرچی ڕێیەکی دوورو مەترسیداریشیان لە پێش بوو.

ئیدی کە جێی خۆمان گرت، کاریگەری ڕۆژانەمان لە سەر ڕووداوەکان هەبوو. ڕای خۆمان دەردەبڕیو قسەی خۆمانمان دەگەیاندو دەمانتوانی لە ناوچەکەدا هاوکاری بەرهەڵستکارە کوردستانیو عێراقییەکان بکەین. جگە لە حیزبە کوردییەکان، پارتی کۆمۆنستی عێراقیش لە ناوچەکەدا هەبوونو زۆر چالاك بوون. دروستکردنی بنکەکان، بەو شێوەیە پێویست بوون.

پارتی گەل، نەختێ لە خوارترەوە، لە ناوچەی بالیسانی نێزیك هەولێر بنکەیەکی تری دانا. دواتر بنکەیەکی ترمان لە نێزیك سلێمانی دامەزراند. هەوڵمان دەدا پەیوەندی بەردەوامان لە ناوچەکانی دەوروبەری دهۆك، لەناوچەی بادیناندا هەبێ. دەمانتوانی بەو شێوەیە، هەم چالاکی سیاسیمان هەبێ، هەم چالاکی سەربازی.

من لە سەر کاری سیاسی، لە حیزبەکەدا بەردەوام بووم. بنکەیەکی پەیوەندیشمان کردەوە کە بووە ڕووی دەرەوەی حیزبەکە ــ بەرەو ئێرانو

ئەوروپا. من بوومە بەرپرسی ئەو دەزگایە. لە بەر ئـەوە گەڕامـەوە بـۆ ورمـێ چونکە پەیوەندیکردن لەوێوە ئاسان بوو نەك لە شاخەوە.

## کۆنگرەی نائاسایی حیزب

یەکێ لەو ڕووداوە گەورانەی کە ساڵی ١٩٨٧ بۆ حیزبەکەمان هاتە پێش، کۆنگرەی نائاسایی حیزب بوو. لە بەر دوو هۆ ئەو کۆنگرەیەمان کـرد. ئـەوە یەکەم جار بوو لە مێـژووی حیزبـدا بـە ئـازادی کـۆنگرەی وا بکـرێ. پێشـتر، کۆبوونـەوەو کۆنفرانسـەکانی حیـزب لـە سـووریاو وڵاتـانی تـر بـوونو ئـەو ئازادییە نەبوو مرۆ چی دەوێ بیڵێ چونکە ناچـاریی وای کردبـوو بـارودۆخی ئەو وڵاتانە ڕەچاو بکرێ کە ئەوانی لێ بوون. بەڵام لەو جێیە، بۆ یەکـەم جـار لە سەر خـاکی ئـازادکراوی کوردسـتان بـووینو پێویسـت نـەبوو ڕەزامەنـدی کەس ڕەچاو بکەین. جگە لەوەش سێ جێگە لە ناو کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا بە بەتاڵیی مابوونەوەو دەبوو پڕ بکرێنـەوە. ئەنـدامێکی کۆمیتـەی ناوەنـدی دەستی لە حیزب بەردابوو، یەکێکی تر (نووری شاوەیس) لە لەنـدەن کۆچـی دوایی کردبوو، سێیەمیش (فارس ئامێدی) لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ئیعدام کرابوو. لەبەر ئەوە، دەبوو حیزب جێگاکانیـان لـە سـەرکردایەتی حیـزب پـڕ

بکاتەوە، ئەوەش پێویستی بە پرۆسەیەکی فەرمی هەبوو لە سەر شێوەی کۆنگرەی نائاسایی.

لە مانگی یانزەی ١٩٨٧دا، لە بنکەیەکمان لە دۆڵی خواکورك، بە بەشداریکردنی نوێنەرانی حیزب لە کوردستانی عێراق‌و ڕێکخراوی حیزب لە ئێران‌و تەنانەت لە ئەوروپاشەوە بۆ بەشداریکردن هاتبوون. مەودامان هەبوو لە ماوەی سێ ڕۆژدا دەمەتەقێ لە سەر سیاسەتی حیزب بکەین‌و پلانی داهاتوو دابنێین. چۆن بەردەوام بین؟

لە بیرمە یەکێ لەو بابەتانەی دەمەتەقێیەکی زۆرمان لە سەر کردو حیزبەکانی تری کوردستان‌و تەنانەت عێراقیش گرەویان لە سەر دەکرد، شەڕی عێراق ـ ئێران بوو. باسی ئەوەمان دەکرد ئاخۆ شەڕ ڕووداوێکی کاتییە یا نا. بارودۆخەکە نەگۆڕ نەبوو. ئەگەر عێراق‌و ئێران پێك بێن‌و ئاشتی بەرقەرار بێ چی ڕوو دەداو دەبێ ئێمە چی بکەین؟

بۆ زیادکردنی ئەندامانی سەرکردایەتی، کۆنگرەکە سێ کەسیشی هەڵبژارد، ئەوانیش پاڵە باوانی‌و دلێر ئەحمەدو من، کە چووینە سەرکردایەتییەوە.

## ئێزگەی ڕادیۆی حیزب

ڕووادوێکی تری گەورەی حیزب ساڵی ١٩٨٨ بوو، ئەوەش ئەوە بوو کە حیزب ئێزگەیەکی ڕادیۆی لە سوید پەیدا کرد. لە پێشدا گەیەندرایە سوریا، ئەوجا تاران. کە هەواڵمان زانی گەیشتووە، منو پشکۆ عەبدولخالقی هاوڕێی دێرینی خوێندنم، کە لە ئێزگەی ڕادیۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کاری دەکردو لەو کاتەدا لە لای من میوان بوو، چووینە تاران تا بیهێنین. دوای چەند ڕۆژێکی پشکنینو کاری بیرۆکراتی، لە ئەنجامدا ئێزگەکەمان وەرگرت. لە سێ کارتۆندا بردمانە ئەو ئۆتێلەی کە لێی دابەزیبووین. پشکۆ ئەوەندە پەلەی بوو دەیویست هەر لە ژووری ئوتێلەکەدا بیخاتە کار.

چەند ڕۆژێك لە ئوتێلەکەماینەوەو هەموو ڕۆژێك لە کارتۆنەکان دەریدەهێنانو تەماشای دەکردن. لە بواری تەکنیکدا بە توانا بوو، حەزی لە ئامێری وا دەکرد. پیکابێکمان بۆ ورمێ بە کرێ گرتو لەوێشەوە بۆ سەر سنوور. دەمانتوانی بە ڕێگەپێدانی ئێرانییەکان بیبەینە ناو کوردستانی عێراقەوە. ماوەی چەند ڕۆژێك لەوێ کاری زۆرمان کرد تا توانیمان ئێزگەکە دانێینو بیخەینە کار.

ئیزگەکە بۆ ئەوە زۆر باش بوو ژمارەیەك لە کادیرانمان سەرقاڵ بکەینو دەنگیشمان ببیسترێ. لە هەموو گوندە نێزیکەکانو شارەکانی دەوروبەر، لە ڕێگای ڕادیۆوە دەنگمان دەبیسترا. بیری لێ بکەوە لە سەردەمی سەددام حوسێندا قسە لە دژی بکەیتو خەڵکیش بتبیستێ! ئەوە سەرکەوتنێکی زۆر

گـەورە بـوو. سـوپای عێـراق کەوتـە تاقیبکردنمـان بـەڵام ئێمـە بـەردەوام شەپۆلەکانی پەخشکردنمان دەگۆڕی.

دوای شەش مانگ، بەرنامەی تەواو ڕێکوپێکمان پەخش دەکرد. کـادیری خوێندەواری لێهاتوومان هـەبوون، هەنـدێکیان ئـەکادیمیای هونـەریان تـەواو کردبوو، ڕێك بۆ کاری ئاوهـا ئامـادە کرابـوون. حیـزب، بـۆ هـەموو شـتێك خەڵکی هەبوو. ئەو خەڵکـە لـە شـوێنی جیـاوازەوە هـاتبوو، هـەر یەکەشـیان بەڵگەنامـەیەکی پیێ بوو، لـە شـتێکدا توانـای هـەبوو. چـەند بەرنامـەزانێك و هەواڵخوێنێکی باشمان هەبوون .

## رووه جیاوازەكانی شەڕی عێراقو ئێران

شەڕی عێراقو ئێران بە توندیی بەردەوام بوو، لە هەردوو لایەكە، گیانی خەڵكی دروێنە دەكرد. بەڵام كاریگەری جەنگەكە لە سەر ئەو دوو لایەنە جیاواز بوو .

لە ناو شارەكانی عێراقدا خەڵكی هەستیان بە شەڕەكە نەدەكرد. لە بەر دوو هۆ، هەست بە شەڕەكە نەدەكرا. هەموو جیهانی خۆراوا پشتگیریی لە عێراق دەكرد. هیچ بەربەستێك لە بەردەم عێراقدا نەبوو، هەموو جۆرە بازرگانییەك بە شێوەیەكی ئاسایی بەردەوام بوو. عێراق نەوتو پارەی گەلێ زۆر بوو. سعوودییەو كوێتو دەوڵەتە عارەبییەكانی تر بە پارە پشتی عێراقیان دەگرت. سەددام حوسێن دەیگوت ئەو شەڕە بۆ خۆی ناكا، بەڵكو بۆ هەموو جیهانی عارەبی دەكاو دەبێ ئەوانیش پارە بدەنە عێراق.

ئەوانیش بە هۆی هەڕەشەی ئێرانو لە ترسی سەددام حوسێن، بەشێ لە پارەی ئەو جەنگە گرانبەهایەیان دەدا. لەبەر ئەوە بوو لە ناوەوەی عێراق، زۆر هەست بەو جەنگە نەدەكرا.

هۆیەكی تر ئەوە بوو كە ئێران لە دژی دانیشتوانی عێراق توندوتیژ نەبوونو بە دەگمەن ناوچەی دانیشتوانی بۆردومان دەكرد، ئەوەش ئەگەر ببوایە، بە هەڵە دەبوو. ئێران هەمیشە بە تەمای ئەوە بوو بچێتە ناو عێراقەوەو داگیری بكاو عێراقیش ببێتە كۆمارێكی ئیسلامی. نەیاندەویست

له دژی دانیشتوان بجەنگن. هەمیشە باسی ئەوەیان دەکرد کە ئەو شەڕە لە دژی سەددام حوسێن بەردەوامە نەك دانیشتوانی عێراق.

مرۆ کە دەچووە دیوی ئێرانەوە، دەیدیت بە پێچەوانەوە بوو. ئابلۆقەی نێودەوڵەتی لە سەر ئێران پیادە دەکراو خەڵکەکەش بەردەوام هەستیان بە بوونی جەنگ دەکرد. جگە لەوەش، عێراق بە بەردەوامی گوندو شارەکانی ئێرانی بۆمباران دەکرد. لە ئەنجامیشدا، بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان سوپاو دانیشتواندا بکەن، هێرشیان دەکرد. بازاڕو قوتابخانەیان بۆردومان دەکردو هەموو شتێکیان بۆ ئەوە ئەنجام دەدا سەرلێشێواوی دەست بە سەر ئێراندا بگرێ.

من خۆم لە شارە گەورەکاندا، جارێ لە تارانو جارێ لە ورمێ، زۆری نەمابوو بە هۆی مووشەكو فڕۆکەی عێراقەوە بکوژرێم. لە ورمێ، کاتێ فڕۆکەکانی عێراق بۆردومانیان کرد، من لە ناوەندی شارەکەدا بووم. خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی شارەکە کوژرانو بریندار بوون. عێراق لە کاتی شەڕەکەدا، دانی لە سەر ئەوە دادەگرت کە لە دژی ئێران بەرگری لە جیهانی عارەبی دەکا ئەوەش لەو شوێنەوە کە سەددام حوسێن پێی دەگوت دەروازەی ڕۆژهەلاتو مێژووی ناکۆکییەکانی نێوان عارەبو فارسەکانی سەرەتای هاتنی ئیسلامیشی بە نموونە دەهێنایەوە. بەو شێوەیە بیانووی بۆ کارەکەی دەهێنایەوە تا وڵاتە عارەبییەکانی تری تێوە بگلێنێو بیانووی بۆ جەنگ هەبێو یارمەتیو قەرزی بدرێتێ.

ئێـران، کـە وڵاتێکـی زۆر گەورەیـە، خۆئامـادەکردنی لـە نـاوەوە هـەبوو. جیاوازی عێراق‌و ئێران ئەوەیە کە لە ناو عێراقدا پێناسەی نیشـتمانی نییـە. کورد خۆیان وەك عێراقی نەدەناساندو نەیاندەویست لە پێناوی عێراقدا بمرن. عارەبە شیعەکانیش، هەتا ئێستا بەغدا بە پایتەختی خۆیـان نـازانن. ئـەوان، شارە پیرۆزەکانی کەربەلاو نەجەف بە شاری خۆیان دەزانن.

لـە ئێرانـدا بـە پێچـەوانەوەیەو هەسـتی نیشـتمانی زۆر بـەهێزە. ئەگـەر هاونیشتمانی هەستی کوردبوون‌و عارەببوون‌و فارسبوونیشی هەبێ، خۆیـان بە ئێرانی دەزانن.

## هاوكاری زۆر له قەززافییەوە

لەو ماوەیەدا، جگـە لـە سـووریاو لیبیـا، هـەموو دەوڵەتـە عارەبییـەكان پشتگیری عێراقیان دەكرد. ئەو دوو دەوڵەتە، بـە شـێوەیەك لـە شـێوەكان لـە بەرەی ئێراندا بوون. قەززافی لە سەردەمی دەسـەلاتی خۆیـدا بەرگریكـەرێكی گەورە بوو لە مەسەلەی كوردو گوێی بە هیچ شتێ نەدەدا. تەنانەت لـە ڕووی داراییشـەوە هاوكـاری سـەركردە كوردەكـانو حیزبـە كوردییـەكانی دەكـرد. بـەردەوام لـە خیتابەكانیـدا باسـی ئـەوەی دەكـرد كـە كـورد مـافی دەوڵـەتی سەربەخۆی هەیە.

ئەوە لـە هەشـتاكاندا شـتێكی زۆر گـەورە بـوو. ئەوانـەی باسـی دەوڵـەتی سەربەخۆیان بۆ كورد دەكرد زۆر نـەبوونو تەنانـەت كوردەكـانیش نـەدەوێران شتی وا بڵێن. لەو ڕووەوە، كورد قەرزاری قەززافییەو دەبێ سوپاسی بكاو لـە مەسەلەی كورددا بۆچوونی ڕوونی هەبوو، یەك تاكە چارەسەری بۆ كورد پـێ بوو..

دوای ئەوەی سەددام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕووخا، پرسیاری مەسەلەی كوردیان لە قەززافی كرد: كـورد چـی دەسـتكەوت بـوو؟ لـە وەلامـدا گـوتی پشتگوێ خرانو هیچیان دەست نەكـەوت. مەسـەلەیەكی میسـری لـە سـەر كورد هێنایـەوە كـە كـورد بـە برسـێتی لـە مەولوودەكـە دەرچـوون. قـەززافی مەبەستی ئەوە بوو كە دەبوو كورد یەكسەر دوای ڕووخـانی سـەددام دەوڵـەتی

سەربەخۆ ڕاگەیەنن. ئەو قسەیەی، وەك ئەوە بوو بۆمبێك لە جیهانی عارەبیدا بتەقێنێتەوە.

قەززافی لە ٣٠ ـ ١١ ـ ٢٠٠٧ سارکۆزیی سەرۆکی فەرەنسای لە فەرەنسا بینی. وەفدێکی کوردیش لەوێ چوونە لای. قەززافی پێی گوتن: ئێستاش من ئەو بۆچوونەم هەیە کە دەبێ کورد دەوڵەتیان هەبێ، بەڵام بە داخەوە حیزبە کوردییەکان لایەنگری فیدرالیزمن.

لە ١٩٨٠کان بە دواوە هەتا ئێستا مەسەلەی کورد لە لای قەززافی نەگۆڕە. مادام میللەتان مافی دەوڵەتیان هەبێ،کوردیش ئەو مافەی هەیە. هەرگیز قەززافی ئەو مەسەلەیەی نەشاردۆتەوەو پشتگیری لێ کردووە، بێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکی تێدا هەبێ. زۆر جار بە هۆی ئەو مەسەلەیەوە، بە توندی لە لایەن عێراق‌و سووریاو ئێران‌و تورکیاوە ڕەخنەی لێ گیراوە. بەڵام ئەو، لە هەشتاکانەوە هەتا ئێستا، ئەو مەسەلەیەی لە لا بۆتە بنەماو گوێی بە بۆچوونی خەڵکی تر نەداوە.

سووریا، لەگەڵ ئێراندا لە بەرەیەکدا بوو، پشتگیریشی لە بەرهەڵستکارە عێراقییەکان دەکرد. لە هەشتاکاندا، چەند جارێك بە سەردان چوومەتە ئەوێ. بەرهەڵستکارانی جیهانی عارەبی لە سووریا گرد ببوونەوەو دەزگاکانی سووریاش چاوی لێ دەنووقاندن. ڕێیان دەدان بۆ مەسەلەی خۆیان لە دیمەشق کار بکەن.

## له ئەنفالەوە بۆ هەڵەبجەی ١٦ ی ئازاری ١٩٨٨

ڕژێمی عێراق، زۆر بە توندی لە ناوچەکوردییەکاندا دەست بەکار بوو. سەددام حوسێن، ساڵی ١٩٨٧ عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای خۆی ناردە ناوچەکەو لە شوباتی ١٩٨٨ سوپای عێراق ئەنفالی دەست پێ کردو هەتا مانگی نۆی هەمان ساڵ بەردەوام بوو، لە هەشت هەنگاوی سەربازی پێکهاتبوو. سوپای عێراق گوندەکانی سووتاندو دەوروبەری شارەکانی لە دانیشتوان چۆڵ کردو بەو شێوەیە بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری خنکاند. دانیشتوانی ئەو ناوچە قەدەغەکراوانە دەستگیر دەکرانو دەگوازرانەوە بۆ ئۆردوگاو دەکوژران. پلانی ئەنفال، لە بنەڕەتدا لە لایەن سەددام حوسێنەوە داڕێژرابوو، عەلی حەسەن مەجید جێبەجێی دەکرد وەك بەرپرسێك لە ئەنفالدا، نازناوی عەلی کیمیاوی بەسەردا درا.

قسەی عەلی کیمیاوی لە سەرەوەی هەموو قسەیەکەوە بوو، لە ناوچە کوردییەکاندا یاسا بوو. ئەگەر کەسێك یا یاسایەك لە بەردەمیدا بەربەست بوایە، قسەی ئەو ڕەچاو دەکراو دەستی بۆ هەموو ڕەفتارێك کراوە بوو. لە ناو شارەکاندا، ڕژێم ژیانی بۆ بەرهەڵستکاران زەحمەت کرد بە تایبەتی لە زانکۆکانو ناو دەستەی ڕۆشنبیراندا.

لە دەرەوەی شارەکاندا، گوندەکانیان سووتاندو جیاوازییان لە نێوان بەرهەڵستکارانو دانیشتوانی ئاساییدا نەدەکرد. کوردیان بۆ بیابانەکان

گواستنەوەو کوشتیانن. ئێستاش لە دوای ڕووخانی سەددام حوسێندا گۆڕی بەکۆمەڵی ئەو خەڵکانە لەباشووری عێراق دەدۆزرێنەوە. لە هەندێ لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەدا زۆر منداڵیش دۆزراونەتەوە.

خەڵکیان تەنها لە گوندە بچووکەکانەوە ڕاپێچ نەدەکرد، بەڵکو دانیشتوانی شارۆچکەکانی وەك قەڵادزێش کە دانیشتوانی سەد هەزار کەس زیاتر دەبوون، ڕاپێچ کرانو شارۆچکەکەیان ڕووخاند. بە تەخمین، ئەوانەی لە ئەنفالدا گیانیان لە دەست دا، ١٨٢٠٠٠ کەس بوون.

تا ساڵی ١٩٩٠ ڕژێمی عێراق ٤٥٠٠ گوندی کوردی وێران کرد. شارۆچکەکانیش لە ڕیزی ئەو گوندانەدا بوون. لە سەرەتای ١٩٩٠دا تاکوتەرا گوند لە ناوچەکەدا مابوونەوە چواردەی مانگی نیسانی هەموو ساڵێك یادی ئەنفال دەکرێتەوە. پەرلەمانی ئێستای عێراق کردەوەکانی ئەنفالی بە جینۆساید ناساند. کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤیش، کە بنکەکەی لە (هاگ)ە، ئەنفالی بە تاوانێك ناساند کە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دراوە.

مەبەست لە ڕووخاندنی گوندەکانو شارۆچکەکان ئەوە بوو نەبنە بنکەی بزووتنەوەی بەرهەڵستکارو بۆیان نەبنە سەرچاوەی خۆراكو مرۆیی. لەسەر ئەوەشەوە، ڕژێم دەیویست پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورد بشێوێنێ. دانیشتوانی گوندەکان کە گوازرانەوە ناو شارەکان، بێکار بوونو چ ڕێگەی خۆبەڕێوەبردنیان نەما. ئەوجا ڕێگای کارکردنیان لەگەڵ ڕژێمداو لە دژی

بەرهەڵستکاراندا پێ دەدرا. بەو شێوەیە، ڕژێم سەد هەزار چەکداری لە کوردەکان بۆ خۆی پێکهێنا. لە قسەی ڕۆژانەدا بەو چەکدارانەی کە لە دژی براکانی خۆیان یارمەتی ڕژێمیان دەدا دەگوترا جاش، لە سویدیدا بە جاش دەگوترێ (کوسلینگ).

لە شەڕی کوێتو ڕووداوەکانی دواتردا، ئەو چەکدارانە سەنگەریان گواستەوە. بەو سیاسەتی بە سووتماککردنەو بە ئەنفالو بۆمبارانی دڕندانە، زۆر لە چەکدارە بەرهەڵستکارەکان لە ناو عێراقدا نەمابوونەوە. هەموان بۆ ئەو ئێرانە ڕایان کردبوو کە ببوو بە پەنای بەرهەڵستکاران.

## چرکردنەوەی بۆمبارانی کوردستان

سەددام حوسێن پێی وابوو چرای سەوزی لە ڕۆژاواوە بۆ هەڵکراوە بۆ هەرچییەکی دەیکا، چونکە ڕەخنەی لێ نەدەگیرا. لە بەر ئەوە هەموو جۆرە چەکێکی لە دژی کورد بەکار هێنا، بە چەکی کیمیاویشەوە. ئەوەش پلە بە پلە ئەنجام درا. لە پلەی یەکەمدا، لە ئەپریلی ١٩٨٧ چەند گوندێکی گەورەی دەوروبەری ناوچەی هەولێر بە کیمیاوی بۆمباران کران. گوندەکان ناویان مەلەکانو شێخ وەسانان بوو، چەند سەد کەسێك کوژرانو بریندار بوون. لە سێپتەمبری ١٩٨٧یشدا فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق گوندەکانی دەوروبەری کانیماسییان بە کیمیاوی بۆمباران کرد. لەوێش زۆر کەس کوژرانو بریندار بوون.

مرۆ دەیبینی ڕژێم پلانی خۆی جێبەجێ دەکردو هەستی ڕادەگرت تا بزانێ کاردانەوەی جیهانیو جیهانی موسوڵمانانو ڕۆژاواییەکان چۆن دەبێ. کە دیتی هیچ نەقەوماو چ کاردانەوەیەك نەبوو، ئیدی بەردەوام بوو.

١٦ی ئازاری ١٩٨٨ بە کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، بۆمباران گەیشتە لووتکە. لەماوەی چەند چرکەیەکدا، پێنجهەزار مرۆ کوژرانو دە هەزار کەسیش بریندار بوون .

ئەگەر مرۆ لە ڕووی نەخشەی کاتەوە تەماشای کیمیابارانەکان بکا، دەبینێ بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بووە. هێرشێکیان کردو چاوەڕوانی کاردانەوە بوون. کە نارەزایی دەرەکی نەبوو، بەردەوام بوون. هێرشەکان چڕ

کرانەوەو ڕووبەری بەکارهێنان بەرینتر بوون. لە ئەنجامدا ئەو هێرشە گەورەیە بوو کە کرایە سەر هەڵەبجەو بەوەش ڕۆژاواییەکان چاویان کردەوە. ئەوەش بە هۆی کاریگەریی ئێرانەوە بوو کە ڕووداوەکەی بە ڕەسمیی بە جیهاندا بڵاو کردەوە. ئەوەشیان لە پێناوی کورددا نەکرد. ئەوەیان بۆ ئەوە کرد تا تاوانی کیمیابارانی شارەکە نەکەوێتە ئەستۆی ئەوان. سەددام حوسێن پلانی دارشتبوو بیخاتە سەر ئێران تا شەریك بۆ عێراق پەیدا بکا. لە کاتی دادگاییکردنی سەددام حوسێندا، هەندێ لە پارێزەرەکانی هەوڵیان دەدا تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە بخەنە ئەستۆی ئێران. بەڵام لەبەر ئەوەی مەسەلەکە ڕوونو ئاشکرا بوو، زۆر گوێیان پێ نەدرا.

هەمیشە سەددام حوسێن بە چاوی نزم دەیڕوانییە مەلاکانی ئێران. ئەو خۆی بە شارستانیو ڕۆشنبیر دەزانیو ئەوانیشی بە بێتواناو دواکەوتوو دەدایە قەڵەم، پێی وا بوو ئەگەر شاری هەڵەبجەی کوردنشین کیمیاباران بکاتو بیخاتە ئەستۆی ئێران، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، بە هاوکاری ڕۆژاواییەکان، مۆرەکە بە تەوێڵی ئێرانەوە دەمێنێ. بەڵام کە سەددام حوسێن شارەکەی بۆردومان کرد، ئێرانییەکان یەکسەر هەستیان کرد کە دەیەوێ تاوانەکە بخەنە ئەستۆی ئەوانەوە. یەکسەر بە دەست هاتنو لە سنوورەوە دەروازەیەکیان بۆ ڕۆژنامەوانانی جیهان کردەوە تا بگەنە هەڵەبجەو ڕووداوەکان تۆمار بکەن.

کیمیابارانەکە بۆ کورد چاوەڕواننەکراو بوو. لە هیچ کوێی مێژوودا نەخوێندۆتەوە دەوڵەتێك دانیشتوانی خۆی کیمیاباران بکا. یەکسەر، لە ماوەی چەند چرکەیەکدا، پێنج هەزار مرۆڤ مردن. بەڵام بۆ کورد ئەوە چاوەڕوان نەکراو بوو کە چ دوژمنێکی دڵڕەقیان هەیە کە سەددام حوسێنەو چ چەکێکی کوشندەشی هەیە ـو کەسیش لە جیهانی ئیسلامیدا لە دژی ئەو کۆمەڵکوژییە ناڕەزایی دەرنەبڕیو بۆ ئەوەش نەچوون سەددام حوسێنی پێ تۆمەتبار بکەن.

## قڕکردنی کورد مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە

به هیچ جۆرێ هێرشکردنه سەر هەڵەبجە یەکەم هێرش‌و تاکە قەسابخانە نەبووە کە حکوومەتی مەرکەزی بەغدا لە دژی دانیشتوانی کورد جێبەجێی کردووە. هەر دوای کۆتاییهاتنی یەکەم شەڕی جیهان‌و لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا لە لایەن بەریتانیاوە، شتی لەو بابەتە بووە.

لەگەڵ دروستبوونی عێراقدا، ویلایەتە کوردنشینەکەی موسڵیش بەو دەوڵەتە تازەیەوە لکێندرا. بەریتانیەکان، بەو شێوەیە دەستیان بە سەر سەرچاوە نەوتییەکانی کەرکوك‌و موسڵدا گرت‌و لەگەڵ کورددا، کە دەیانویست سەربەخۆ بن نەك بە عێراقەوە بلکێندرێن کەوتنە ململانێوە. گەورەترین ڕاپەڕین کە لە دژی بەریتانیا کرا شۆڕشەکەی شێخ مەحموود بوو کە ساڵی ١٩١٩ لە ناوچەی سلێمانی ئەنجامی دا. ئینگلیزەکان توانییان بە سەریدا سەر بکەون‌و لە حوزەیرانی ١٩١٩ بریندار کراو بۆ هند دوور خرایەوە. ساڵی ١٩٢٢ گەڕایەوەو کەوتەوە ڕێکخستنەوەی بەرهەڵستکارانی بەریتانیەکان. شێخ، لە سێپتەمبەری ١٩٢٢ حکوومەتی سەربەخۆی باشووری کوردستانی ڕاگەیاندو هێزەکانی بەریتانیای ناچار کرد لە ناوچەی سلێمانی بکشێنەوە.

شێخ پەیوەندی بە سەرکردە کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستانەوە کرد (کوردستانی ئێران‌و تورکیا). نامەی بۆ لینینی سەرۆکی ڕووسیاش نووسی‌و داوای دۆستایەتی نێوان کوردو بەلشەڤیکی کردبوو. بەڵام لە ئەنجامدا،

هێزەکانی بەریتانیا توانییان دەست بە سەر سلێمانیدا بگرنو حکوومەتەکەی شێخ بڕووخێنن.

لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا حکوومەتی پاشایەتی لە عێراقدا ڕووخاو ساڵی ١٩٦١ ڕاپەڕینێکی تر لە دژی حکوومەتی ئەوکاتەی عێراق بەرپا بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان بووە بەرهەڵستکاری سەرەکی دەسەڵاتی بەغدا. لەو دەمەوە هەتا شەڕی کەنداوی فارس لە ١٩٩١دا لە کوردستانی عێراقدا شەڕ بەردەوام بووەو هەموو هەوڵێکی چارەسەرکردن ناسەرکەوتوو بووە .

لە ١٩٢٠ەکانەوە تا ڕووخانی سەددام حوسێن لە ٢٠٠٣دا هەموو ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان هەوڵیان داوە کورد لە کوردستانی عێراقدا نەهێڵنو بە چەکی کیمیاویو کۆمەڵکوژی بەرپەرچی خواستی ئازادیو داوا نەتەوەییەکانی کوردیان داوەتەوە.

**هەندێ نموونە ئەمانەن:**

**ـ قەسابخانەی داکانی ١٩٦٩ : ڕژێمی ئەو دەمە ٦٧ کەسی لە دانیشتوانی گوندی (داکان)ی کوردنشین ڕیز کردنو کوشتیانن.**

**ـ قەسابخانەی سوریا لە ١٩٦٩دا: کە سوپا بە فەرمانی حکوومەت گوندی سوریای سووتاند، ٧٠ کەس کە زۆربەیان ژنو منداڵ بوون لە جێیەکدا کوژران.**

ـ قەسابخانەی قەڵادزێ لە ٢٤ ـ ٤ ـ ١٩٧٤ : شاری قەڵادزێ بە ٢٠٠٠٠ کەسی دانیشتوانییەوە بۆمباران کراو ١٣١ کەس کوژرانو ٣٠٠ کەسیش بریندار بوون.

ـ قەسابخانەی ئۆردوگای پەنابەران لە قوشتەپەو هەریرو دیانە لە ساڵی ١٩٨٣دا: هەشت هەزار پیاوی بێچەکی کوردی سەر بە عەشرەتی بارزان لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی عێراقەوە گیرانو بێ سەروشوێن کران. بە پێی زانیارییەکانی ئەم دواییە دەرکەوتووە کە هەندێك لەوانە لە لایەن پیشەسازی چەکی سەر بە وەزارەتی بەرگرییەوە کراونەتە تاقیکردنەوەی چەکی بایۆلۆژی.

ـ قەسابخانەی زێوە لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٨٤دا: ئەوە بوو ئۆردوگای پەنابەرانی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە بۆردومان کرا. لە ماوەی تاکە یەك ڕۆژدا ١٢٠ کەس کوژرانو ٣٧٣ کەس بریندار بوون.

ـ قەسابخانەکانی گوندی بالیسانو کانیبەردو شێخ وەسان لە ١٥و ١٦ی نیسانی ١٩٨٧دا: هەموو ئەو گوندانەو چەند گوندێکی نێزیکیشیان کیمیاباران کرانو زۆربەی دانیشتوانانیان لەناو بران.

ــ قەسابخانەی هەڵەبجە لە ١٦ ئازاری ١٩٨٨دا: ئەوەیان گەورەترین قەسابخانە بوو کە لە کوردستانی عێراق بەرپا کراو ٥٠٠٠ کەسی مەدەنی کوژرانو ١٠٠٠٠ کەس بە غازی عەسەبو سێناپو سیانید، کە ڕژێمی عێراق بە سەر شارەکەدا هەڵیڕژاندن، بریندار بوون.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە حکوومەتی ناوەندی توانی هەموو ئەو تاوانانە بە نهینی بهێڵێتەوە، بەڵام نەیتوانی تاوانی گەورەی هەڵەبجە بە نهێنی ڕاگریۆ جیهانیش نەیتوانی چاو لە ئاستی ئەو تاوانە گەورانەدا دابخات کە سەددام حوسێن ئەنجامی دەدان.

جگە لە حکوومەتەکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکان، هەموو جیهان نارەزایی بەرانبەر ئەو تاوانە دەربڕی کە عێراق لە هەڵەبجە ئەنجامی دا. ئەوەشی کە جێی سەرنجە چوار ڕۆژ دوای کیمیابارنکردنی هەڵەبجە، سازمانی کۆنفرانسی ئیسلامی کە پێکهاتبوو لە ٤٢ دەوڵەت، کۆنگرەیان هەبوو. لەو کۆنگرەیەدا ئیسرائیل بە هۆی دەستدرێژیکردنە سەر فەلەستینیەکانو دەستدرێژی بولگاریا بۆ سەر کەمایەتییە تورکەکان تاوانبار کران بەڵام بە یەك وشە باسی ئەو قەسابخانەیە نەکرا کە لە هەڵەبجە بەرپا کرابوو، کە لەو دەمەدا هەموو جیهان پێیان زانیبوو.

لەوەوە کورد بەو ئەنجامە گەیشتن کە لە لایەن دەوڵەتە ئیسلامییە براکانیانەوە چ یارمەتییەك نادرێن. ئیدی ئەو هیوایە نەبوو کە دەوڵەتە ئیسلامییەکان دەنگهەڵبڕنو بەرگرییان لێ بکەن. ئەگەر ئەوان لەو ساتەدا یارمەتیدەر نەبووبن، کە ئەوپەڕی پێویستییان پێیان هەبوو، دەکرا لە چ بارودۆخێکدا یارمەتیدەریان بن؟ ئەوە هێرش نەبوو بۆ سەر بنکەیەکی سەربازی یا بنکەیەکی پێشمەرگەی چەکدار. ئەوە هێرش بوو بۆ سەر دانیشتوانی شارێك، هێرش بوو بۆ سەر منداڵو ژن. وێنەکانیش، بە جارێ بە

هەموو جیهاندا بڵاو کرانەوە. ڕاستییەکان زەق و ئاشکرا بوون و کەس نەیدەتوانی چاو لە ئاستیاندا دابخات .

کاتێ پیاو تەماشای ئەو شەڕەی ئەمەریکا دەکا کە دژی عێراق ئەنجامی داو سەیری ڕووخانی سەددام حوسێن دەکا، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی کوردەکان شانبەشانی ئەمەریکا لە دژی حکوومەتی عێراق وەستانەوە، دەبینێ بناغەکەی بۆ ئەو قەسابخانانەو ئەو چەوساندنەوانە دەگەڕێتەوە کە ئەو هەموو ساڵە تەوژمیان بۆ کورد دەهێنا. لە ڕووی دەروونییەوە کورد بۆ ئەوە ئامادە بوو یارمەتی ئەمەریکا قەبووڵ بکاو لە شەڕەکەدا، دژی عێراق شانبەشانی ئەمەریکا بوەستێ.

## ڕاوەستانی شەڕی عێراق ـ ئێران
## سەددام حوسێن هەموو توانای خۆی لە دژی کورد دەخاتە کار:

لە بەر کاریگەری قەسابخانەکەی هەڵەبجە، ئێران ئەو شەڕەی ڕاگرت کە لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا لە ئارادا بوو، لە ئابی ١٩٨٨دا ڕاگرتنی شەڕی قەبووڵ کرد ـ یا وەك دەڵێن ئایەتوڵڵا خومەینی جامە ژەهرەکەی خواردەوە. ئەو گوتبووی وەك ئەوەیە پەرداخێك ژەهرم خواردبێتەوە، بەڵام بە ناچاریی. دەبێ شەڕەکە ڕابگیرێت.

ئاشتی وەك بۆمبا دەنگی دایەوە. زۆر کەس لە کورد و عێراقییەکان، گرەویان لە سەر بەردەوامبوونی شەڕ کردبوو. بەڵام بۆ ئێمەی ناو پارتی گەل، جێی سەرسوڕمان نەبوو. وامان خستبوە زەینەوە کە شەڕی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە شتێکی کاتییەو نابێ خەباتی خۆمان لە سەر شتێکی وا هەڵچنین. ئەو شەڕە هەر دەبوو بوەستێ، جا درەنگ یا زوو، دەبوو حیسابی دوای شەڕەکە بۆ خەباتی خۆمان بکەین.

حکوومەتی بەعس پیلانی لەناوبردنی کوردی هەبوو کە لە ماوەیەکی کورتدا لە کوردستانی عێراق ئەنجامی بدا. بەو تواناو پارە زۆرەوە کە هەیبوو، زەحمەت نەبوو ئەو پلانە جێبەجێ بکا. لە ڕاستیدا، ئەو پلانە لە

سەرەتای ١٩٧٠کانەوە لە دەوروبەری کەرکووك، کـە لـە نەوتـدا دەوڵەمەنـدە، دەستی پێ کردبوو.

کە شەڕی عێراق ـ ئێران کۆتایی هات، عێـراق هـەموو هێزەکـانی خـۆی ڕاکێشـایە ناوچـە شـاخاوییەکانی کوردسـتانەوە. چـارەکە ملیۆنێـك سـەرباز نێردران. یەکێ لە ئامانجەکان، بنکەکەی ئێمە بـوو لـە دۆڵـی خواکـوڕك. لـە شـوێنی ئاوهـادا، چـەکی ئاسـایی کاریگـەری لـە سـەر خـەڵك نـەبوو، بـەڵام نەمانــدەتوانی بەرانبــەر چــەکی کیمیــاوی خۆمــان بپــارێزین. بــە هــۆی تاقیکردنەوەمانەوە لەگەڵ چـەکی کیمیاویـدا لـە هەڵەبجـەو شـوێنەکانی تـر، دەمانزانی لەوێش چەکی کیمیاوی بەکار دەهێنن. تاکە هیوامان ئەوە بوو کە لە ئێرانەوە نێزیك بووینو سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان بـۆ چـاودێریکرنی ڕاگرتنی شەڕی نێوان عێراقو ئێران لەو سەر سنوورانە بوون. بیرمان لـەوەش دەکردەوە کە ڕەنگە بە هۆی نێزیکی چـاودێرەکانی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە لە ناوچەکە، چەکی کیمیاوی بەکار نەهێنن. بەڵام نەماندەتوانی ئـەو قومـارە بکەین. لە ئەنجامدا، بە هێزو فڕۆکـەوە هـاتنو کـەمێ کیمیاویشـیان بـەکار هێنا. بڕیارمان دا بۆ ئێران پاشەکشە بکەین.

دەمـەتەقێ لەگەڵ سکرتێری حیزب لەو بارەیەوە کرا. ئـەو نەیدەویسـت بـۆ ئێران بکشێینەوە بەڵکو دەیویست لە ناو شاخەکاندا، لە خاکی کوردسـتانی تورکیا بنکە دامەزرێنین. ئەوە بە لامانەوە مـەترسـی زۆر بـوو. ئەگـەر ئێـران سـنووری داخسـتبا، لایـەکمان دەبـووە سـوپای عێـراق بـەو هـەموو

توانایەوە،لایەکەی ترمان سوپای تورکیا دەبوو کە سوپای ناتۆ بوو. چۆن دەکرا لەوێ خۆمان بپارێزین؟ هەندێ ئەسپمان هێناو ئێزگە ڕادیۆییەکەمان بار کردو بەرەو ناو ئێران بەڕێ کەوتین. تەنها شتە تایبەتییەکانمان لەگەڵ خۆماندا بردو هەرچی پێداویستی تر هەبوو لە بنکەکەدا جێمان هێشت.

بە ڕێکوپێکی کشاینەوە تا گەیشتینە سنووری ئێران. ڕێك لەو ناوچەیەدا گەورەترین و دواهەمین شەڕ کرا ـ شەڕی خواکورك ـ کە لە ئەیلوولی ١٩٨٨دا ئەنجام درا. شەڕەکە لە نێوان حیزبە کوردییەکان و سوپای عێراقدا بوو.

دوای شەڕی خواکورك، هەموو پێشمەرگەکان بۆ ئێران پاشەکشەیان کردو دوای ئەوە سنوورەکان خرانە ژێر چاودێری سەربازەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. سەددام حوسێن، لە کوردستانی عێراقدا، هەموو خەڵکی لە شارە گەورەکاندا گرد کردەوە. هەموو گوندەکان بە تەواوەتی وێران کران و پشتێنەی نێوان سنوورەکانی عێراق و تورکیاو عێراق و ئێران، کرانە ناوچەی قەدەغەکراو. ناوچەکە، بە تەواوەتی کش و مات بوو.

لە ئەنجامدا، گەیشتینە گوندی کوردنشینی (نوێ)ی ناو ئێران. باش نەبوو بە چەکەوە بچینە شارەکانەوە، بۆیە لەو گوندەدا ماینەوە. شوێنەکە نەختێ چەپەك بوو، لە سنووری کوردستانی عێراقەوە نێزیك بوو. لەوێ چەند بنکەیەکمان دامەزراند تا لەگەڵ هەندێك لە چالاکیەکانماندا بەردەوام بین. زۆرمان قسە لە سەر ئەوە کرد کە دەبێ چی بکەین. چ پێویست نەبوو کارێك ئەنجام بدەین کە ژیانی خەڵك پێی بکەوێتە مەترسییەوە. لەبەر ئەوە، لە سەر

خـۆفێرکردنو کردنــەوەی دەورەو بڵاوکردنــەوەی بەرنامــەی ڕادیــۆ بــەردەوام بووین. لە سوپای عێراقـەوە دوور نـەبووین بـەڵام بـە هـۆی بـوونی سـەربازی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ناوچەکە، هەستمان بە ئـارامیی دەکـرد. مـن بـۆ شاری ورمـێ گەڕامـەوەو لە بنکەی پەیوەندییەکان، لە سەر چـالاکی بـەردەوام بووم.

لەو مـاوەیەدا، ژمـارەیەکی یەکجار زۆری کوردی عێـراق لـە ئێـران بـوون. خەڵك تووشی سەرلێشێواوی ببوونو کەس نەیدەزانی دوای ڕاوەستانی شـەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتە چـی دەقـەومێ. دەبـێ ئێـران بمانگێڕێتـەوە بـۆ عێـراق؟ خـەڵك تاقیکردنـەوەیان لەگـەڵ ڕژێمـی سـەددام حوسـێندا هـەبوو ــ ئەگـەر بیانگێڕابایەنەوە بەوپەڕی ساکارییەوە دەکـوژراین. بۆچـوونێکی وا هـەبوو کـە جگە لـە ڕاوەسـتانی شـەڕی نێـوان ئـەو دوو دەوڵەتـە، ڕێکـەوتنێکی وەهـاش لەنێوانیاندا هەیە کە بەرهەڵستکاری یـەکتر تەسـلیم بـە یـەك بکەنـەوە. ئـەو بۆچوونە بارودۆخی کوردە پەنابەرە عێراقیەکانی لە ئێران خراپتر کرد.

دوای چەند مـانگێك کۆبوونەوەیەك لـە نێـوان بەرهەڵسـتکارانی سـەددامو بەرپرسانی ئێراندا ئەنجام درا. ئێران دەیویست لەو کۆبوونەوەیەدا هەڵوێسـتی خۆی ڕوون بکاتەوە. داوایان کرد هەر حیزبێکـی کـوردی دوو نوێنـەری هـەرە باڵای خۆی بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بنێرێ. لە گفتوگۆکەدا، نوێنەری (پ د ك)و (ی ن ك)و پارتی گەلو حیزبی سۆسیالسـتو هەنـدێ ڕێکخـراوی بچـووکی

ئیسلامی بەشدار بوون. لە لایەن ئێمەوە، سامی عەبدولڕەحمانی سەرۆکی حیزبو من نوێنەربووینو پێکەوە ڕۆیشتین.

سەرکردە ئێرانییەکان دەیانویست بۆچوونی خۆیان ڕوون بکەنەوەو قەول بوو چاومان بە سەرۆکی ئێران، هاشمی ڕەفسنجانی بکەوێ. بەڵام تورکیا نەیدەویست ئێرانیەکان لەو ئاستە بەرزەدا کوردەکان ببینن. تورکیا کاریگەریی خۆی خستە سەر ئێرانو لە بری هاشمی ڕەفسەنجانی، نوێنەرە کوردەکان سەرۆکوەزیرانی ئێران، میر حوسێن مووسەوییان بینی. کۆبوونەوەکە دوو سەعاتی خایاندو دەمەتەقێ لە لایەن هەردوو لاوە کرا. مووسەوی لە بری ئێرانییەکان قسەی کردو لە بری کوردیش زۆر کەس قسەیان کرد، لە نێوانیاندا سامی عەبدولڕەحمانیش بوو. مووسەوی دڵنیای کردین کە هەرگیز ئێران لە دژی ئەو بەرهەڵستکارە عێراقییانەی ناو ئێران شتێك ناکا. بە هۆی بارودۆخەکانەوە شەڕ ڕاگیراوەو بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە ئێمەوەنییە. کوردی عێراق چەندیان دەوێ دەتوانن لە ئێراندا بمێننەوەو ماڵی خۆیانە. دەیانویست ترسی گێڕانەوەمان بۆ عێراق بڕەوێننەوە. خەڵکەکە، یەکجار زۆر لەسەددام حوسێن دەترسانو بچووکترین پڕوپاگەندە کاری دەکردە سەر ژیانو بڕیاریان. چ گەرەنتییەکی نووسراویان پێ نەداین.

## بەرەی کوردستانی دێتە مەیدانەوە

لە ساڵی ١٩٨٦ بەدواوە، گفتوگۆو گونجان لە نێوان حیزبە کوردییەکانـدا جێی شەڕو پێکدادانیان گرتەوە. هیچ نەمابوو شەڕی لە سەر بکەنو کێکەکە خورابوو. بارودۆخی نێوان حیزبەکان ئارام بوو، چەکیان لە دژی یـەکتر بـەکار نەهێناو هۆیەکانیش سیان بوون:

ـ ملهوڕی سەددام حوسێن بە تایبەتی لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویـدا، هەرچۆنێ بوو کوردەکانی یەك خستنەوە.

ـ خەڵکی کوردستان زۆر لـە شـەڕی نـاوخۆ بێـزار بـوونو هەمـیشـە داوای ڕاگرتنیان دەکرد.

ـ لە کاتەکانی شەڕی عێراقو ئێراندا، ئێـران هەمیشـە دەیویسـت حیزبـە کوردییەکان هێزی خۆیان لـە دژی سـەددام حوسـێن کـۆ بکەنـەوە نـەك دژی یەکتر. ئێران تەوژمی زۆری دەهێناو ئەوەش بۆ کورد باش بوو.

لە ١٢ی مایسی ١٩٨٨دا بەرەی کوردستانی ڕاگەیەندراو بـۆ کـورد بـووە چەترێکی ڕێکخراوەیی. دەمێ بوو کورد هەستی بەوە کردبـوو کـە پێویسـتی بە چەترێکی وا هەیە تا حیزبە جۆراوجۆرەکـان لـە سـایەیدا کـۆ ببنـەوە. دوو تەوەری سیاسی کورد، یەکێتیو پارتی، هەمیشـە لـە دژی یـەکتر لـە شـەڕدا بوون. زەحمەت بوو بەو حاڵەتەوە چەترێك دروست بکـرێ. بـەڵام حیزبـی تـری بچووك، کە هاتنە بەرەوە، زۆر بوونو لە هەمان کاتدا کیمیابـاران بـەردەوام بوو، ئەوەش کارەکەی ئاسانتر دەکرد.

پێنج حیزبی کوردی له گفتوگۆکاندا بەشدارییان دەکرد، ئەوانەش پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانو حیزبی سۆسیالستو پاسۆك بوونو پارتی کۆمۆنستی عێراقیشیان لەگەڵدا بوو. دوای چەندین مانگ گفتوگۆکردن، بەو ئەنجامە گەیشتن کە دەبێ یەك بەرە هەبێو ناویشیان لێ نا بەرەی کوردستانی. یەك ڕێکخراو بە دوو بارەگاوە پێکهێندرا، یەکێکیان بۆ ڕاگەیاندنو ئەوی تریان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان. سەرکردە بالاّکان لەماوەی دیاریکراودا کۆبوونەوەیان دەکرد تا بڕیار لە سەر ئەو ڕووداوانە بدەن کە دەهاتنە پێش. بەرەکە، چ بنکەی نەبوو، تەنها ئەو دوو بارەگایەی هەبوو کە لە ناو ئێران بوون. بەڵام حیزبەکان، هەر یەکەیان بارەگای جیاوازی خۆی هەبوو.

ئەوە بووە هۆی نەجاتدانی ئەوەی کە دواتر ڕوویدا. کاتێ سەددام ساڵی ١٩٩٠ شەڕی کوێتی نایەوە، خەڵك لە ناوچە کوردییەکاندا ڕاپەڕینیان کردو بۆشایی دەسەلاّت لە ناوچەکەدا پەیدا بوو. بەرەی کوردستانی زوو هاتە دەستو خۆی گەیاندە ناوچەکانو بۆشاییەکەی پڕ کردەوەو ناوچەکەی بەڕێوە برد. ئەگەر حیزبەکان هەر یەکەیان بە پێشمەرگەو چەکی خۆیەوە بکەوتنایەتە بەرانبەر یەك، دەبووە کارەسات. لە شەڕی کوێتەوە هەتا دواتر، بەرەی کوردستانی دەسەلاّتی ناوچەکانی لە دەستدا بوو.

له دوای هەڵبژاردنی ١٩ی مایسی ١٩٩٢دا حکوومەتێكو پەرلەمانێکی ناوچەیی دامەزرانو پەرلەمان بڕیاری دا کە کوردستان بەشێکی فیدرالی بێ لە عێراق.

لە کۆتایی ١٩٧٠کاندا ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش بە سەر سیاسەتی کوردیدا هات، ئەوەش دروستبوونی پەکەکە (پارتیا کارکرێن کوردستان) بوو. لە پراکتیکدا، هەر لە ١٩٨٤ەوە بەرەنگاریيەکی چەکدارانەی تورکیایان کرد. لە ساڵی ١٩٨٤ بەدواوە، پەکەکە لە سیاسەتی کوردیو ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەکەدا بووە حەقیقەتێکی گرنگ.

لە هەندێ ماوەدا، حیزبە کوردییەکانی عێراق هاوکاری پەکەکەیان دەکرد، بەڵام ئەوانە هاوکاريیەکی جێگیرو بەردەوام نەبوونو لەسەر بارودۆخی سیاسیو شتی تر وەستابوو. بەڵام لە هەندێ ماوەدا لە ناو کوردی عێراقدا لایەنگریان زۆر دەبوو، چونکە لە بنەڕەتەوە کێشەی کورد لە هەموو وڵاتەکاندا وەك یەکەو لە لایەن حکوومەتەکانەوە هەمان کێشەی چەوساندنەوەیان هەیە.

## ژیانی ڕۆژانە لەئێراندا

کە چووینە ناو ئێرانەوە، دەکرا مرۆ خەریکی پلانی تایبەتی خۆی بێ. من بڕیارم دا ئەدەبی فارسی بخوێنم. حەزم لە ئەدەب هەبوو تا کاتەکە بە سەر بەرمەو زمان فێر ببم‌و شتێکیش لە بارەی کۆمەڵایەتییەوە بزانم. مرۆ دەتوانێ لە ڕێی ئەدەبەوە زۆر شتی تر فێربێ.

لەوماوەیەدا دەستم بە خوێندنەوەی شاعیرە گەورەکان کردو هەم شیعری کلاسیکی، حافزو سەعدی شیرازی، هەم شیعری نوێ، وەك ئەحمەد شاملو. ڕۆمان‌و تێکستی نووسەرە گەورە ئێرانییەکانی وەك ڕەزا بەراهنی‌و عەلی ئەشرەف دەروێشیانم خوێندنەوە. باسی بە نووسەربوونیانم خوێندەوە. دەکرا بەو شێوەیە بچمە ناو کۆمەڵگای ئێرانەوەو بزانم چۆن هەڵدەسووڕێ. لە سەر ئەوەشەوە خوێندنەوەی ئەدەبە جوانەکان باشترین ڕێگا بوو بۆ فێربوونی زمان.

لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکی زۆرم بە خەڵکیشەوە هەبوو، جا چ دەستە سیاسییەکانی ئێران چ خەڵکە ئاساییەکان. کاتی خۆمم بەش دەکرد، بەشێك بۆ ژیانی تایبەتی خۆم‌و بەشێك بۆ کاری سیاسی. لە ڕێی سیاسەتەوە هاوڕێ حیزبییەکانی خۆمم دەبینی‌و لە کۆبوونەوەکاندا بەشداریم دەکردو نوێنەری حیزبە سیاسییەکانی تریشم دەبینی.

کاتێکی لەبار بوو بۆ ئەوەی ئێمەی ئەندامە چالاکەکانی حیزب لە یەکتر نێزیك بکەوینەوەو باشتر یەکتر بناسین. پێشتر لە بارەگای جیاوازدا بووین‌و

شەڕیش لە ناوچەکدا هەبوو. بەڵام ئێستا لە ئێران کۆ ببووینەوەو کاتمان بۆ بڕیاردان زیاتر بوو. دەمانتوانی دانیشینو دەمەتەقێ بکەینو بچینە قاوەخانەو باسی چالاکییە سیاسەکان بکەین یا لە بنکەی پەیوەندییەکانمان کار بکەین. قسەکردن لە بارەی سیاسەتەوە زۆر ئاسانتر بوو.

لە شارێکی گەورەدا دەژیاین. ورمێ، نیو ملیۆن کەس تەنها لەناو شارەکەیدا هەبوو، مرۆ لە شاری ئاوها گەورەدا هەموو دەرفەتێکی دەبێ. ژیانمان ئاسایی بوو، ئەوە لە بنکەکانی خۆماندا لە شاخ، کە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی هێرشو بۆردومانی ڕژێمدا بوون، دەستەبەر نەدەکرا.

زۆر خۆش بوو هەموو کەسە سەرکردەکانی حیزبەکان لە هەمان ناوچەدا گرد ببوونەوە، جا یا لە ناو ورمێ بوون یا لە دەوروبەری ورمێ. لە بەر ئەوە، دەرفەت هەبوو حیزبەکانی تریش ببینین.

ئەوە بۆ من باشترین دەرفەت بوو خۆم خەریکی کۆمەڵگای ئێرانی بکەمو بزانم چۆن بەڕێوە دەچێ. پیاو چەند لە سەر کۆمەڵگایەك بخوێنێتەوە، ناگاتە ئەوەی لە ناویدا بژێ. بۆ ئەوەی لە ناو کۆمەڵگەیەکدا بژێی، ئەوە بەش ناکا ماڵەکەت لەوێ بێ. دەبێ پەیوەندیت بە خەڵکەوە هەبێ. پەیوەندیکردن بە خەڵکەوە لە ئێران ئاسان بوو. لە ڕووی سەروسیماوە بەوان دەچووم، بە زمانەکەیان قسەم دەکرد. لە سەرووی ئەوانەشەوە ئێران بەخۆی وڵاتێکی فرەکلتوورە. فارسو تورکی ئازەریو کوردو عارەبو کەمایەتی تری تێدانو لە ڕووی زمانیشەوە، بە فارسیو ئازەریو کوردیو چەندین زمانی تر قسە

دەکرێت. ئیسلام ئاینی ڕەسمییــە بــەڵام ئــاینی تــریش هــەن، وەك مەسـیحیو جوولەکەو زەردەشتی.

زۆر ئەندامان هەبوو کە پێشتر پێشمەرگە بوونو لە بنکەکە گیرسـابوونەوە. بە دەورەی دیموکراتیو بابەتی ترەوە خەریکمان دەکردن. لە کاتی دەورەکاندا، زیاتر لە یەك نێزیك دەبووینەوەو زانیاری زیاترمــان بــە دەسـت دەهێنــاو لــە سەر ئەوانەشەوە خۆمان خەریك دەکرد. وا نەبوایە، دانیشتن بە دەستبەتاڵی لە بنکەکەدا، ماندووو بێزاری دەکردین.

ساڵی ١٩٨٩ کۆنگرەی دووەمی حیزب بەسترا. ئەوەش لە ژیـانی سیاسـی حیزبدا بە ڕووداوێکی گرنگ دادەندرێ. حیزب تەنها یەك کـۆنگرەی کردبـوو ئەوەش ساڵی ١٩٨١ کە حیـزب دروسـت بـوو. جگـە لـەوە کۆنفرانسـێك بـۆ زیادکردنی سەرکردایەتی کرا.

پێشتر، بە هۆی جەنگەوە کۆنگرە ئاسان نـەبوو. بـەڵام ئێسـتا بـە ئاسـانی ئەنجام دەدراو من ئەو کاتە سەرقاڵی ئامادەکارییەکانی کۆنگرە بـووم. جگـە لە ڕێکخراوەکـانی خۆمـان لـە ناوچـەکەدا، نوێنـەرانی حیـزب لـە سـووریاو ئەورووپاش بانگ کران. لە بنکەیـەکی سـەر سـنووری عێـراق کۆنگرەکـەمان بەڕێوە چوو.

لە مێژووی حیزبەکەماندا کێشەیەکی گەورەمان هەبوو. ئەویش ئـەوە بـوو زۆر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەبوون کە ئامادە نەبوون بێنە ناوچەکە. بـۆ کۆمیتەی مەرکەزی هەڵبژێردرا بوون، بەڵام لە سووریاو سوید دەژیان. دیارە

ژیان له ستۆکهۆڵمی خواپێداوو دیمەشقی ئارامـدا لـەوە خۆشـتر بـوو بچـیتە ناوچەی شەڕو نائارامیی له کوردستانو له بارودۆخی ناخۆشدا بژێیت.

باسی چارەسەری کێشەکەمان کرد. بڕیار درا ئەوەی بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ، دەبێ ئامادە بێ لەگەڵ پێشمەرگەدا بژێو چالاك بێ، نەك له دوورەوە دانیشێو حیزب بەڕێوەبەرێ.

## زیادبوونی ئارەزووی سەفەر بۆ ئەورووپا

بیرم لەوە دەکردەوە سەفەر بکەمو لە ئێران دەربچم ـ ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ. لە بەر ئەوەی من خاوەنی ئەو بیرۆکەیە بووم کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەبێ بۆ ئەوە ئامادەبێ لە جێی پێویستی کارکردندا بێ، نەمویست خۆم هەڵبژێرمەوە. زۆر لەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی بێ تاقەت ببووین کە بۆ خۆیان لەسویدو سووریا دانیشتبوونو کادیرەکانی تریش لەو بارودۆخە ناخۆشەی ناوچەکەدا دەژیان. بەڵام من لە ژێر فشاری سەرۆکایەتی حیزبدابووم بۆ ئەوەی لە سەرکردایەتیدا بمێنمەوەو لە ژێر فشاری ئەواندا خۆم هەڵبژاردەوە، بەڵام بڕیارم دا چ پڕوپاگەندە بۆ خۆم نەکەمو بە یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرام. ئەوەش وای کرد بەرپرسیارەتی زۆرم نەبێتو بتوانم ناوچەکە جێبهێڵم.

هۆکار بۆ سەفەرکردنم زۆر بوون. بەوپەڕی ساکارییەوە زۆر ماندوو ببوومو پێویستیم بە حەسانەوەو ئاسوودەیی هەبوو. هەموومان، بە سەرکردە بالاکانیشەوە ئەو هیوایەمان نەمابوو بگەڕێینەوە بۆ کوردستانی عێراق. بەڵام تەنها سەرکردەیەك کە جورئەتی هەبوو ئەوە بدرکێنێو بە خەڵکی ڕابگەیەنێ، نەوشیروان مستەفا بوو کە ئەو دەمە کەسی دووەمی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، بەوەش ناسرابوو کە پیاوێکی سەرڕاستوقسە لەڕووە. ئەمڕۆ نەوشیروان مستەفا سەرکردەی گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆنە لە کوردستان .

زەحمەتـە لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا دەسـەڵات بگریتـە دەسـت بـەڵام کـە گرتیشتە دەست بە ئاسانی پارێزگاری لێدەکەی، چونکە هـەموو شـێوازێکی پاراستنی ڕێی پێ دراوە.

سەددام حوسێن پارەی نەوتی زۆربوو، بە کەیفی خۆی سەرفی دەکرد، بۆیـە مـەکینـە مرۆکوژەکەی، بەوپەڕی خێرایی لەکاردابوو. دەسەڵاتداران بەو شێوەیە دەسەڵات لە دەستی خۆیانـدا دەهێڵنـەوە. لەبـەر ئـەوە ئـەو هیوایـەمان نـەما سەددام حوسێن لاکەوێ. بیرمان لەوە دەکردەوە ئەگـەر بـە مردنـی ئاسـاییش بمرێ، ئەوا دەسەڵات دەکەوێتە دەستی کوڕەکانیەوە.

باوەڕمـان نـەدەکرد سـەددام حوسـێن جـەنگێکی تـر دەست پـێ بکـا یـا هەڵەیەکی تر ئەنجام بدا. من لەو باوەڕەدا بووم کە وانەیەك لە شەڕی عێراق ـ ئێران فێر بووبێ‌و ئیدی ئارام دەبێتەوەو عێراق بـەڕێوە دەبـا. پێمـان وا بـوو گەڕانەوەمـان نابێ‌و ڕژێمەکەی سەددام بە ئـارامی بـەردەوام دەبـێ. دوای ئـەو هەموو کێشە دوورودرێژانەی کە لەگەڵ سەددام حوسێندا هەمانبوو، نـەدەکرا بگەڕێینـەوەو ئەویش لە سەر دەسەڵات بێ. لەبەر ئەوە، باشتر بـوو بـۆ سـەفەر بەڕێ بکەوم.

بیرم لەوەش کردەوە کە دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی ئەورووپا ببینمو بزانم چـۆن سسـتەمی کۆمـەڵگا بـەڕێوە دەچـێ. لـە بـارەی سسـتەمی دیمـوکراتی ڕۆژاوای ئەوروپامـان دەخوێندەوەو بە لامەوە خۆش بوو تیایدا بژێم. بڕیـارم دا دەرفەتەکە بقۆزمەوەو سەفەری ئەورووپا بکەم.

پێشتر دوو جاران سەفەری سووریام کردبوو، لەوێ بەشداریم لە کاری سیاسی کردبوو، هاورێ حیزبییەکانم دیبوون. لەوێش بنکەیەکی پەیوەندیمان هەبوو. کوردە عێراقییەکان، نەلە سووریا بوونی یاساییان هەبوو نە لە ئێران. لەبەر ئەوەی بەرهەڵستکاری سەددام حوسێن بووین، ئەوان وەك میوان پێشوازییان لێ دەکردین. بەڵام میوان چی دەگەیاند؟ مەترسی ئەوە دەکرا میوان وەدەر بنێن. میوانی درێژخایەن جۆرێ بوو لە مەحاڵ. مرۆ پێویستی بەوە هەیە ژیانێکی ئارامو ئاسایی بەسەر بەرێ. لەبەر ئەوە، مرۆ دەترسا ئاخۆ سبەینێ چ دەقەومێو بارودۆخەکە چی لێ دێ. مرۆ کە لە شاخ سەرگەرمی بەرهەڵستکاری بوو، هەمیشە ئەوەی لە بەر چاو بوو کە بگەرێتەوە شارەکەی خۆی، بەڵام ئیدی لە دەرەوەی سنوور بووینو سنوورەکانیش داخرابوون. چی دی هیوای گەرانەوە نەمابوو بۆیە مرۆ دەیویست ژیانێکی ئاسایی بژێ.

لە ئەنجامدا، گەیشتمە خاڵێك کە دەبێ بۆ ئەورووپا رابکەم. پاسپۆرتێکی توونسیم هەبوو کە حیزب بۆی دابین کردبووم. یەکێ لە هاورێکانم پێی گوتم کە بەو پاسپۆرتە سەفەری زۆر وڵاتم پێ دەکرێ. توونس بۆ وڵاتە ئەورووپییەکان، لەوانەش سوید، شوێنی گەشتوگوزار بوو، ڤیزەیان پێ نەدەویست .

کە بریاری سەفەرم دا، لە تاران چوومە بلیتفرۆشییەك. لەوێ، نماینەدەی زۆر لە هێڵە ئاسمانییەکان هەبوون. ئەو کیژەی کە لەوێ بوو، لێی پرسیم ئاخۆ دەمەوێ بۆ کوێ سەفەربکەم. منیش لێم پرسی خەتی کوێیان هەیە.

گوتی که بۆ زۆر وڵات هەیانە، بۆ نموونـە بـەریتانیاو ئـەڵمانیاو سـوید. پـێم گوت کە دەبێ چەند دەقیقەیەك بیر بکەمەوە. دیارە بۆ ئەو کیـژە سـەیر بـوو، پیاوێك دەیەوێ بلیێت بکرێ، بەڵام نازانێ بۆ کوێ. نەختێ دەمەتەقێمان کردو لە ئەنجامدا پێم گوت، بۆ سوید.

بەوپـەڕی سـاکارییەوە هەنـدێ شـتی باشـم لـە بـارەی سـویدو بـاکوورەوە بیستبوو. ئـەوەی لـە بـارەی سـویدەوە دەمزانـی، ئۆلـۆف پالْمـە بـوو کـە لـە ڕۆژهــەڵاتی ناوینــدا بــەناوبانگ بــوو. هــەروەها کۆمپانیــای تەلــەفۆنی ئێریکسۆنو مۆدێلی سـویدیو ئـەو شـتانە لـە بـارەی سـویدەوە دەزانـدرانو خوێندبوومەوە. لە بارەی زمانەوە نـەختێ دوودڵ بـووم، ئـاخۆ باشـترە زمـانی سـویدی فێـر بـبم یـا زمـانی ئـەڵمانی. ئەگـەر سـەفەری بـەریتانیام کردبـا ئینگلیزییەکی باشتر فێر دەبووم. دیارە ئینگلیزی زۆر بە سوودترە چونکە لە هەموو جیهاندا بەکار دێ، بەڵام سویدی هەر لە سوید بەکەڵك دێ.

ئەو جۆرە دوودڵییەم هەبوو. بەڵام هەرچۆنێ بێ دەمویست دەربچم .

پاسپۆرتەکەم دایە کچە فەرمانبەرە بلیتفرۆشەکە. تەماشای پاسپۆرتەکەی کردو گوتی: "لەگەڵ ئەوەشـدا پاسـپۆرتی توونسـیت هەیـە، بـەڵام هـاوڵاتی توونسیش نیت". بۆم سەلماند کە وایـە. بـەڵام داوام لێـی کـرد کـە جـوان لـە پاسپۆرتەکە ورد بێتەوە تا دڵنیا بێ تەزویر نییە. ئەگەر پاسـپۆرتەکە تـەزویر نەبێ چ بەرپرسیارییەك ناکەوێتە سـەری. ئەگـەر پاسـپۆرتەکە تـەزویر نـەبێ،

هەڵە لە کارەکەیدا نابێ. هانیم دا بە ئامێرەکانی خۆیان پاسپۆرتەکە تاقی بکاتەوە تا دڵنیا بێ تەزویر نییە.

بەڵام پاسپۆرتەکە تەزویر نەبوو. لە لایەن حیزبەوە پەیدا کرابوو، نازانم چۆن پەیدا کرابوو. پاسپۆرتێکی تەواو بوو.

کیژەکە، بۆ دڵنیایی، بەو مەرجە قەبووڵی کرد بلیێتی چوونو گەڕانەوە بکڕم. ئەگەر لەوسەرەوە بمگێڕنەوە، ئیدی بۆ کۆمپانیاکە نابێتە کێشە. منیش ئەوەم لێی پرسی ئاخۆ ئەگەر نەگەڕێمەوە ئەو پارەیە چی لێ دێ، ئەویش گوتی ئەگەر یەکێ نوسخەیەکی پاسپۆرتەکەت بە ئیمزای خۆتەوە بهێنێ، پارەکەی بۆ دەگێڕینەوە.

بە تەنها بەرەو سوید سەفەرم کرد. هاوسەرەکەم، لە ئێران لە ماڵی باوکیدا مایەوە. وامان دانابوو ئەگەر من لە سوید مامەوە، ئەویش بێت بۆ سوید. بەڵام ئەگەر ماوەی مانەوەم تەنها چەندمانگێك یا ئەوپەڕەکەی ساڵێك بێ، پێی ناوێ ئەو بێ.

## له سەر خاكی سوید

### پاسپۆرتێكی دڕاو

(١٩-٦-١٩٩٠) گەیشتمە سوید. كە كاپتنی فڕۆكەكە ڕایگەیاند لە ئارلەندا نێزیك بوینەتەوە، بیرم لەوە كردەوە ئەگەر لە كێشەكەم نەگەن دوور نییە بمگێڕنەوە. كێ چوزانێ! خۆ ئەگەر بۆ عێراقیشم بگێڕنەوە ئیعدام دەكرێم. وای بۆچووم باشتر وایە پاسپۆرتەكە لە كۆڵی خۆم بكەمەوە. ئەگەر وا بكەم،پۆلیس مەودای نابێ بمگێڕێتەوە. ئەوەی بە لامەوە گرنگ بوو ئەوە بوو بچمە ناو وڵاتەكەوە. ئەگەر ئەوە بكەم، دەتوانم باشتر باروردۆخی خۆم ڕوون بكەمەوە. ئەگەر بۆ عێراقم بگێڕنەوە، جگە لە ئەشكەنجەدان، بە پێی یاسای عێراق ئیعدام دەكرێم. پاسپۆرتەكەو بلێتەكەم دڕاندن‌و لە سەر كورسی فڕۆكەكە بەجێم هێشتن. پیرەمێردێك بە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، زۆری بەلاوە سەیر بوو پاسپۆرتەكەی خۆمم دڕاند. وایدەزانی شێت بوومە!

## له بری لێدان، قاوەیەك

له خاڵی پشکنینی پاسپۆرت، بۆ ژنه پۆلیسێکم ڕوون کردەوە کە بۆ پەنابەری هاتووم‌و کوردی عێراقم. بۆ ژوورێکی تر بەخێرهاتنی لێ کردم. چاوەڕوان بووم لێم بدەن، چونکە لە عێراق‌و زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەگەر بچیتە لای پۆلیس جارێ لێدانێکی باشت بۆ دەکەن، ئەوجا لێت دەپرسن چیت کردووەو کێشەت چییە. لە بری ئەوانە، ئەو ژنە پۆلیسە قاوەی بۆ هێنام.

زۆر دۆستانە بوو. بە ئینگلیزی پرسیاری ناوو ساڵی لەدایکبوونی لێ کردم. هەروەها خەڵکی کوێم‌و لە کوێوە هاتووم. پێم گوت کە هاوڵاتی عێراقم‌و لە حیزبێکی سیاسیدا چالاکم‌و بە هۆی بارودۆخەوە کەوتوومەتە ئێرانەوەو ئێستاش هاتوومەتە سوید..

دوای نێزکەی یەك سەعات وەرەقەیەکی دامێ‌و وەك پەناخواز لە سوید قەید کرام‌و شوفێرێك هات‌و لە هەڵگرتنی جانتاکەمدا یارمەتی دام. ژمارەیەکی زۆر کتێبم پێ بوو. چووینە ستۆکهۆڵم، بۆ شوێنێك کە جۆرە کامپێکی پەنابەران بوو. نزیکەی ماوەی سێ مانگ، لە ١٩ ی حوزەیرانەوە تا سێپتەمبەر لەوێ مامەوە. لەو ماوەیەدا کەس لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا نەکردم.

چاوم بە زۆر لە هاوڕێ حیزبییەکانم‌و ئەو سویدییانە کەوت کە لە کوردستان دیبوومن. ئەوانە، یا لە منداڵپارێزاندا کاریان دەکرد یا خاچی

سوور یا ڕۆژنامەوان بوون. دوای سێ مانگ ئەوجا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردم، ئاخۆ بۆچی عێراقم جێهێشتووە. زۆر بە وردی بۆم باس نەکردن نەوەك سەرسام بن. زەحمەت بوو هەموو شتێك ڕوون بکەمەوە. بەوپەڕی ساکارییەوە بەرهەڵستکاری سەددام حوسێن بوومو لەو حیزبەدا ئەندامێکی چالاك بوومو ئەگەر بمگێڕنەوە ئیعدام دەکرێم. دوای ئەوەی مۆڵەتی مانەوەی هەمیشەییان پێ دام.

هەموو جیهان دژی سەددام حوسێن بوو چونکە تازە هێرشی کردبووە سەر کوێت. جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمەریکا، هەموو جیهانی لە دژی سەددام حوسێنو عێراق گرد کردبۆوەو لەو بارودۆخەدا ئاسان بوو مۆڵەتی مانەوە وەربگیرێت. ئەو دەمە، عێراقی لە سوید زۆر نەبوون. ئەوانەش کە لێرە بوون، زۆربەیان چالاکوانی سیاسی بوونو جێی تریان نەبوو بۆی بچن .

## ڕاهێنانی زمان له سکوتشێری ئارامدا

ماوەیەکی کەم بۆ کرامفۆش گواستمەوە. دوای ئەوە بۆ ناوچەی ئێلڤکارلەبی گواستمەوەو لەوێ لە شوقەیەکی یەك ژووریدا، لە ناوەندی شاری سکوتشێر نیشتەجێ بووم .

ژیان له سکوتشێر لایەنی باشی هەبوو. کۆمەڵگایەکی بچکۆلەبوو. ئەگەر بیر لەو ژیانە بکەیتەوە کەمن بە سەرم بردبوو، خۆش بوو لە جێیەکی هێمن و ئارامدا بم. دوای ماوەیەك زۆر کەسم ناسین. باشەیەکی تری ئەو شوێنە ئەوە بوو کە له ستۆکهۆڵمەوە نێزیك بوو. بەڵام لایەنی خراپیشی ئەوە بوو من لەگەڵ شاری گەورەی وەك هەولێرو بەغداو تاراندا ڕاهاتبووم. زەحمەت بوو لە شوێنی ئاوها گەورەوە بچیتە شوێنێکی بچووکی وەك سکوتشێر. کێشەیەکی تر، ئەگەر پیاو بیر لە داڕۆژی دوای خوێندنی زمانی سویدی بکاتەوە، ئەوە بوو کە ڕێگەی دۆزینەوەی کار ئەوەندە زۆر نەبوو، جا چ کاری ڕەسمی بێ یا کاری سەربەخۆ. لە سەر ئەوەشەوە، ئەو دەمە باری ئابووری سوید خراپ بوو.

بۆ فێربوونی زمانی سویدی، چەند مانگێك چوومە قوتابخانە. حەزێکی زۆرم لە فێربوونی زمان بوو، سەربەخۆ زۆرم ڕاهێنان دەکرد یەکێ لەوانەی خەریکی بووم، کتێبی منداڵان بوو. جگە لەوە زۆر تەماشای بەرنامەی منداڵانم لە تەلەڤزیۆن دەکرد کە یارمەتیدەرێکی باش بوو. تێکستی تەلەڤزیۆن بۆ من هەم تازەو سەرنجڕاکێش بوو هەم بە سوود بوو. فێربوونی زمان کارێکی درێژخایەنەو ڕاهێنان و تێکەڵاوبوونی زۆری دەوێ.

## شەڕی کوێت

۲ی مانگی ئابی ۱۹۹۰ سەددام حوسێن چووە کوێتەوە. نزیکەی دوو ساڵی ڕێك بە سەر وەستانی شەڕی عێراق ـ ئێراندا لە ۸ی ئەیلوولی ۱۹۸۸ تێپەڕیبوو.

## سەددام حوسێن بۆچی کوێتی داگیر کرد؟

خەڵکی پێیان وابوو سەددام حوسێن ئەو کاولکاریانە چاك دەکاتەوە کە بە هۆی شەڕەوە ڕوویان داو ناوچەکە ئارامتر دەبێ. لەبەر ئەوە، هێرشی ۱۹۹۰ی سەددام حوسێن بۆ سەر کوێت بۆ زۆر کەس شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو.

هەندێ ڕوونکردنەوە بۆ ئەو هێرشە هەن کە ڕێیان تێدەچێ:

یەکێکیان ئەوەیە کە سەددام حوسێن سوپایەکی گەورەی هەبوو، دەبوو سەرقاڵی بکا. ئەوەی بە لاوە مەترسی بوو ئەو سوپایە بە دەستبەتاڵی بگێڕێتەوەو هیچی نەبێ پێوەی خەریك بێ.

هۆکارێکی تر ئەوە بوو کە قەیرانەکانی دوای جەنگ زۆر گەورە بوون‌و ویستی بە داهێنانی قەیرانی تر چارەسەریان بکا. داهاتی وڵات سەرف کرابوو، قەرزێکی زەبەلاحیشی لە سەر بوو.

هۆکاری سێیەم کە ڕێی تێ دەچێ، ئەوە بوو کە سەددام حوسێن پێی وا بوو کوێت نێچیرێکی ئاسانەو دەست بە سەر نەوتە زۆرەکەیدا دەگرێ. لەو باوەڕەشدا بوو چرای سەوزی بۆ هەڵکراوەو ئەگەر داگیری بکا دنیای خۆراوا هیچ نالێ.

بەڵام دەرکەوت هێرشی کیمیاوی بۆ سەر هەڵەبجە شتێکەو پەلاماردانی کوێت شتێکی ترە. ئەمەریکا، بە خێرایی هەموو جیهانی لە دژی سەددام حوسێن خستە گەڕ. خەڵك بیری لەو مەترسییە دەکردەوە کە بەرەو ناو سعوودییەش بکشێ.

پیاو دەتوانێ بە دڵنیاییەوە ڕایگەیەنێ کە هێرشی سەددام حوسێن بۆ سەر کوێت لە ١٩٩٠داو شەڕی درێژخایەنی لە دژی کورد، هەروەها داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە لە ٢٠٠٣داو ڕووخانی سەددام حوسێن، هەموویان ئەنجامی ڕەفتاری ١٩٨٠کانی سەددام حوسێن‌و شەڕی عێراق ـ ئێران بوون کە دوای وەرگرتنی دەسەڵاتەکەی ڕوویان دا.

زۆر لە چاودێران پێیان وایە کە عێراقی پێش شەڕی ئێران، پەنجا ملیارد دۆلاری ئەمەریکی پاشەکەوتی هەبووە بەڵام دوای وەستانی شەڕەکە، جگە لەو پەنجا ملیاردە پاشەکەوتە، سەد ملیاردی تریش قەرزار بووە. نابێ لە بیریشمان بچێ کە زۆربەی هەرە زۆری پارەی نەوت لە ماوەی هەشت ساڵدا لە جەنگەکە سەرف کرا. ئەگەر بیر لەو ژمارانە بکەینەوە تێدەگەین سەددام حوسێن چۆن ئەو سوپایەی پڕچەك کردووەو جەنگەکە چ پارەیەکی تێ چووە.

زۆربەی ئەو سەد ملیارده دۆلارەی کە سەددام حوسێن قەرزی کردبوو، پارەی دەوڵەتانی کەنداو بوو. ئەو پارەیە قەرز بوو بەڵام سەددام حوسێن وەك دیاری تەماشای دەکرد چونکە جەنگەکەی بە بەردەوامیی جەنگی مێژوو دەزانی کە لە نێوان عارەبو فارسدا بووە. لە پڕوپاگەندەی جەنگدا دەیگوت عێراق دەروازەی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی عەرەبان دەپارێزێ. لەبەر ئەوە بوو چاوەڕوانی یارمەتیو پشتگیریو چاودێری لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی وەك سعوودییەو کوێتو ئیماراتی عارەبی دەکرد. هەمیشە دەیگوت ئەگەر من بەرانبەریان نەوەستابامو بەرگریم لە عارەب نەکردبا، ئێران هێرشی دەکردنە سەرو داگیری دەکردنو ئەوانیش هیچیان پێ نەدەکرا. سەددام پێی وابوو مادام بەرگری لە وڵاتی عارەب دەکرد، ئەوانیش لە سەریان بوو نرخەکەی بدەن.

کە شەڕی عێراق ـ ئێران وەستا، ڕژێمەکەی سەددام حوسێن پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەبوو. ئەوەش لە لایەکەوە بۆ ئەوەی وڵات بەڕێوە بچێو لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی هەرچی لە جەنگەکەدا وێران بوو دروستی بکاتەوە. لە سەر ئەوەشەوە سوپایەکی یەك ملیۆنی هەبوو، ئەوەش پارەی دەویست تا بەردەوام بێو سەرقاڵیش بێ. ناکرێ سوپایەکی یەك ملیۆنی ببەیتە وڵاتێکەوەو بە دەستی بەتاڵو بێ سەرگەرمی سەربازی بیهێڵیتەوە.

سەددام حوسێن، لە لایەکەوە ئامادە نەبوو ژمارەی سوپاکەیو توانای جەنگیی سوپاکەی کەم بکاتەوە، لە لایەکی تریشەوە توانای بەڕێوەبردنی

نەبوو. هاوکێشەکە حەل نەدەبوو. دارێکی بە دەستەوە بوو هەردوو سەری پیس بوو. نەیدەویست لە توانای ئامێرە جەنگییەکەی کەمبکاتەوە چونکە زۆر مەترسی تری لە بەردەمدا مابۆوە.

ئەوە بوو وای لە سەددام حوسێن کرد هێرش بکا.

ئەوە شتێکی سەیر نییەو ئەگەر تەماشای وڵاتانی ترو سیاسەتی جیهانی بکەین زۆر نموونە دەبینین. ڕۆناڵد ڕیگنی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا سۆڤیەتی ناو نابوو "ئیمپراتۆریای بەدکاری". ڕووخانی سۆڤیەت هۆکاری زۆر هەبوون، بەڵام هۆی سەرەکی هەڕەشەی سەربازی ئەمەریکا بوو کە بووە هۆی ململانێی پێشخستنی چەك. گرەوی ڕێگن لە سەر شەڕی ئەستێرەکان وای کرد ئابووری سۆڤیەت بەرگەی ئەو پڕچەککردنە زەبەلاحە نەگرێ. خۆچەکدارکردن زۆر گەورە بوو، ئابووریش لاواز بوو. ئەمە بووە هۆی هەرەسهێنانی هەموو سستەمەکە. لە عێراقیش، هەمان شت ڕووی دا. هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە ئەو کێشەیەی سۆڤیەت دەبینـدراو هەوڵیش دەدرا سستەمەکەو ئیمپراتۆریەکە دەرباز بکرێن. ئەو بۆچوونە، بوونی نادڵنیاییەکی گەورەو دەبێ شێوەی سستەمەکە بگۆڕین، بووە هۆی ئەوەی گورباشۆڤ ببێتە سەرکردەی گۆڕانی هەموو سستەمە ئابووریو سیاسییەکە، بۆیە گلاستنوسو پرۆسترۆیکای ڕاگەیاند.

زۆر کەس پێیان وابوو سەددام حوسێن سەر لە سیاسەتی جیهانی دەردەکاو دەزانێ چی لە سیاسەتی جیهانیدا دەگوزەرێ. بەڵام من پێم وایە

توانایەکی زۆر سنووورداری هەبوو. هەوڵی دەدا کێشەکان بە شێوازی خۆی چارەسەر بکا. دیدی بۆ کێشەکانو شتەکان لەوە زیاتر نەبوو کە لە گوندەکەی خۆی، عۆجە هەیبوو.

سەددام حوسێن شارەزای سیاسەتی جیهانی نەبوو، لە هەموو ژیانیدا یەك جار سەردانی جیهانی ڕۆژاوای کردبوو. ئەوەش سەفەرێکی بوو بۆ فەرەنساو لەوێ جاك شیراکی بینی کە لە حکوومەتی ئەو دەمەی فەرەنسادا وەزیر بوو. بۆ ئەوە سەردانی فەرەنسای کردبوو تا وزەی ئەتۆمی لە عێراقدا دامەزرێنێ.

شێوازی چارەسەری کێشە لای سەددام حوسێن توندوتیژی سەربازیو هەڕەشە بوو. وڵاتانی کەنداوی ناچار کرد پارە بدەنە خۆیو ئامێرە جەنگییەکەی. سەددام حوسێن لە هەموو ماوەی دەسەڵاتیدا، نەیارەکانی خۆی لە ناو حیزبی بەعسو سوپادا تێکشکاندو توانی بزووتنەوەی بەرهەڵستکارانەی کوردیش تێکبشکێنێ. سەددام حوسێن دەسەڵاتی گەورەی هەبوو، خەریك بوو خۆی لەگەڵ سەرکردە گەورەکانی جیهانی عارەبیو ئیسلامی مێژوودا بەراورد دەکرد. بۆ نموونە، خۆی لەگەڵ سەلاحەددینی قارەمانی کورددا بەراورد دەکرد، کە لە ١١٠٠ەکاندا لە دژی خاچهەڵگران لە قودس شەڕی کرد. هەروەها لەگەڵ جەمال عەبدولناسری سەرۆکی ئەوسای میسردا خۆی بەراورد دەکرد. تەنانەت خۆی لەگەڵ نەبوخەدنەسری (٦٠٥ ــ ٥٦٣ پ.ز) بابلیشدا بەراورد دەکرد.

ئـەوەی پەیوەنـدی بـە کۆمـەڵگای عێراقـەوە هەیـە، سـەددام حوسـێن کەشوهەوایەکی داهێنابوو کە هەموو کەس، ئا هەموو کەس لێـی دەترسـان. لە جێگری سەرۆك‌و ئەفسەرە باڵاکانی سـوپاوە بگـرە تـا هاونیشـتمانییەکی ئاسایی. لە باشوورەوە تا باکوور. ئەویش لە لایەن خۆیـەوە لـە هـەموو کـەس دەترسا.

## بەهەڵەچوونی سەددام

سەددام حوسێن بۆچوونێکی وای هەبوو، ئەگەر کوێتی دەوڵەمەندو خاوەن نەوت داگیر بکا، دەتوانێ ئابوورییەکەی خۆی نەجات بدا. بەوەش دەتوانێ دەسەڵاتی خۆیو ئامێرە سەربازییەکەش بپارێزێ. لە بەر زۆر هۆ، پیی وابوو داگیرکردنی کوێت کاردانەوەیەکی ئەوتۆی جیهانی نابێ.

ئەگەر لە مێژووی نوێ ورد بینەوە دەبینین زۆر جار وڵاتێك هێرشی کردۆتە سەر وڵاتێکی ترو جگە لە دەربڕینی نارەزایی هیچ کاردانەوەیەکی تر نەبووە. نموونەی ئەوەش، هێرشی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستانو هێرشی سووریا بۆ سەر لوبنان. سەددام خۆی تاقیکردنەوەی هەشت ساڵ شەڕو هێرشکردنەسەر ئێرانی هەبوو. لە سەرەتاوە هەندێ نارەزایی دەربڕدران بەڵام هیچ نەقەوما. چەندین ساڵ هێرشی کردە سەر کوردو چەکی کیمیاوی لە دژیان بەکار هێنا، بەڵام نارەزاییەکی ئەوتۆ نەبوو. پێی وا بوو مەسەلەی کوێتیش هەر وا دەبێ. لە سەرەتاوە هەندێ نارەزایی دەردەبڕنو دوایی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی وەك واقعێك قەبووڵی دەکەن.

سەددام حوسێن خۆی بە دۆستو هاوڕێی سۆڤیەتو فەرەنسا دەزانی. هاوڕێتیو هاوکاری درێژخایەنی لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبوو کە ساڵی ١٩٧٢ ئەو دەمەی خۆی جێگری سەرۆك بوو، ئیمزا کرابوو. پێی وابوو ئەگەر ئەمەریکاو ڕۆژاوا لە مەسەلەی کوێت لە دژی بوەستنەوە، سۆڤیەت بەرگری

لیّ دەکا. عیّراق پەیوەندی بازرگـانی‌و بـواری پەرەسـەندنی ئـەتۆمی لەگـەڵ فەرەنساشدا هەبوو.

ئەوەی قورەکەی خەستتر کردەوە ئەوە بوو ئەمەریکییەکان وایان تێگەیانـد ئەگەر ئەوە بکا ئەوان کاردانـەوەیان نـابیّ‌و ئـەوە کـاریّکی نـاوخۆی جیهـانی عـارەبە. ١٢ی شـوباتی ١٩٩٠ سـەددام حوسـیّن چـاوی بـە (جـۆن کیّللـی)ی جیّگری وەزیری دەرەوەی ئەمـەریکا کەوت کـە لـە وەزارەتـی دەرەوە بەرپرسـی ڕۆژهـەلاّتی نـاوین بـوو. بـە سـەددامی گوتبـوو کـە وەك پارسـەنگی هیّـزی ناوچەکە لیّی دەڕوانن‌و ئەمەریکا هاوکارییەکی چاکی لەگەلّدا گەرەکە .

٢٥ی حوزەیرانی ١٩٩٠ سەددام حوسـیّن لـە سـەر داوای خـۆی چـاوی بـە (ئاپریل گلاسپی)ی سەفیری ئەمەریکا لە بەغدا کەوت. ئەوە یەکەم جار بـوو سەفیری ئەمـەریکا لە بەغدا ببـینیّ‌و زۆر لـە ڕووداوەکـان نیگـەران بـوو، بـرا عـارەبەکانیشی نەیاندەویست پـارەی بـدەنیّ. لـەوەش هـەر نیگـەران بـوو کـە بەهای نەوت دابەزیبوو، دەیویست وەك خۆی لیّ بیّتـەوە. ئـەو دەمەبـەرمیلی ٢٥ دۆلار بـوو. سـەددام حوسـیّن بـە سـەفیرەکەی گـوت کـە ٢٥ دۆلار بـۆ بەرمیلیّك زۆر نییەو ئەگەر پیّشی پیّ نەگیریّ لەوەش زیاتر دادەبەزیّ. ئەوەش بۆ عیّراق دەبیّتە کارەسات. سەفیریش گوتبووی ئـەو نرخـە زۆر نییـەو لەبـەر ئەوەی ئەمـەریکا بەخۆشی نەوتی هەیە، نایەویّ نرخی نەوت لەوە زیاتر دابەزیّ بەلّکو هەر بە بیستوپیّنج دۆلار یا زیاتر بیّ.

سەددام حوسێن ئەوەی بە چرای سەوزی ئەمەریکا لێکدایەوە. دوای ئەوە باسی کێشەی نێوان عێراق‌و کوێتیان کردو سەفیر گوتی ئەمەریکا دەخلی بە سەر کێشەیەکی واوە نییەو ئەوە کێشەی ناوخۆی عارەبەو کاری خۆیانە. سەددام حوسێن ئەوەی وەها لێکدایەوە ئەگەر لە سەر کێشەی کوێت بەردەوام بێ‌و هێرش بکاتە سەریان ئەمەریکا خۆی تێوەناگلێنێ. بەڵام ئەوە بەهەڵەچوونێکی گەورە بوو، بووە هۆی خەسارەتێکی خێرا بەدەستی بەهێزترین دوژمن.

## ئەمەریکا کوردەکانی دەسخەڕۆ کرد

دوای داگیرکردنی کویت، ئەمەریکا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆکردەوەو لە کویت هێرشی کردە سەر سوپای عێراق‌و لەوێیان وەدەرنا. بەڵام ئەمەریکا پلانی درێژتری نەبوو. لەهەمان کاتدا، خەڵکی عێراق بە تایبەتی کوردو شیعە، پێیان وابوو کە ئامێرە جەنگییەکەی سەددام حوسێن تێکشکاوەو باشترین دەرفەت بۆ ڕاپەڕین ڕەخساوە.

خەڵکەکە وایان لێکدایەوە بە قەدەغەکردنی فڕینی فڕۆکەی عێراقی، لە لایەن ئەمەریکاوە چرای سەوزیان بۆ پێکراوە. کورد لە باکوورو شیعە لە باشوور، ڕاپەڕینی مەزنیان بەرپا کرد. ئەوە شکستێکی گەورە بوو بۆ سەددام حوسێن چ لە کویت‌و چ لەناوەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەمەریکا جگە لە وەدەرنانی عێراق لە کویت، پلانی درێژخایەنی تری نەبوو. لە هەمان کاتدا بە دوودڵییەوە تەماشای خۆتێهەڵقورتاندنی ئێران‌و تورکیایان لە کاروباری عێراقدا دەکرد. ئەگەر سەددام حوسێن بڕووخابا، پێگەی ئێران بەهێز دەبوو، عێراقی دەکردە دەوڵەتێکی شیعی. ئەوجا دەبووە لایەنگری ئێران‌و لە لایەن ئێرانەوە دەستی بە سەردا دەگیرا. ئەمەریکا ڕێی دا جارێکی تر عێراق هێزی ئاسمانی بەکار بهێنێ‌و بەوەش شیعەی باشوورو کوردی باکووری بە گورگانخوارد دا. سەددام حوسێن بەوپەڕی هێزەوە دەستی بە لێدانی ڕاپەڕینەکان کرد. بەڵام زەحمەت بوو لە یەك کاتدا بەرانبەر هەردوو ڕاپەڕینەکە خۆی بگرێ. ئەوەندەی لە ڕاپەڕینی شیعە دەترسا لە کورد

نەدەترسا، چونکە شیعەکان زۆر زۆر بوون ــ زۆرینەی دانیشتوانی عێراق بوونو لە لایەن ئێرانەوە پشتگیرییان لێ دەکرا. تێکشکاندنیان بۆ سەددام حوسێن گرنگ بوو بۆیە هەموو هێزی خۆی لە دژی شیعەکان خستە کار. چەندین قەسابخانە لە نەجەفو کەربەلا لە دژیان جێبەجێ کرا.

بۆ ئەوەی فشاری گەمارۆی ئابووریو کێشەی سەربازی ڕۆژاوا لە سەری کەم بێتەوەو تا بارودۆخی کوردستان ئارام بکاتەوە دەستی کرد بە گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکاندا. ئەوە گەورەترین هەڵە بوو کە سەرانی کورد ئەنجامیان دا ـ لەو بارودۆخەدا لە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵیدا دابنیشن. کاتێ هەموو ڕۆژاوا لەگەڵ سەددام حوسێندا بوون، کورد لە دژی وەستایەوەو کە هەموو ڕۆژاوا دژی بوو، کورد لە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵیدا دانیشت. یەکێ لەو هۆکارانەی وای کرد کورد لەگەڵ سەددام حوسێندا گفتوگۆ بکەن ئەوە بوو دوای ڕاپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١ پتر لە یەك ملیۆن کورد ڕایانکردو لە سنوورەکانی ئێرانو تورکیا پەڕیبوونەوە. سەرکردە کوردەکان نەیاندەتوانی ئەو کۆڕەوە نادیدە بگرن ــ یەك ملیۆن مرۆڤ کە بە دەستی خاڵی بەڕێکەوتبوون. سەرکردە کوردەکان لەو بارەیەوە ئەزموونیان هەبوو، دەترسان جارێکی تر سەددام حوسێن چەکی کیمیاوی بەکار بێنێ. لەبەر ئەوە ویستیان گفتوگۆ لەگەڵ سەددام حوسێندا بکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جێی سەرنجە کاتێ ئەوەیان کرد هەموو جیهانی خۆراوا لە دژی بوون.

کورد تاقیکردنەوەیەکی تاڵیان لەگەڵ ئەمەریکادا هەبوو. وەك دەگوترێ: "کوردیان بەکار هێناو دوایی وازیان لێ هێنا". ئەوانە، کوردیان بەکار هێناو دوایی بۆ چارەنووسی خۆی لێی گەڕان. مەبەستیش ئەوە بوو کە ئەمەریکا بۆ ئەوە کوردی بەکار هێنا تا هەڕەشەیان لە دژی سەددام حوسێن پێ بکەن. ئەمەریکا داوایان لە کورد دەکرد ڕاپەڕین بکەن بەڵام کە پێویستیان پێیان نەما دەستیان لێ بەردان. کوردەکان لە بارودۆخێك دەترسان ئەمەریکا، بێ پشتوپەنا، بۆ دیکتاتۆرەکە جێیان بهێڵێ.

## گەڕانەوە بۆ هەولێر

من خۆم لە کاتی شەڕی کوێتدا، لێرە لە سوید بووم‌و دەمتوانی لە کەناڵی( **(CNN)سی ئێن ئێن**)ەوە دوای هەواڵەکان بکەوم. ڕووداوەکانی عێراق‌و ڕووداوە سیاسییەکانی نێودەوڵەتی یەکجار زۆر بوون. دەمێ نەبوو دیواری بەرلین ڕووخابوو، هەرەسی یەکێتیی سۆڤیەتیش نێزیک بوو. شەڕی عێراق لە دژی کوێت قەوماو لە سیاسەتی کوردیشدا زۆر گۆڕان ڕوویدا. دنیا سەر لەنوێ بنیات دەنرایەوەو سیاسەتی کوریش خەریك بوو قەوارەی تازە بگرێ. لەم ماوەیەدا ئەوەندەم پەیوەندی بە بنکەکەی ورمێی حیزبمانەوە نەبوو. کە کورد خۆبەڕێوەبردنێکیان بوو، زۆر لە برادەران گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق. ژمارەیەکی کەم نەبێ کوردی عێراق لە ئێران‌و سووریا نەمایەوە.

## هەڕەشە لە خێزان

من ساڵی ١٩٨٤ دایكو باوكو خوشكو براكانم لە هەولێر جێهێشتبوونو ئیدی لەو كاتەوە، بۆ پارێزگاریكردنیان، نە پەیوەندیم پێوە كردبوون نە چاوم پێیان كەوتبوو. كەمترین پەیوەندیم پێوە كردبان دووچاری كێشەی گەورە دەبوون. پیاو لە تۆڵەسەندنەوەی ڕژێم دەترسا. ئەگەر ڕژێم دەستی نەگەیشتبایەتە بەرهەڵستكاری سەددام حوسێن، هەوڵیان دەدا خێزانەكانیان ناچار بكەن ئەو كەسە یا دەست لە بەرهەڵستكارێتی هەڵگرێ یا خۆی بە دەستی ڕژێمەوە بدا. ئەگەر هیچ یەكێكی لەوانە نەكردبا، هەموو خێزانەكە یا هەندێ لە خێزانەكەیان دەناردە بەندیخانە لە باشووری عێراق.

سەددام حوسێن جاسوسی زۆر بوونو وڵات بە ترس چێندرابوو. شاعیرێكی عارەب دەڵێ لە وڵاتی ئاوهادا، لە پشت هەر هاوڵاتییەكەوە جاسووسێك وەستاوەو لە پشت ئەویشەوە دوو جاسووس هەنو لە پشت ئەو دووەش چوار جاسووس هەنو لە پشت ئەو چوارەشەوە یەك تۆڕ جاسووس وەستاون.

لە عێراقدا ئاوها بوو. ڕژێم پارەی زۆر بوو، لە جاسووسیی دا سەرفی دەكرد. بەشێكی زۆری داهاتی عێراق یا لە ئامێری سەربازی سەرفدەكرا یا لە خەفیێگەرایی.

كە عەلی حەسەن مەجید (عەلی كیمیاوی)ی ئامۆزای سەددام حوسێنیان بۆ بنبڕكردنی بەرهەڵستكاری، بە هەر نرخێك بێ، ناردە كوردستان بارودۆخەكە خراپتر بوو. یەكێ لە شێوازەكان ئەوە بوو لە ڕێی خێزانەوە

بەرهەڵستکار ناچاربکەن خۆ بداتـە دەسـت ڕژێمـەوە. لەبـەر ئـەوە، لـە ئـابی ١٩٨٤ەوە هەموو پەیوەندییەکم بە خێزانەکەمانەوە بڕی تا نیسانی ١٩٩١.

ئەمەریکا ئیجازەی تەواوی بە عێراق دا بـۆ بـەکارهێنانی فڕۆکـە. ئەگـەر هێزی ئاسمانی نەبوایە پێشمەرگەی کورد دەیتـوانی بـەرگری بکـا. بـەڵام کـە سەددام حوسـێن ڕێـی درا هێـزی ئاسمـانی بـەکار بـێنێ ئیـدی بـەرگریکردن زەحمەت بوو. خەڵك لەوە دەترسان کـە بۆمبـای کیمیـاوی بـەکار بـێنێ بۆیـە دەوروبەری ملیۆنێك مرۆڤ شارەکانیان بەجێهێشت تا بەرەو شـاخەکان بـڕۆن. زەحمەتـە باسـی ئـەو دیمەنـە بکـرێ. زۆر کـەس لـە ترسـی بۆمبـای کیمیـاوی شارەکانیان بەجێ هێشت.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە یەك ملیۆن مرۆڤ لە شارەکانی کوردستانەوە کۆڕەویان کردو سـەددام حوسـێن کۆمـەڵکوژی لـە دژی شـیعەکانی باشـوور ئەنجام داو ئەو ڕووداوانەش وایان لە ڕۆژاواییەکان کـرد ناوچـەی دژەفـڕین لـە باکوور دانێن. ئەو ناوچەیە کـەوتبووە سـەرووی هێڵـی ٣٦ی پـانی زەوییـەوەو فڕین لە سەرووی ئەو هێڵەوە لە هێزی ئاسمانی عێراق قەدەغە کـرا. ناوچـەکە لە لایـەن فڕۆکـەوانی نـاتۆ، (ئەمـەریکاو بـەریتانیاو فەرەنسـا)وە چـاودێری دەکراو چاودێرییەکەش لە فڕۆکەخانەیـەکی باشـووری تورکیـاوە دەکـرا. لـەو بنکەیەوە چاودێری ناوچەکە دەکراو ڕێگە بە فڕۆکەی عێراقی نەدەدرا بچـێتە ئەو ناچەیەوە.

## بینینەوەیەکی بە جۆشوخرۆش

کە ڕۆژاواییەکان ناوچەی دژەفڕینیان دانا، ئیدی ڕێم هەبوو بگەڕێمەوە. بە بێ دوودڵیی، لە نیسانی ۱۹۹۱ لە (سکوتشێر)ەوە گەڕامەوە بۆ هەولێر تا جارێکی تر بەشداری لە چالاکی سیاسیدا بکەمو دوای حەوت ساڵ چاوم بە کەسوکارم بکەوێتەوە.

لەو ڕۆژەدا، چواری نیسان، لەو دەمەدا کە خەڵکی هەولێریان جێ دەهێشت، خوشكو براکانم دیتنو ئەوەش هەر بە ڕێکەوت بوو. دیتنیان زۆر خۆشو هەستبزوێن بوو. برازاو خوشکەزاکانم کە منداڵ بوون جێم هێشتبوون، گەورە ببوون. هەندێکیان نەیاندەناسیمەوەو منیش هەندێکیانم نەدەناسییەوە. دەمزانی باوکم ساڵی ۱۹۸٦ کۆچی دوایی کردبوو، لەوێ زانیم کە یەکێ لە خوشکەکانیشم کۆچی دوایی کردبوو. پەیوەندیم لەگەڵ ئەو خوشکەمدا زۆر خۆش بوو. چەند ساڵێك لە من گەورەتر بوو. دیدارم لەگەڵ دایکمو خێزانەکەدا خۆش بوو، بەڵام لە ڕووی سۆزەوە زەحمەت بوو دوای ئەو هەموو ساڵە یەکتر ببینین. بە تایبەتی مردنی خوشکەکەم کەشوهەوایەکی خەمناکی قورسی بە سەر هەموو شتێکدا دا. بەڵام خۆش بوو دوای ئەو هەموو ساڵە گەڕابوومەوەو دەمزانی باروگوزەرانیان چۆنە.

بارودۆخی خێزانەکەمان تا ڕادەیەك باش بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ترسی ئەوەی ئاخۆ سبەینێ چی دەقەومێو ناڕوونیی پاشەڕۆژ بارودۆخەکەی ناخۆش کردبوو.

دوای کشانەوەی هێزەکانی سەددام حوسێن لە ناوچەکە، سنوورەکانی ئێران بە تەواوی والاّ بوون. حیزبە کوردییەکان، لە لایەکەوە دوای ئەو هەموو ساڵە لە ئێراندا، پەیوەندییان بە ئێرانەوە مابوو، لە لایەکی تریشەوە ئێران دەیویست خۆی تێکەڵی شتەکان بکا تا چاودێری ڕووداوەکان بکاو کاریگەری لە سەریان هەبێ. لەبەر ئەوە، ئێران سنوورەکانی لە ڕووی کوردستانی عێراقدا بە تەواوەتی والاّ کردبو. ئێران لە پراکتیکدا ڕێی بۆ خەڵك خۆش دەکرد بگەڕێنەوە بۆ ناو کەسوکاریان لە هەمان کاتیشدا دەیویست کاریگەری لە سەر پەرەسەندنی ڕووداوەکانی ناوچەکە هەبێ.

زەحمەت نەبوو بچیتە ناو کوردستانی عێراقەوە بەلاّم لە هەمان کاتدا، لە ناو ئەو هەموو خەڵکەدا کە لەو کاتەدا دەهاتن‌و دەچوون‌و کەس بە کەس نەبوو، ئاسانیش نەبوو ڕێگەی خۆت بکەیتەوە. کە خەتی دژەفڕین چەسپا، خەڵکەکە ئارام بوونەوەو لە بەرەوە دەگەڕانەوە بۆ شارەکانی خۆیان.

لە کاتی گەڕانەوەمدا، هەموو کادیرو ئەندامە چالاکەکانی حیزبەکەمان لەوێ بوون. لە شارۆچکەی ڕەواندزی باکووری هەولێر بنکەیەکمان دانا. لە هەمان کاتدا، شەڕو پێکدادان لە نێوان پێشمەرگەی کوردو سەربازەکانی سەددام حوسێندا، لە دەوروبەری هەولێر بەرپا بوو.

کتوپڕ، سەددام حوسێن لە دوای دیاریکردنی ناوچەی دژەفڕیندا، لە شاری هەولێر دەستی بە کشانەوەی هێزەکانی‌و بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆی کرد. نازانم ئەوە فێڵێك بوو لە گەمەیەکی سیاسەتدا یا ڕێکەوتنێکی جەنتلّمانانە

بوو تا کاری ئەمەریکا لە ناوچەکەدا ئاسان بکا. یا دەبێ سەددام حوسێن وای بۆچووبێ ئەگەر هێزەکانی خۆی بکشێنێتەوە لایەنە سیاسییە کوردەکان لەو بۆشاییەی دەسەڵاتدا دەکەونە وێزەی یەکترو دەبێتە شەڕی ناوخۆ. سەددام حوسێن هیواخواز بوو کوردەکان یەکتر بکوژن‌و خەڵکەکەش بیانەوێ دەسەڵاتی سەددام حوسێن بگەڕێتەوە.

بەڵام لە بری ئەوە، بەرەی کوردستانی کۆمیتەیەکی پێکهێناو بۆشاییە ئیدارییەکەی پڕ کردەوە. دەستیشیان بە خۆئامادەکردن کرد تا یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە مێژووی کورددا بکەن.

من لە بنکەکەدا لەگەڵ بەرپرسە حیزبییەکان‌و سەرۆکی حیزبدا لەوێ مامەوە. ویستمان سیاسەتی حیزب بەڕێوە بەرین‌و ئەندامی تازە ڕابکێشین.

سوپاکەی سەددام حوسێن بیست کیلۆمەتر لە باشووری هەولێر بە هەموو توانایەکیەوە جێگیر ببوو. لە بەر ئەوەی ئەمەریکا هەم کوردەکانی دەستخەڕۆ کردبوو هەم شیعەکان، خەڵکەکە زۆر لەوە دوودڵ بوون ئاخۆ ئەو پشتگیرییەی ئەمەریکا کاتییەو دیسان دەستیان لێ بەردەدا یا نا.

## دەستخەڕۆیی‌و خۆپەرستی

شتێك كە من‌و زۆر كەسی تریشی سەرسام كرد، ئەوە بوو زۆر لەو كەسە سەركردانەی حیزبە جۆراوجۆرەكان كە دژی سەددام حوسێن خەباتیان كردبوو، كە دەسەلآت كەوتە دەستی خۆیان بە شێوەیەكی تر ڕەفتاریان دەكرد. لە بری ئەوەی كۆمەڵگایەك دامەزرێنن كاروبارەكانی بە ئاسانی بەڕێوە بچێ‌و ژیانی خەڵك ئاسوودەو ئاسان بكەن، بە دووی ئارەزووەكانی خۆیان كەوتن. سووك‌و ئاسان بوون بە كەڵەگای دانیشتوان.

(ئارتەر لوندكڤیست)ی نووسەری سویدی قسەیەكی هەیەو دەڵێ: "من لەگەڵ شۆڕشگێڕاندام تا دەگەنە دەسەلآت."

بنیاتنانەوەی كوردستان ئاسان نەبوو، چونكە هەموو ژێرخانەكە وێران كرابوو. چوار هەزار گوندو شارۆچكە خاپوور كرابوون‌و مینیش لە زۆر زەویوزاردا چێندرابوون. خەڵكی ئەو شوێنانە دەركرابوون‌و چووبوونە شارە گەورەكانەوەو ژمارەیەكی زۆری كوردی كەركووكیش دەركرابوون‌و هێندرابوونە هەمان ئەو شارانەوە. گەندەڵی بەرفراوان ئەوەندەی تر بنیاتنانەوەی زەحمەت كردبوو.

# هەڵبژاردنی پەرلەمان لە دیموکراسیەتێکی سەرەتاییدا

لە نیسانی ١٩٩٢دا حیزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی لە نێوان خۆیانـدا، لەسەر ئەوە رێککـەوتن هەڵبـژاردن بـۆ پەرلـەمان ئـەنجام بـدەن. بارودۆخەکـە تێپەڕ کرا. هەتا حیزبە کوردییەکان هەر پێشمەرگە بوونایـە چ پاشـەڕۆژێکی ئەوتۆیان لەوێ نەدەبوو. ئەوە شەرعییەتی بـە وەزعـەکـە داو پێناسـەیەکی بـە کورد دا.

دەبوو خەڵك ١٠٥ نوێنەر بۆ پەرلەمانی نەتەویی هەڵبژێرن. پەنجا لەوانـە، بۆ پارتی بوون‌و پەنجاش بۆ یەکێتیی لەگەڵ حیزبێکی لایەنگردا، ئەوی تر بۆ کەمەنەتەوەکانی کوردستان. ڕێژەی چوونە پەرلەمانەوە لە سەدا حـەوت بـوو، بۆیە نە نوێنەری پارتی گەل چووە پەرلەمانـەوە نـە حیزبـی سۆسیالسـتو نـە هیچ حیزبێکی بچووکی تر.

سـەرۆکی پەرلـەمان، جەوهـەر نـامیق سـالم، سـەر بـە پـارتی بـوو، سەرەکوەزیران فوئاد مەعسووم سەر بە یەکێتیی بوو.

شەشـی حـوزەیرانی ١٩٩٢ بـە پـانزە وەزارەتـەوە حکوومـەتی هـەرێمی کوردستان دامەزرا .

بەڵام پارتیو یـەکێتیی ئامـادە نـەبوون دەسـەڵات لـە گـەڵ لایـەنی تـردا دابەش بکەن. دەستیان کرد بە ململانێی حیزبە بچووکەکان.

هەر لە دوای هەڵبژاردنەکەدا، سێ حیزبی بچووك، پارتی گەلو حیزبی سۆسیالستو پاسۆك حیزبێکی هاوبەشیان دامەزراندو ناویان نا یەکگرتن. تەمەنی ئەو حیزبە درێژ نەبوو چونکە کەسایەتی بەهێزی ئەو حیزبە تازەیە سامی عەبدولڕەحمان بوو کە پێشتر سەرۆکی پارتی گەل بوو، ئەویش نیشانی لەوە گرتبوو کە بگەڕێتەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان.

من لە سامی عەبدولڕەحمانم پرسی ئاخۆ بۆچی دەیەوێ بچێتە ناو یەکێ لە حیزبە گەورەکان ـ کە پارتییە، لە وەڵامدا گوتی من نامەوێ بە درێژایی ژیانم بەرهەڵستکار بم. گوتی دەسەڵات یا دەکەوێتە دەستی پارتی یا یەکێتیی‌و بۆ ئەوەی بەشێك لە دەسەڵاتمان بەر بکەوێ، دەبێ تێکەڵی یەکێکیان بین.

لە ئابی ١٩٩٣داو لە یانزەمین کۆنگرەی پارتیدا کە لە هەولێر بەسترا یەکگرتن تێکەڵی پارتی بوو. ئەندامە چالاکەکانی سەرکردایەتی پارتی گەل، یا چوونە ناو پارتییەوە یا دەستیان لە سیاسەتی کوردی هەڵگرت، بە تایبەتی ئەوانەی بە بەشەکانی تری دنیادا بڵاو ببوونەوە.

من تا ئەو کاتە لەگەڵدابووم کە حیزبەکان تێکەڵی یەکتر بوون. دوای ئەوە، دەستم لە سیاسەتی حیزبایەتی کوردی بەردا.

(سامی عەبدولڕەحمان)ی سەرۆکی پارتی گەل، کە لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا مێژوویەکی دوورو درێژی هەبوو، تیایدا بووە کەسایەتییەکیی گرنگ. لە سەرەتاوە بووە سکرتێری پارتی‌و کە پارتی لە دوای شەڕی ناوخۆدا

له دژی یەکێتیی، حکوومەتی خۆی لە هەولێر دامەزراند، ئەو لە ساڵی ١٩٩٩وە بووە جێگری سەرۆکوەزیران تا ئەو ڕۆژەی لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی گەورەدا کە لە شوباتی ٢٠٠٤دا لە هەولێر ڕوویداو تیایدا کوژرا، لەو پۆستەدا مایەوە. خۆکوژێك خۆی لە بنکەیەکی پارتیدا کە ئەویشی لێ بوو، تەقاندەوە. زۆر کەسایەتی چالاکی تری پارتی لەو تەقینەوەیەدا کوژران .

ئیدی پەیوەندی من بە کوردستانەوە زیاتر ئەوە بوو سەردانی دایکمو کەسوکارم بکەم. لە دوای هاتنی ئەمەریکییەکانەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی بۆ کوردستانی عێراق، سەفەرکردنیش بۆ ئەوێ زۆر ئاسانتر ببوو. مرۆ دەیتوانی بە پاسپۆرتی سویدییەوە، لە ڕێی تورکیاو ئێرانو سووریاوە سەفەری بۆ بکا. دوای ئەوە زۆر جار سەفەرم کرد. گەڕانەوەم هەم بۆ دیدارو دیتنی برادەرە کۆنەکانم بوو لە ناو حیزبە جۆربەجۆرەکان ، هەم بەرانبەر بە دایکم هەستم بە ئازاری ویژدان دەکرد. ماوەیەکی زۆر، لە کاتی پێشمەرگایەتیدا لێی دابڕابوومو دەمویست بەوە تۆڵەی بکەمەوە کە سەردانی بکەمو ئەوەندەی دەکرێ کاتی خۆمی لەگەڵدا بەرمە سەر. هەتا دایکم لە ژیاندا مابوو، زۆربەی هەرە زۆری کاتی پشوودانم لەگەڵ ئەودا بەڕێ دەکرد.

بەڵام ئەوەش زۆر خۆش بوو کە هاوڕێ کۆنە حیزبییەکانم بە سەر دەکردنەوە. ئارەزووی ئەدەبیم وای دەکرد پێم خۆش بێ لەوێ کتێبی نوێ بکڕمو خەڵکی ڕۆشنبیر ببینمو لایەنی شیعریو ئەدەبیم بە پاراوی ڕاگرم.

## گەڕانەوەم بۆ سوید

کە گەڕامەوە بۆ سوید، تاقیکردنەوەیەکم لە زمانی سویدی بۆ بێگانان ئەنجامدا. لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتمو ئەوەش ڕێگای بۆ ئەوە بۆ خۆش کردم زیاتر بخوێنمو شارەزایی زیاتر لە زمانی سویدیدا پەیدا بکەم. ئەگەر پیاو بەڵگەنامەی لە زمانی سویدی ــ بنەڕەتیدا هەبێ دەتوانێ لە **"کۆمڤۆکس"** بخوێنێ. منیش ئەوەم کرد. دەورەیەکم لە زانیاری کۆمەڵایەتی ئاستی(A) دا وەرگرت. مامۆستاکەمان لێنارت یۆنسۆنی ڕۆژنامەوان بوو. ئەو حەزی لەوە بو دەمەتەقێ لە بارەی سیاسەتەوە بکا. نێوانمان زۆر خۆش بوو. ئەو مامۆستایە پێشنیازی ئەوەی بۆ کردم زیاتر کۆمەڵایەتیو بابەتی تر لە کۆمڤۆکس بخوێنم تا زیاتر زمان فێر ببم.

ماوەی بیست هەفتەیان بۆ پێشنیاز کردم تا بچمە دەورەیەكو تا توانای خۆم وەك ئەندازیارێك هەڵبسەنگێنم. بەڵام خراپ تێگەیشتبوومو پێم وابوو لە ئاستی ئەوەیە کە من لە زانکۆ خوێندبووم. دەورەکە لە لایەن ئەنستیتیوتی تەکنیکی ستۆکهۆڵمەوە ڕێکخرابوو. دوای ئەوەی دەستم پێ کرد بۆم دەرکەوت دەورەکە بۆ ئەندازیارانی ئاستی ئامادەییە بەڵام هەر بەردەوام بووم چونکە لەوە پێم باشتربوو لەماڵەوە دانیشم. بە هەرحاڵ، دەورەیەکی زۆر باش بوو. پیاو دەیتوانی توانای خۆی لە بیرکاریو تەکنیکی کارەباو شتی لەو بابەتانەدا تاقی بکاتەوەو چەندین مامۆستاو خەڵکی هەمەجۆری تر ببینێ. بەو شێوەیە ڕاهێنانی باشیش لە زماندا دەکرا.

## خێزانەکەمان زیاد دەکا ـ زەحمەتیی هەڵبژاردنی ناو

هاوسەرەکەم، داوای مانەوەی لە سوید کردو مەودا درا لە سوید بمێنێتەوە. لە سێپتەمبەری ١٩٩٢ یەکەم منداڵمان، سارا، لەدایك بوو. زۆر زەحمەت بوو ناوێکی باشی لێ بنێم. ناوی کوردی زۆر جوان هەن بەلاّم دەربڕینیان بۆ سویدییەکان زەحمەتە. بە دڵنیاییەوە ناوی جوانی سویدیش زۆرن بەلاّم گوتنیان بۆ کورد یا لە ئێراندا زەحمەتە. دەبوو ناوەکە لێرە لە سوید بگونجێ چونکە لێرە دەچێتە قوتابخانەو پاشەڕۆژی لە سوید دەبێ. دەبێ لە هەمان کاتیشدا لە کوردستانو ئێرانیش بگونجێ چونکە منداڵەکە، دوایی پەیوەندی بە کەسوکاری خۆیەوە دەکا. ناوێکی ئاوها کە بۆ هەمووی بگونجێ، دۆزینەوەی زۆر زەحمەت بوو.

بەردەوام تەماشای بەرنامەی منداڵانم لە تەلەڤزیۆندا دەکرد بۆ ئەوەی زمانەکەم باشتر بکەم. ئێوارەیەکیان دانیشتبوومو گوێم لە بەرنامەی منداڵان (مەگەزینی ورچ) دەگرت، منداڵێك نامەی بۆ بەرنامەکە ناردبوو. بیۆرنە (ورچە) دانیشتبوو، دەیخوێندەوە. نامەکە ڕێك ئاوها دەستی پێ کردبوو: "سارا، سارا! تۆ جوانکیلەی خوێنشیرین! نامەم بۆ نووسی، تکایە وەلاّم" یەکسەر بیرم لەوە کردەوە کە سارا ناوێکی لەبارەو بۆ هەموو جێیەك دەبێ. لە ناو ئیسلامو مەسیحیو جولەکەشدا دەگونجێ. ئەو ناوە بە هۆی بلاّوبوونەوەی ئاینەوە لە هەموو شوێنێك هەیە.

## گواستنەوەم بۆ پیێڤلە

لە سەرەتای ١٩٩٥دا ماڵەکەمان هێنایە پیێڤلە. پەیداکردنی کار لە سکوتشیر ئاسان نەبوو. شارۆچکەیەکی بچووك بوو، لە شوێنی ئاوهادا مانەوەی پەناهەندە زەحمەتە. لە سەرەتاوە، کاتێ پیاو فێری زمان دەبێ زۆر باشە. بەڵام دوایی ژیان لە جێیەکدا کە کاری لێ نەبێ زەحمەت دەبێ. باشترە بگوازیتەوە بۆ شارێکی گەورەتر کە مەودای کارکردن زیاترە.

زۆر جار سەردانی پیێڤلەمان کردبوو. کە گواستمانەوە، دەتگوت لە گەرەکێکەوە چووینەتە گەڕەکێکی تر. پیێڤلە لە سکوتشیر گەورەترەو چەقی ناوچەکەیە. ڕێگەی کارو خوێندنی زیاتر تێدا بوو. هەستم دەکرد کە دەبێ دەست بە شتێك بکەم. بەردەوام شتێك لە کەللەمدا هەبوو ـ سەرقاڵ بم نەك لە ماڵەوە دانیشم. بڕیارم دابوو یا بخوێنم یا کار بکەم یا هەردووکیان بکەم.

لە کۆمڤوکسی پیێڤلە، کۆمەڵێك دەرسی کۆمەڵایەتیو سیاسەتی نێودەوڵەتیم خوێند. ئەوانە باشترین بابەتن بۆ کەسێك بیەوێ زمانەکەی باشتر بکا.

لە هەمان کاتدا، وەك وەرگێڕ دەست بەکار بووم. لەو باوەڕەدا بووم کە زمانەکەم ئەوەندە باش بووە بە بێ کێشە کاری وەرگێڕان بکەم .

دوای ماوەیەك، دەستم بە خوێندن کرد لە دەورەیەك لە چوارچێوەی خوێندنی بازاڕی کار. دەورەیەکی بێ مەعنا بوو گوایە ڕاوێژکار بۆ کۆمپانیای گەورە پێدەگەیەنێ. شەش مانگ لەو دەورەیەدا بووم.

لەگەڵ بیرۆی زانیاری کاردا باسی مەبەستی ئەو دەورەیەم کرد. ئەگەر مەبەست ئەوەیە مرۆ ببێتە وەکیلی ئێریکسۆن یا ساندڤیك، لەو ولاتانەدا کە من زمانەکەیان دەزانم، ئەوە ناکرێ، چونکە خەڵکی ولاتەکەی خۆیان دادەمەزرێنن. ئەوە بۆ ئەوان هەرزانترو ئاسانترە. بۆچی دەبێ پارە بدەنە کەسێکی سویدی تا لەوێ وەك ڕاوێژکار کار بکا؟ بەلام ئەوان دەیانگوت بە دڵنیاییەوە کار دەبێ‌و منیش ماوەی شەش مانگ لە دەورەکەدا مامەوە. دوای دەورەکەش هەرگیز فرسەتێك نەبوو کارمان دەست بکەوێ. هونەری بەفیڕۆدانی پارەی باج زۆر گەورەیە.

لایەنی باشەی ئەو دەورەیە بۆ کەسێکی وەك من ئەوەبوو کە خەڵکی تری وەك خۆمم دەبینی‌و پیاو فێری سویدیش دەبوو. لە هەمان کاتدا بە فیڕۆدانی کات‌و پارە بوو لە کاتێکدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دابنیشی‌و پێشەکیش بزانیت کە بە چ ئەنجامێك ناگات. مەترسی ئەوەش لە دەورەی ئاوها ئەوەیە کە پیاو بێ هیوا دەکا. خوێندنی بازاڕی کار پارەیەکی زۆری تێدەچوو بۆ دەوڵەت‌و چەند نمایشکارێکی لێهاتووی بەرچاوتەنگ بۆ پارەپەیداکردن هاتبوونە ناو بازارەکەوە. بەلام بۆ ئەوانەی لە دەورەکەدا بەشدارییان کرد چ ئەنجامیك نەبوو.

بەهەڵە تێگەیشتن زۆر بوون. کەسێك تازە هاتبیتە ولاتەکە وای بۆ دەچوو کە پێویست ناکا مرۆ خۆی بە دوای کاردا بگەڕێ بەڵکە دائیرەی کار، کاری بۆ دەدۆزێتەوە. پیاو هەر ئەوەندی پێ دەویست ناوی خۆی لە دائیرەی کار

تۆمار بکاتو توانای خۆی دیاری بکا، ئیدی ئەوان خۆیان هەموو شتێك جێبەجێ دەکەن. پیاو تەمبەڵ دەبوو، هەر چاوەڕوان دەبوو ئەگەر شتێ بووبێ دائیرەی کار ئاگاداری بکەنەوە.

لە سەر ئەوانەشەوە، هەموو پەنابەرەکانیان لەو بابەتە دەورانەدا تێکەڵ دەکرد، بە تایبەتی لە ناوچە بچووکەکاندا. نەخوێندەوار لەگەڵ ئەکادیمیدا تێکەڵ دەبوونو ئیدی نە ئەکادیمییەکە سوودێکی دەبینی نە نەخوێندەوارەکە. پەنابەران وەك دەستەیەکی هاوشێوە تەماشا دەکران.

## زمان بە پێی ڕەنگی قژ

لە سەرەتاوە لە گەڕەکی سێتره دەژیـامو ژنو پیـاوێکی بەتەمـەن دراوسـێم بوون. کەسانی ڕووخۆش بوونو پەیوەندیمان لەگەڵیاندا باش بوو. جاروبار بـۆ قاوەخواردنـــەوە دەهاتنـــە لامـــان. دوو پشـــیلەیان هـــەبوو منداڵـــەکانمان خۆشیاندەویستن.

خێزانێك لە ئەمەریکای لاتینەوە تازە هاتبوونە هەمان بینایـەوەو ببوونـە دراوسێمان. ماڵەکەیان بەرانبەر ماڵی ئێمە بـوو. ئـەو خێزانـە منـداڵیان زۆر بوو، منداڵەکان واڕاهاتبوون لە هەر کاتێکدا بیێ بچـنە دەرەوەو بـەو نـاوەدا ڕاکەڕاك بکەنو لە ئەمەریکای لاتـین چـۆن بـوون لـەوێش بـە هـەمان شـێوە ڕەفتاریان دەکرد. نە دەچوونە قوتابخانە نە باخچـەی منـداڵانو زۆریـش بزێـو بوون، دەنگەدەنگو هەرایان بەرپا دەکرد. ئەوەش بۆ ئـەو دوو هاوسـەرە پـیرە مـایەی بێزاری بوو.

جارێکیـان لە دەرگامـان درا. دەرگام کردەوەو دەبیـنم پیـاوە پیرەکەیـە. زۆر تووڕە بوو، دەیویست لەگەڵیدا بچم کاری وەرگێڕانی بۆ بکەم. ئامادەیی خۆم پیشان دا بەڵام پرسیم ئاخۆ لە کوێ ئەوەی بۆ بکەم. گوتی لای ئەو خێزانـەی بەرانبەرتان. دەمتوانی لەگەڵیدا بچم، بەڵام وەرگێڕانەکەم پێ نەدەکرا چونکە زمانیانم نەدەزانی. تەماشایەکی کردمو گوتی: چۆن نازانی، ئەدی ئـەوە نییـە ڕەنگی قژەکەتان وەك یەکە!

بەرپرسە سویدییەکانیش هەمان کێشەیان هەبوو. کێشەیەکی تر ئەوە بوو کە پیاو دەچووە لای فەرمانبەرێك وەرەقەیەکی ئامادەکراوی پێ بوو. بۆیان ئاسان نەبوو خەڵکەکە لەگەڵ وەرەقەکەدا بگونجێنن. هەر کەسە بۆ خۆی بێ وێنەیەو ئەزموونو پلەی خوێندەواری خۆی هەیە. ئاسان نییە هەموو ئەو بابەتە خەڵکە لەگەڵ یەك وەرەقەدا بگونجێنی.

چوومە ئەو دەورەیەو دەورەی تری دائیرەی بازاڕی کارەوە بەڵام ئەنجامی هیچیان نەگەیشتە کارکردن. لە هەمان کاتدا وەك وەرگێڕی زارەکی کوردیو عارەبی کارم دەکرد. من فارسیش دەزانم، بەڵام کاری وەرگێڕانم بە فارسی نەکردووە. جیاوازی لە نێوان وەرگێڕانو زانینی زماندا زۆرە. بە هۆی بوونی ئەو کارەوە هەستم بە خۆشی دەکرد.

لە کاتەکانی تردا، ئێواران لە کۆمڤۆکس سویدیم دەخوێند. لەسەر ئەوەشەوە، وەك گوتم، کۆمەڵێك وانەی بواری کۆمەڵایەتیو سیاسەتی نێودەوڵەتیم خوێندبوو. بۆ دەمەزەردکردنەوەی ئینگلیزییەکەشم چەند دەورەیەکی ئینگلیزیم خوێند.

## سوید ـ وڵاتی بوارەکان

من مرۆڤێك بووم، لە هەموو ژیانمدا کارم کردووەو چالاکیم هەبووەو دەمویست هەر ئاوها بم. لە دوای ئەو هەموو بارودۆخەی لە ژیانمدا دیبوومو بە سەرمدا هاتووە، لەوە تێگەیشتبووم دەستبەتاڵیو دانیشتن لە ماڵەوە مرۆڤ تووشی بێزاری دەکا. ئەوە بۆ من گرینگ بوو چالاك بمو لە ناو خەڵکیدا بم. هەر لە سەرەتاوەو ئێستاشی لەگەڵدا بێ، پێم وابووە سوید وڵاتی بوارەکان (ئیمکانیات)ە. زۆربەی ئەو بوارانەش لە سەر تاك خۆی وەستاوە. ئازادی هەڵبژاردن یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسیو کەس بۆ هیچ شتێك ناچارت ناکا. مەسەلە ئەوەیە پیاو هەوڵ بداو ڕێگای خۆی بدۆزێتەوەو بەردەوام بێ.

من هەر بیر لەو حەقیقەتە دەکەمەوە کە پیاو دێتە سوید ــ دوای ئەوەی مۆڵەتی مانەوە وەردەگرێ ـ پشتگیری دەکرێ تا سویدی "بۆ پەناهەندان" بخوێنێ. ژمارەی ئەو شوێنانەی جیهان کە ئەو دەرفەتە دەدەن زۆر نییە. تەنها دانیشتو زمان بخوێنیت، بەخێوکردنت مسۆگەرە.

## کارکردن له شاری لودڤیکا

ساڵی ١٩٩٧ له لودڤیکا کارم دەست کەوت. شارەوانی ڕاگەیاندنێکی بڵاو کردبۆوە بۆ پێویستییان بە کار. خەریك بوون ئەو پەنابەرانە وەربگرن کە لە ڕێی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مافی پەنابەرییان وەرگرتبوو. پێشوازییان لە ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانە کوردە ئێرانیانە کردبوو، کە ماوەیەکی زۆر لە عێراق ژیابوون. یەکێ لە مەرجەکانی ئەو کارە زانینی زمانی عارەبیو کوردیو فارسی بوو. ئەو کارە بۆ من گونجاو بوو، یەکسەر وەرم گرت.

ژیانم لە یێڤلە بەردەوام بوو، حەفتانە هاموشۆی لودڤیکام دەکرد. حەفتەی چوار شەو لە لودڤیکا دەمامەوەو سێ شەویش لە یێڤلە. ئەو دەستەیەی کارم لەگەڵدا دەکردن، لە ڕاستیدا زۆر ڕێکوپێك بوو. سێ کیژ لەوانە کە لە کاروباری پەناهەندانداا کاریان دەکرد، کریستیناو ئێلیزەبەتو یاسمین بوون. هەر لە یەکەم ڕۆژی کارکردنمەوە هەستم دەکرد بە باشی دەگونجێین. بەڵام ئەوەی زۆرترین پەیوەندی بە پەنابەرەکانەوە هەبوو من بووم، چونکە زمانەکەم دەزانی. لە کاتی پەیوەندیکردنیانەوە بە بەرپرسان وەرگێڕانی زارەکیم بۆ دەکردنو تەنانەت کە داوای پاسپۆرتیان دەکرد یا منداڵیان لە قوتابخانەو باخچەی منداڵاندا ناونووس دەکرد، هەروەها لە هەموو کارێکی پراکتیکیدا کە مرۆ لە سەرەتاوە پێویستی پێیان دەبێ، یارمەتیم دەدان.

کـارکردن لـەو جێیـە هەسـتی خۆشـی پـێ دەبەخشـیم. تاکـە کێشـەم هاموشۆکردنەکەبوو. لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر بـاش نـەبوو، کـاتی زۆری پـێ دەویست. نەشمدەویست بار بکەمو بچمە لودڤیکا، چونکە لەوە دڵنیا نەبووم ئەو کارەم دەوێ. لە سەر ئەوەشـەوە، لودڤیکـا شـارێکی بچـووك بـوو. جگـە لەوەش، کاتی زۆری دەویست تا پیاو لە شارێکی تازەدا خۆی وەك پەنابـەرێك بناسێنێو هاوڕێو هاودەمی تازە پەیدا بکاو ئاشـنای شـوێنەکە بـێ. لەبـەر ئەوە نەمویست بۆ لودڤیکە بگوازمـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا حـەزم لـە کارەکـە دەکردو لەگەڵ هاوکارەکانمدا گونجابووم.

لەهەمـان کاتدا داوای خوێندنی زانکۆم کردبـوو، وەڵامـم بـۆ هاتـەوە کـە ڕێگام بۆ خوێندن بۆ والآن. یەکێکیان خوێندنی ئەندازیاری ئیلیکترۆنی بـوو لە زانکۆی یێڤلەو ئەوی تریان زانستی دەوڵەتناسی لە زانکۆی ئوپسالا.

چەندسەد کەسێك داوای خوێندنی زانستی دەوڵەتناسییان کردبـوو، بـەڵام ئەوان چل شـوێنیان هـەبوو. لـەوێ، لەبـەر ئـەو وانانـەی کـە لـە کۆمڤـوکس خوێنـدبووم، سـویدیو ئینگلیـزیو کۆمـەڵایـەتیو سیاسـەتی نێودەوڵـەتی، وەرگیرام. بە هۆی توانا کۆنەکانیشمەوە، لەو وانانـەدا نـومرەی باشـم هـەبوو، وایان کرد کە وەربگیرێم. لە بیرمـە، ڤیکتۆریـای شـازادەش قـەول بـوو لـەوێ دەست پێ بکا، بەڵام لە ئەنجامدا نە من لەوێ دەوامم کرد نە شازادە.

## خوێندنی زانکۆ ـ کار لەئیریکسۆن ـ خوێندنی زانکۆ

ئەو دەمە دەرفەتی کاری ئەندازیاری لە سەرتاسەری وڵاتدا هەبوو. وای بۆچووبووم ئەگەر بەڵگەنامەی ئەندازیاری بە دەست بهێنم، کاریش دەبێ. لەبەر ئەوەی پێشتر ئەندازیاریم خوێندبوو، خوێندنی ئەندازیاری بۆ من قورس نەبوو. بە باشم زانی ئەندازیاری لە زانکۆی پێڤلەدا بخوێنم، چونکە خۆم هەر لەوێ دەژیام. ساڵی ١٩٩٧ خوێندنی سێ ساڵەی ئەندازیاری ئیلیکترۆنیم دەست پێ کردو سێ تەرمینم لەسەر یەك خوێند. لەبەر ئەوەی کەشوهەواکە بۆ من نوێ بوو، زۆرم پێ خۆش بوو. زۆر خەڵکم ناسینو هەستم بە جیاوازی نەدەکرد، چونکە ئەو دەمە زۆر کەس بیمەی بێکاری وەردەگرتو لەوێ دەیخوێند. زۆر کەسی بەتەمەنیش لەزانکۆ دەیانخوێندو لە ڕووی تەمەنیشەوە بە تەنها نەبووم.

بە هۆی خوێندنەوە، لە ڕووی ئابوورییەوە زەرەرم دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا لە بارودۆخێکی تازەدا توانای تازەم بە دەست دەهێناو دەمبینی زانکۆو خوێندنی باڵای سویدی چۆن بەڕێوە دەچن.

ساڵی ١٩٩٩ لە خوێندن دابڕامو لە ئێریکسۆن دەستم بە کارکردن کردو تا بەهاری ٢٠٠١ بەردەوام بووم. خۆش بوو کاری جێگیرو داهاتی مانگانەم هەبێ. دەچوومە کارو مانگانەم وەردەگرتو هەموو شتێ بە جوانی بەڕێوە دەچوو. بە خێراییش تێکەڵاویم لەگەڵ هاوکارەکانمدا دروست کرد.

ئەوپەڕی هەوڵم دەدا کارەکانم ڕاپەڕێنمو بەرپرسەکانی کارەکەم زۆرم لێ ڕازی بوون. هیچ کێشەیەکم لەگەڵ کارەکەدا نەبوو، بەڵام هەستیشم بە خۆشی نەدەکرد. بۆم دەرکەوت ناتوانم ڕۆژی هەشت نۆ سەعات لە کارخانە کار بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زەحمەت بوو دەست لە کار بەردەم. لە لایەکەوە ڕێگەیەکی باش بوو بۆ بەڕێوەچوون، لە لایەکی تریشەوە زەحمەت بوو بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە چۆن دەستبەرداری کارێکی باش بوومە.

هەموو ڕۆژێك کە دەچوومە کار، بیرم لەوە دەکردەوە کە پێیان دەڵێم دەست لە کارەکە هەڵدەگرم. بەڵام لە دوای ناغخواردنی بەیانیو یەکەم پشووی قاوەخواردنەوە، گورجوگۆڵ دەبوومەوەو گۆڕانکارییەکەم بۆ ڕۆژی داهاتوو هەڵدەگرت.

بۆم دەرکەوت من بەشەرێکم بۆ ئەوە باشتر دەست دەدەم لە دەرەوە لە ناو خەڵکیدا بم. کە خوا مرۆڤی دروست کردووە، هەریەکەیانی وا دروست کردووە بۆ شتێك بگونجێ. هەندێکی بۆ ئەوە دروست کردووە دانیشنو شیعر بنووسنو هەندێکیش بۆ خەوتن. وام بۆ دەرکەوت کە منی بۆ ئەوە دروست نەکردووە لە کارگەیەکدا کار بکەم.

ئیدی چارەسەر هەر لە خۆیەوە پەیدا بوو. بارودۆخی ئێریکسۆن خراپ بوو، ئەو بەشەی من کارم تێدا دەکرد، داخرا. لە ئەنجامدا گۆڕان ڕووی دا. بەڕێوەبەرایەتی کارگەکە بەڵێنیان دامێ کارێکی ترم لە ئێریکسۆن بۆ پەیدا بکەن جا هەر لە پێڤلە یا لە شوێنێکی تر. شەهادەی باشم هەبوو، ئەوانیش

ڕایان لە سەرم باش بوو. لە هەمان کاتدا بیرم لەوە دەکردەوە کە نابێ پیاو خۆی بپەستێتە جێیەکەوە کە حەزی لێ ناکا. بە خۆشحاڵییەوە دەستم لە کار بەردا. ئەوانی تر دڵیان تەنگ بوو، منیش لەوە دەگەیشتم کە دەرکردن لە کار ناخۆشە.

ئێریکسۆن کارێکی نایابی ئەنجام دەدا. کۆمپانیەکە لە ڕێی پرۆژەی (ئاریەل)ەوە بەرپرسیارێتی هەموو ئەوانەی خستە ئەستۆی خۆی، کە لە کار لابران و مووچەی یەك ساڵی دانێ. زۆر کەس دەستی بە خوێندن کرد و مووچەی مانگانەی لە ئێریکسۆن وەردەگرت، کە بەرانبەر ئەو پارەیە بوو خوێندکار لە پشتگیریکردنی خوێندن وەریدەگرت. بەو شێوەیە، پیاو دەیتوانی، بێ ئەوەی قەرز بکاو دوایی بیداتەوە، خوێندنی خۆی بکا. ئەوە زۆر نایاب بوو .

من لە لایەن خۆمەوە، باوەڕم پێ هێنان بخوێنم باشترە نەك لە ماڵەوە دانیشم. پێم سەلماندن کە سێ تەرمینم لە زانکۆ خوێندووەو سێ تەرمینم ماوە تەواوی بکەم. قەبووڵیان کردو لە ڕێی پرۆژەی ئاریەڵەوە، ڕێم درا سێ تەرمینی تر بخوێنمو بەو شێوەیە بەهاری ٢٠٠١ گەڕامەوە زانکۆ.

گەڕانەوەم بۆ زانکۆ پێ خۆش بوو، ئەمجارەیان پێویستی نەدەکرد پارە لە دەوڵەت قەرز بکەم. دەستم بە خوێندنی ئەو وانانە کرد کە لە سەرم مابوونو وەك هەمیشە دەستم بە کاری وەرگێڕانیش کردەوە. لە کاتی کارکردنم لە ئێریکسۆن، وەك وەرگێڕ کارمنەدەکرد، چونکە کاتی ئەوەمنەبوو. کاری

وەرگێڕانی زارەکی ئەرکی زۆرەو دەبێ پیاو ئیسراحەت بێ تا کارەکەی بە چاکی ئەنجام بدا. کاری وەرگێڕان توانا و پشووی دەوێ.

دواساڵی خوێندنم لە زانکۆ، توانیم ببمە نوینەری خوێندکاران لە سەندیکای پیشەیی(sif) . من زۆر بابەتی سەرقاڵیم هەبوو.

ئیلیکترۆنم زۆر خوێندو زۆر دەرسی کۆمپیوتەریشم وەرگرت، هەروەها هەندێ ئینگلیزیو بەڕێوەبردنی ڕێکخراوو پرۆژە. بەڵام دوای خوێندنەکە، ئەنجام شتێکی تەواو جیاواز بوو. بووم بە وەرگێڕی زارەکی ڕەسمی.

## وەرگێڕی زارەکیی ڕەسمی

بەر لە خوێندنم لە زانکۆو لە کاتی خوێندنەکەشدا دەچوومە دەورەی وەرگێڕانی زارەکییەوە. (قوتابخانەی بەرزی میللی) دەورەی وەرگێڕانی هەبوو، ئەوەش زیاتر لە ڕۆژانی شەممەو یەکشەممەدا بوو. بۆ هەندێ لەو دەورانە چووبوومو دواتریش بەردەوام بووم. دەورەکان لە بارەی تەندروستیو یاساو بازاڕی کارو بیمەی کۆمەڵایەتییەوە بوو. بەو شێوەیە زیاتر لەسەر بەڕێوەبردنی سستەمی سویدییەوە فێر بووم، هەر وەها ئەو وشانەی کە لەو بوارەدا بەکار دەهێندران. پیاو کە وەك وەرگێڕی زارەکی کار دەکا، جگە لەو زمانانە کە دەبێ بەسەریاندا زاڵ بێ، دەبێ حەقیقەتی هەڵسوڕانی سستەمەکەش شارەزا بێ. لەبەر ئەوە، چوومە چەندین دەورەوەو زۆر لەوانە لە قوتابخانەی میللی ڤێستەربێری بوو. بە ئاسانیی چوومە ناو کاری وەرگێڕانەوەو زۆرم بە دڵ بوو.

هەندێ تایبەتمەندی هەن کە دەبێ لە وەرگێڕی ڕەسمیدا هەبن. دەبێ پیاو بەسەر هەردوو زمانەکەدا زاڵ بێو زانیاری فراوانی هەبێو هەروەها دەبێ بێ لایەنیش بێ. کە پیاو بێ لایەن بوو، دەبێتە جێی متمانەی هەردوو لایەنەکە. دەبێ ببیتە ئامێرێکی زمانو هیچی تر. وەرگێڕ، جگە لە کاری وەرگێڕان، نابێ خۆی لەهیچ شتێکی تر هەڵقورتێنێ.

دەبێ وەرگێڕ لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە گونجاو بێت، چونکە لەگەڵ مرۆڤو لەگەڵ چەند تەرەفێکیشدا کار دەکا. پێویستە لەگەڵ خەڵکیدا هەڵبکا بێ

ئـەوەی ببێتـە لایـەن. بـەڵام پێویستیشـە لـە ڕووی کاریگەرییـەوە، خـۆی لـە بابەتەکان دووربگرێ.

من پزیشکی برینکاری بە نموونە دەهێنمەوە. کە منداڵێك لە ڕووداوێکدا هەموو گیانی دەشکێ‌و دەگاتە نەخۆشخانە، پزیشکی برینکاری ناتوانێ بێ جووڵە دانیشێ. دەبێ دەستبەکار بێ‌و شتێك بکا. ئەگەر بەزەییشی بە منداڵەکەدا بێتەوەو بشکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکەوە، هەر دەبێ کارێك بکا. مەسەلەکە بۆ وەرگێڕیش هەمان شتە. پیاو زۆربەی کات لە بارودۆخی بەکێشەدا کاری وەرگێڕان دەکا. دەبێ وەرگێڕ ئەو توانایەی هەبێ کاری خۆی بکا بە بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کێشانەوەو دەبێ بیری خۆی لە سەر کارەکەی چڕ بکاتەوە. قەیدی نییە پیاو پێی ناخۆش بێ ئەو بارودۆخە ڕووی داوەو دڵی پێ تەنگ بێ، بەڵام دەبێ لە هەمان کاتدا کار بکا.

ئەوەی بۆ وەرگێڕ باشە ئەوەیە زاکیرەی کورت بێت‌و پیاو دەبێ هەوڵ بدات پێش چوونەدەرێ شتەکان هەر لە ژوورەکە لە بیر بکات. پیاو بەو شێوەیە دەبێتە جێی باوەڕو ئەرکی نەدرکاندن بەجێ دەگەیەنێ. زۆریش گرنگە کە هەموو کارەساتێك لە لای خۆت گل نەدەیتەوە.

گەلێ جار پرسیارم لێ دەکرێ ئاخۆ کاری وەرگێڕانی زارەکی چۆنە. منیش بە سێ خاڵ باسی دەکەم: سەرنجڕاکێشە، شتی لێوە فێر دەبیت‌و بەئەرکە.

سەرنجڕاکێشە چونکە هەرگیز نازانیت چی ڕوو دەدات. بەیانیان لە نەخۆشخانە کار دەکەیت، دوای نیوەڕۆ دەچیتە دادگا. هەمیشە شت ڕوو دەداو هەمیشە خەڵکی تازە دەبینیت. بەو شێوەیە سەرنجڕاکێشە. هیچ دەقگرتنێك لەو کارەدا نییە.

شتی لێوە فێر دەبیت چونکە خەڵکی هەمەجۆر دەبینیت‌و لە لای دەسەڵاتی هەمەجۆر کار دەکەیت‌و بەردەوام شتی تازەت دێنە ڕێ. دوای ماوەیەکی کارکردن، وەرگێڕ زۆر شت لە بارەی چارەسەری نەخۆشی‌و یاساو نەریت‌و بەڕێوەچوونی کۆمەڵگاوە فێر دەبێ.

بەئەرکیشە، چونکە پیاو دەبێ ئەو توانایەی هەبێ هەموو شتێك بەڕێوە بچێ. دەبێ خۆت لەگەڵ خەڵکی هەمەجۆرو لە کاتی جیاوازدا بگونجێنیت. ئەوەش ئەرکە کە دەبێ ڕێز لە نهێنییەکان بگریت‌و بیانپارێزیت‌و دواتر هەرچیت زانیوە بۆ کەسی باس نەکەیت.

من وەك وەرگێڕێکی زارەکی، ڕۆژانە پێکدادانی کەلەپوورەکان دەبینم.

لایەنی باشی کاری وەرگێڕانی زارەکی ئەوەیە زۆر خەڵك دەبینی‌و جێگای کارکردنی دەگۆڕێ‌و سەفەری کورتکورتی تێدایە.

بەڵام لایەنی خراپەی کارەکە ئەوەیە کە پیاو دامەزراندنی نییەو ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی، ئەو دەستکەوتانەی لە کاری جێگیردا هەن، لە وەرگێڕاندا نین. ئەوجا کارەکە بەردەوام لە ناو کێشەو سەرهێشەدایەو پیاو دەبێ لە ڕوی دەروونییەوە بەهێز بێت. کاری وەرگێڕان گرنگی خۆی لە دەست داوەو

**دەزگای چاودێریکردن لە سەر وەرگێڕو دەزگای وەرگێڕان نییە. بەو هۆیانەوە مەودای ئەوە هەیە خەڵکی کەمتوانا بچنە ناو کارەکەوە.**

**لای زۆربەی خەڵك بە گشتی، ئەو تێگەیشتنە هەیە کە بۆ کاری وەرگێڕانی زارەکی ئەوەندە بەسە هەردوو زمانەکە بزانیت. بەڵام کاری وەرگێڕان لەوە زیاترە دوو زمان بزانیت.**

**بەو دواییانە منو هاوکارەکانم هەوڵی زۆرمان داوە بۆ ئەوەی وەرگێڕەکان دامەزراندنی بەروومەتیان هەبێو کارەکە گرنگی خۆی وەربگرێتەوە.**

## ئەو وشانەی بە زەحمەت وەردەگێڕدرێن

کێشەی وەرگێڕان لەوەدایە کە هەندێ وشەو دەربڕین لە زمانێکدا هەیەو لەوی تریاندا نییە، ئەوەش لەبەر ئەوەی زمان بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەڵگایە. کە کۆمەڵگا پەرە دەسێنێ، زمانەکەشی پەرە دەسێنێ. لەبەر ئەوە، پێویستە وەرگێڕ بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە، ئەوەش نەك هەر لە زمانی سویدیدا، بەڵکو لە زمانی وڵاتەکەی خۆشیدا. زۆر لە وەرگێڕەکان ئەوەیان بیر دەچێ. ڕۆژ بە ڕۆژ سویدییەکەی باشتر دەبێ، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ زمانەکەی خۆی خراپتر دەبێ. مادام کۆمەڵگا پەرە دەسێنێو زمانیش پەرە دەسێنێ، دەبێ وەرگێڕیش لەگەڵ ئەو پەرەسەندنەدا بڕوا. لەبەر ئەوە گرنگە وەرگێڕ سەفەر بکاو خەڵك ببینێو گوێ لە ڕادیۆو تەلەڤزیۆن بگرێو ڕۆژنامە بخوێنێتەوە تا لەگەڵ ئەو ڕەوتی پێشکەوتنەدا بڕوا کە لە زمانەکەی خۆیدا ڕوودەدا.

هەندێ وشەو دەربڕین وەرگێرانیان زەحمەتە. بۆ نموونە وشەی (سامبۆ) یا (فێردشێنست). لە کوردیدا پیاو یا هاوسەرگیری کردووە یا نەیکردووەو ئەو جۆرە پێکەوەژیانەی پیاوێك کە هاوسەگیری نەکردبێ لەگەڵ ژنێکدا نییە. پیاو دەتوانێ هەمان وشە بەکار بێنێ بەڵام ناوەڕۆکی هەمان شت نابێ.

(فێردشێنست )یش لە کوردیدا نییە.

لە کوردییەکەشدا وشەو دەربڕین هەن کە بەرانبەریان لە سویدیدا نیە.

**دووژنەو پەیوەندی دوو ژنی یەك پیاو کە بە کوردی هەویّو هەویّبارییە، لە سویدیدا نییە. کە بە کوردی دەڵێین "هەویّ" یەکسەر هەموو کوردێك دەزانیّ پەیوەندی ئەو دوو ژنە پێکەوە چییە. بەڵام بە سویدی، دەبیّ بە چەندین وشە ڕوون بکرێتەوە.**

**زمان ئاوێنەی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە. کە هاتمە سوید، بە لامەوە زەحمەت بوو لە وشەی (بانتا)و (سۆلە)و (لۆنە توالیێت) [1]تێبگەم.**

**لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا، خەڵك ئەوەندە گرنگیی بە شێوازی جەستەی خۆی نادا. مرۆڤ وەك هەیە،ئاوها جوانە. ڕەنگە ژنێکی قەڵەو لە ژنێکی لاواز جوانتر بیّ. تێنەدەگەیشتم بۆچی ئەو (بانتا)یەیان دەکرد. بانتاکردن دیاردەیەکی ڕۆژاواییەو پەیوەندی بە نوێگەرایی‌و پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتییەوە هەیە. لە ئەنجامی تێگەیشتن لە جەستەو تەندروستییەوە**

---

[1] - ئەم وشە سویدیانە کە لە کوردیدا نین واتاکانیان بەمجۆرەی لای خوارەوەیە (سەرپەرشتیاری چاپ)

١- فێرد شێنست: خزمەتگوزارییەکی تایبەتە بە هاتوچۆی کەمئەندامان‌و پیرو پەککەوتەو ئەوانەی نەخۆشی درێژ خایەنیان هەیە، بەنرخێکی زۆر کەمتر لە نرخی ئاسایی هۆیەکانی هاتوچۆی وەك تەکسی بەکاردەهێنن‌و جیاوازی نرخ شارەوانییەکان پڕیدەکەونەوە.

٢- سولە: خۆخستنە بەر هەتاو بە نیوەڕووتی، بەتایبەتی لە کەنارئاوەکان.

٣- بانتا : ڕێجیمکردن بە مەبەستی خۆ لاوازکردن.

٤- لۆنە توالیێت: داوای ڕێگەپێدان بۆ بەکارهێنانی تەوالیێتی ماڵێك یان شوێنێك.

٥- سامبۆ: پێکەوە ژیانی ژن‌و پیاوێك لە یەك ماڵدا وەك ژن‌و پیاو بیّ ئەوەی لەیەکتر مارەکرابن.

٦- فریئۆر: واتە ساڵێك مۆڵەت بە مووچە، زۆر جار حکومەتی سویدی بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری بەکاریدەهێنیّ.

پەیدا بووە ـ ئاگاداربوون لەوەی کە چەوری کاریگەریی لە سەر تەندروستی هەیەو دەبێتە هۆی نەخۆشی دڵو ڕەگەکانی خوێن. بەڵام لە ڕێی مۆدەی جلوبەرگو ڕیکلامیشەوە بووە هۆی بیرکردنەوە لە جەستە.

بۆ (سولە)ش، من لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەورە بوومەو ئەوێ خۆری زۆرە. ئەوە سروشتی مرۆڤە کە گوێ بەو شتانە نەدا کە بە زۆریی لە بەر دەستیدا هەن. مرۆ وێڵی دوای شتێکە کە نیەتی. لە بیرمە جارێکیان ڕۆژنامەوانو فەرمانبەرانی خاچی سوور لە کوردستان میوانمان بوون. لەگەڵیاندا چوومە ئێرانو چووینە دەم دەریاچەی ورمێ، کە نێزیکی شاری ورمێیە. بینیم خۆیان دەدایە بەر خۆر. ئەوە یەکەم جارم بوو مرۆڤی نیوەڕووت ببینم بیەوێ بەرانبەر خۆر دابنیشێ، بۆیە بەلامەوە جێی سەرسوڕمان بوو. بەڵام کە هاتمە سویدو یەکەم زستانم بەڕێ کرد، تێگەیشتم بۆچی خەڵك خۆیان دەدەنە بەر خۆر.

ئێستا تێگەیشتنم بۆ هەردوو وشەکە، بانتاو سولە هەیە، بەڵام هەتا ئێستاش لە دەربڕینی "قەرزکردنی ئاودەست" تێناگەم.

وشەی "فریئۆر ـ ساڵی بەتاڵیی" دەربڕینێکەو لە کۆمەڵگای سویدیدا هەیە بەڵام لە شوێنانی تردا نییە. چەند جارێك وا هەڵکەوتووە لە دائیرەی کار ئەو وشەیەم وەرگێڕاوە، بەڵام بە ناچاری دەبوو بە چەند ڕستەیەك باسی بکەم تا بەرانبەرەکەم لە وشەکە تێبگات.

لەو کاتەوە، هەموو کارەکەم وەرگێرانی زارەکییە. جیاوازی گەورە لەگەڵ ئەو کاتەدا کە نیوەکاری وەرگێڕانم دەکرد، ئەوەیە کە ئەو دەمە هەمیشە شتی تر هەبوو ئەنجامی بدەم، جا خوێندن یا کارێك کە داهاتی بۆم هەبوو. پیاو کە دەوامی تەواو دەکا، دبێ بیر لەوە بکاتەوە کە هەمیشە ئەوەندە ئەرکی لەسەرە خۆی بەڕێوە بەرێ. پیاو ئەگەر دەوامی تەواوی هەبێ، زیاتر گرنگی بە کارەکەی دەدا لەوەی کارێکی لاوەکی بێ.

## بەرەو ناو سیاسەتی سویدی

یەکێ لەو شتانەی کە من زۆری حەز لێ دەکەم سیاسەتە. زۆرم پێ خۆش بوو لە سیاسەتدا کار بکەم‌و لەگەڵدا بم‌و کاریگەریم هەبێ. پێشتر کە لە سوید کاری سیاسیم نەدەکرد، هۆکارەکەی زمانبوو. پیاو لە وڵاتێکی تازەدا سەرقاڵی شتە پراکتیکییەکان دەبێ، فێری زمان دەبێ‌و ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکاو هەوڵ دەدا خۆی لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێنێ‌و مافی هاوڵاتێتی بە دەست بهێنێ.

ئەو نیازەشم هەبوو بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم‌و لە سیاسەتی کوردیدا بەشداری بکەم. بەڵام بۆم دەرکەوت گەڕانەوە درۆیەکی ژیانەو من لە سوید دەمێنمەوە. بە لامەوە گرنگ بوو بە منداڵەکانمی پیشان بدەم کە بە تەنگی کۆمەڵگاکەوەم‌و شتم هەیە بیڵێم. لەبەر ئەوە لە سیاسەتدا دەستبەکار بووم.

## ليبراڵی ناوەند

هەڵبژاردنی حیزب زەحمەت بوو. لە لیبرالیزمـدا، پیـاو گرنگـی بـە مـرۆڤ دەداو پیاو تاکی کۆمەڵگای بە لاوە گرنگە. من لە هەمان کاتدا دادپەروەریم بەلاوە گرنگەو دەبێ مرۆڤ هاوسۆزی خۆی پیشان بدا. لـە پراکتیکـدا، ئـەوە ناکرێ تۆ هەموو شتێکت هەبێ‌و خۆش بژیی لە کاتیکدا دراوسێکەت برسی بێت. لە ئەنجامدا بڕیارم دا لەگەڵ پارتی گەلدا کار بکەم.

من لە سیاسەتدا لە ناوەڕاستم. بـاوەڕم بـە دادپـەروەری لـە دابەشـکردندا هەیەو دەبێ لە هەمان کاتدا بـە تـەنگی لاوازەکانـەوە بیـت. کۆمەڵگایـەکم ناوێ دەستەیەکی هەموو شـتێکی هـەبێ دەستەیەکیشـی سـنووردار کرابـێ. دەمەوێ کۆمەڵگا بەرپرسیارەتی ئەو لاوازانە لە ئەستۆ بگـرێ، کـە لـە دواوە بە لەقەلەق دەڕۆن‌و پێڕا ناگەن. ئەو باوەڕەشم هەیـە کـە هـەر تاکـە مرۆڤێـك تاقانەیەو لە وێنەی نییەو هـەر یەکـەش هیـواو ئـاواتی خـۆی هەیـە. ناوەنـد شتێکە بۆ من دەگونجێ. پارتی گەلم هەڵبژارد.

بێنگت ڤێستەربێری، کـە ئەوسـا سـەرۆکی ئـەو پارتـە بـوو، زۆر سـەرنجی ڕاکێشابووم. پیاوێکی ڕاسـتگۆ بـوو، چـۆن خـەڵکی پـەروەردە دەکـرد ئاوهـا دەژیاو قسەو ڕەفتارەکانی یەك بوون.

سیاســـەتمەدارێکی تـــر کـــە ســـەرنجی ڕاکێشـــابووم، ئـــەننا لینـــدی سۆسیالدیموکرات بوو. ساڵی ٢٠٠٣ چەند ڕۆژێ بەرلـەوەی بکـوژرێ، بینـیم. زیرەك بوو، پڕ بوو لە وزەو وەك سیاسەتمەدار بەر چاوی ڕوون بوو.

له ناو پارتی گەلدا کەسم نەدەناسی. نەمـدەزانی مـرۆ چـۆن دەچـێتە نـاو حیزبەوە. دەشـێ تەلـەفۆنیان بـۆ بکـەم؟ لێـرە، لـە یێڤلـە چـوومە مـەکتـەبی حیزبو بەرپرسەکەیانم دیتو خۆم پێی ناساند. گوتم مـن لـە یێڤلـە دەژێـمو دەمـەوێ ببمە ئەندامی پارتی گەل. پێم وابێ سەرسامم کرد. باوەڕی بە چـاوو گوێی خۆی نەدەکرد. ئەوە ڕاست دوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٢ بوو.

له سیاسەتدا دوو شت زۆر گـرنگن. دەبـێ توانـات هـەبێو ڕێیـەکانت بـۆ کراوە بن تا پەرە بسێنیت. دووەمیان زۆر لەسەر ئەوە وەستاوە چەند بەشداری دەکەیتو چەند لەگەڵدایت. چالاکانە لە حیزبەکەدا دەسـت بـەکار بـوومو لـە هەمـوو کۆبوونەوەیەکی مـانگانەدا بەشداریم دەکرد. هەرچۆنێ بێ، ئەگەرچـی لە پارتی گەلدا تازە بووم، بەڵام تاقیکردنەوەیەکی دوورو درێژم لە سیاسەتدا هەبوو. لەبەر ئەوە وام هەست دەکرد کە دەمیکە کاریان لەگەڵدا دەکەم.

زوو گەیشتمە دەستەی بەڕێوەبردنی حیزبەکە لە شاری یێڤلە. دەستم کـردە گوتارنووسـین. بـۆ ڕۆژنامـە ناوچـەییەکان، یێڤلـە داگـبلاد (Gefle Dagblad)و ئاربێتەر بلادت (Arbetarbladet)دەمـنووسی.

سـاڵی ٢٠٠٦ بەشـداریم لـە دەورەیەکـدا بـە نـاوی (فرەلایـەن)ەوە کـرد. دەورەکـە بـۆ ئەندامـە چـالاکەکانی پـارتی گـەل بـوو، ئەوانـەی ڕەگوریشـەی بێگانەیان هەبوو، تا یـەکتر بناسـن. چـەندین کۆبوونـەوەمان لـە سـتۆکهۆڵم کردو لە هەر یەکێ لەو کۆبوونەوانەدا ئەندامە سـەرکردەکانی پـارتی گـەلمان دەبـینیو لەگەڵیانـدا دادەنیشـتین، وەك لاش لـەیۆنبێریو ئوللـە شمیـتو

ئەندامانی تری پەرلەمان. لە زۆر کۆڕی گرنگو دەمەتەقێ لەسەر سیاسەتی پارتی گەلدا بەشداریم کرد. بەو شێوەیە، ڕێم هەبوو لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی گەلو بەشدارانی کۆڕەکاندا هەستمو دانیشمو بیانناسم.

مەبەست لەو کۆڕو کۆبوونەوانە ئەوە بوو کە هەندێك لە بەشداربووان، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦دا بۆ لیستی پارتی گەل چالاکی بنوێنن. بەشداربووەکان، لە وڵاتی خۆیاندا بەشدارییان لە سیاسەتدا کردبوو. شتێکی تریش لەوەدا باش بوو کە هەندێ لە ئێمە ئەزموونی جیاوازیان لەگەڵ ئەوانەدا هەبوو کە لە سوید لەدایك ببوون. هەموو ئەوانی تر لە سوید لەدایك ببوونو هەمو ژیانیان لە ناو کۆمەڵگەی سویددا بەسەر بردبوو. ئەو خەڵکە لە دەرەوە هاتبوونە دنیاوەو تاقیکردنەوەی تریان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، بەوپەڕی ساکارییە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە دەیانڕوانییە شتەکان.

## کۆمیتەی خوێندنو بازاڕی کارم پێ خۆش بوو

ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن ئەندامیکی کارای پارتی گەلەوە کە نوێنەری حیزب بوو لە کۆمیتەی خویندنو بازاڕی کاردا، داوام لێ کرا ببمە بریکاری. منیش داوام لێی کرد کە دەبێ لە پێشدا بزانم کاری ئەو کۆمیتەیە چییەو سەرپەرشتی چی دەکات. دوایی زانیم بنکەی کاروباری بێگانانو کۆمڤوکسو بازاڕی کارو زمانی سویدی بۆ بێگانان کەوتوونەتە ژێر سەرپەرشتی ئەو کۆمیتەیەوە. من خۆم چەندین ساڵ تاقیکردنەوەم لە خوێندنی کۆمڤوکسو سویدی بێگانان هەبوو، ناسیاویشم لە ناو ئەوانەدا هەبوو کە پەیوەندییان بە بنکەی پەنابەرانەوە هەبوونو ڕۆژانە ڕاو بۆچوونیانم دەزانی. وای بۆچووم لەو جێیەدا شتم پێ دەکرێ. دوای ئەوەی لەوێ بوومە بریکار، زۆری نەخایاند بوومە نوێنەری حیزب لەو کۆمیتەیە چونکە نوێنەرەکەی تر کۆتایی بە ئەرکەکەی هێنا.

ساڵانێکی بەسوودم لەو کۆمیتەیەدا بردە سەر. هەموو جارێك کە دەچووینە کۆبوونەوە، هەستم بە خۆشی دەکرد. هەمیشە دەمەتەقێی توندتیژو گرنگ دەکران لە هەمان کاتدا گفتوگۆکان دۆستانە بوون.

## بەشدارییەکی چالاکانە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٦دا

کە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦ نێزیـك بوینـەوە، ڕێکخـراوی حیـزب لـە پێڤلـە پرسـیاریان لـێ کـردم ئـاخۆ دەمـەوێ بۆپەرلـەمانو شـارەوانی لـە لستەکانیاندا بم. ویستم بۆ پەرلەمان خۆم کاندید بکەم. بیرم لـەوە دەکـردەوە کە توانام لە سیاسەتی سەرتاسەری وڵاتدا هەیەو ئەگەر کەسێکیش لەوێ کار بکا، ڕێی ئەوەشی دەبێ لەمەسەلەی سیاسـەتی نێودەوڵەتیـدا کـار بکـا. لـە هەڵبژاردنی ناوخۆی حیزب لە هەرێمی پێڤلە لە لیسـتی پەرلەمانـدا بوومـە نـاوی چـوارەمو لـە شـاری پێڤلـەش بـۆ ئەنجوومـەنی شـارەوانی بوومـە نـاوی پێنجەم.

لـە پڕوپاگەنـدەی هەڵبژاردنـدا زۆر چـالاك بـووم بـەڵام پـیم وایـە کـاری هەڵبژاردن درێژخایەنە. پیاو بەوە سەرکەوتوو نابێ تەنها یەك دوو مـانگێکی پێش هەڵبژاردن خۆی ماندووبکا. دەبێ ئەوە بکەی، بەڵام پێویستە ماوەیەکی دوورو درێژیش چالاك بیتو پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا دروست بکەیتو جێـی باوەڕیان بیت. ئەوە کارێکی درێژخایەنە. ئەگەر یەك دوو ساڵ پێشتر خۆم بـەو کارەوە خەریك بکردبا، ئەنجامی زۆر باشترم دەبوو. بەڵام بەر لـەوەی پرسـیارم لێ بکەن چ ئامانجێکی وام نەبوو، کاتێکی زۆریش بۆ هەڵبژاردن نەمابوو.

پلانـی مـن ئـەوە بـوو بـە چـەند شـێوەی جیـاوازەوە بچـمەناو ململانێـی هەڵبژاردنەوە. پیاو بـۆ ئـەوەی سـەرکەوێ، دەبـێ بابـەتی هـەبێ باسـی بکـاو بابەتەکان هەم باش بن هەم جیاواز بن. ئەگەر هەر ئەوانەبڵێی کە خەڵکی تـر

دەیانڵێ، ئەوەندە سەرنج ڕاناکێشێ. زۆر گرنگ بوو لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا لە ڕۆژنامەکان دەرکەوم.

## سەردانی ماڵە پەنابەرەکان

دەمویست پەیوەندی بە خێزانە پەنابەرەکانەوە بکەمو ئەو کاریگەریەم بە سەریانەوە هەبێ کە بە شێوەیەکی گشتی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن. پیاو کە وەك پەنابەر هاتە سوید، بە دەگمەن بۆ دەنگدان دەچێ. زمان نازانێو نازانێ سیاسەت لەم وڵاتەدا چۆنە. هەوڵم دا ئەو حەزە لەو خەڵکانەدا بەئاگا بێنم کە دۆستو ناسیاوم بوون.

هەروەها دەمویست دەنگ بۆ من بدەن.

لستێکی ئەو ناوانەم دروست کرد کە دەمناسینو لە بارودۆخی جیاوازدا چاوم پێیان کەوتبوو. چەند ڕۆژێك پێشتر، تەلەفۆنم بۆ دەکردنو باسی ئەوەم دەکرد کە خۆم هەڵبژاردووەو دەمەوێ بچمە سەردانیانو باسی سیاسەت بکەین. لە لایەن ئەو خێزانانەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتوون، هەمیشە پیاو فەرمووی لێ دەکرێ. هەستیان وایە کە دەچیتە سەردانیان ڕێزیان لێ دەگریت. من لە کاتی دیاریکراودا دەچوومە لایان. هەمیشە یەك

دوو سەعات باسی سیاسەتو ڕووداوەکانی وڵاتی خۆمان دەکراو دوای ئەوە، دەهاتینە سەر باسی سیاسەت لە سوید. هەوڵم دەدا دەرفەت بقۆزنەوەو دەنگ بدەن. هانم دەدان بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری ژیانی ئەو وڵاتە بکەن کە تیایدا دەژینو گەڕانەوە بۆتە درۆی ژیان. هەمیشە خەڵك دەڵێن دەگەڕێینەوە، بەڵام هەرگیز شتی وا نابێ. ئیتر بۆچی بەشداری لە ژیانی کۆمەڵگای سوید نەکەن؟ دەبێ بەرپرسیارەتی خۆت هەبێ.

زمانزانین، پەیوەندییەکانی ئاسان دەکرد. ئەوەش باش بوو کە هەموو خێزانەکە دەیانزانی باسی چی دەکرێ.

سەردانی پەنجاودوو خێزانم لە یێڤلە کرد. سەردانەکانم، هەم لە ڕۆژنامەی یێڤلە داگبلاد وەك ڕیپۆرتاج باس کرابوو هەم لە ڕۆژنامەی حیزب (Tidningen NU)دا.

لە ڕیزی ناوە نوێیەکاندا، من لە لستی شارەوانیدا زۆرترین دەنگم هێنا (بە پێی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەی ئاربێتەربلادتی ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠٠٦). ئەنجام ئەوە بوو کە من بوومە پێنجەم ناوی پارتی گەل لە شارەوانیدا، بەڵام بۆ پەرلەمان پارتی گەل یەك پالێوراوی لە پارێزگاکەدا دەرچوو، بۆ من مەحاڵ بوو لە سەدا هەشتی دەنگی ناوچەکە بە دەست بێنمو بچمە سەرەوەی لستەکە. بەوەندە داکەوتم کە ببمە ئەندامی یەدەگی پەرلەمان.

# کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە تا شەڕی ناوخۆ

دوای هەڵبژاردنو پیکهوەنانی حکوومەت، بارودۆخەکە تا ڕادەیەك ئارام بوو. ئەوە هیوایەکی لە لای خەڵك دروست کرد کە بۆ یەکەمین جار پەرلەمانو حکوومەتی خۆیان هەیە. بەڵام ئەوە دڵەڕاوکێشی لەگەڵ خۆیدا بۆ ناوچەکە هێنا، چونکە ئەو وڵاتانەی دەوروبەر کە کوردیان تێدان، لەوە دەترسان ئەو خۆبەڕێوەبردنەی کورد لە عێراقدا بۆ کوردی لای ئەوانیش ببێتە نموونەو ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە داخوازی مافی زیاتر. وڵاتانی تری ناوچەکەش دەترسان ئەوە ببێتە بنکەیەك بۆ دیموکراسی، ئا لەوە دەترسان.

ئەوە یەکەم جار بوو سەرکردە کوردەکان لە لایەن سەرۆكو نوێنەرو گەورە بەرپرسانی ڕۆژاواوە پێشوازییان لێ بکرێ. بۆ نموونە، بارزانیو تاڵەبانی لە لایەن سەرۆکی فەرەنسا فرانسوا میترانەوە، لە ئابی ١٩٩٢دا پێشوازییان لێ کرا. ئەوە ڕووداوێکی زۆر گەورە بوو، چونکە ئەوە یەکەم جار بوو سەرۆکی دەوڵەتێکی ڕۆژاوایی بەو ئاشکراییە پێشوازی لە سەرکردەی کورد بکا.

## شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارتیو یەکێتییدا

تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ ناوچەکە ئارام بوو. ئەوە دەستی پێ کرد کە خەڵکەکە لێی دەترسان. کێشەی چەکداری لە نێوان حیزبە کوردییەکاندا پەیدا بوو، لە ئەنجامدا بووە شەڕی ناوخۆ. هەر حیزبەو چەکداری خۆی مابوونەوەو ناوچەکەش چەکی زۆری لێ هەبوو. بە پێی لۆژیك، دەبوو بە هەموویان یەك لەشکر لە کوردستان دامەزرێننو دەستە جیاوازەکانی پێشمەرگە ببوونایەتە یەك. بەڵام قەت ئەوەیان نەکرد.

لە دێسەمبەری ١٩٩٣ هەندێ کێشەی پیکدادانی چەکدارانە لە نێوان یەکێتییو بزووتنەوەی ئیسلامیدا قەومان. لەنیسانی ١٩٩٤یشدا شەڕ لە نێوان پارتیو یەکێتیی، لە شارۆچکەی قەڵادزێ دەستی پێ کردو بە پەلە هەموو ناوچەکەی گرتەوە.

هۆیەکی گرنگی ئەو شەڕانە ئەوە بوو کە کێشەی نێوان یەکێتییو پارتی هەر بە زندوویی مابۆوە. لە کۆتایی ١٩٦٠ەکاندا تا ناوەڕاستی هەشتاکان، بە توندی، هەم لە شێوەی سەربازیدا ململانێی یەکتریان دەکرد، هەم بە شێوەی سیاسی. ئەوەی کێشەکەی گەورەتر کرد، دەستکەوت بوو ــ قاسەی وڵاتو داهاتی گومرك. هۆکاری سێیەم ئەوە بوو سەددام حوسێنو وڵاتانی دەوروبەر دەرفەتیان قۆستەوەو ئەوەندەی تر فوویان بە ئاگرەکەدا کرد. هەوڵیان دەدا بیسەلێنن دیموکراسی لە کوردستاندا بێ ئەنجامە.

شەڕی ناوخۆ تا ساڵی ١٩٩٦ درێژەی کێشاو هەردوو لا بەوە ڕازی بوون هەر یەکەیان حکومەتێکی لە ناوچەکەی خۆیدا هەبێ. ساڵی ١٩٩٦ کوردستان لە پراکتیکدا، لە نێوان پارتیو یەکێتییدا کرایە دوو بەشەوە. هەر یەکەیان حکومەتو وەزارەتی خۆی هەبوو. کوردەکان لە بری یەك حکومەت دووانیان هەبوو. حکومەتەکەی پارتی لە هەولێرو ناوچەکانی هەولێردا بوو، حکومەتێکی یەکێتییش لە سلێمانی بوو. ئەو دوو حیزبە حکومەتو وەزارەتی خۆیان لە ناوچەی خۆیاندا هەبوو، کێشەش لە نێوانیاندا بەردەوام بوو ئەگەرچی شەڕی ڕاستەوخۆشیان نەبوو.

تورکیاو ئێران بە پێی نەریتی خۆیان، جارێ یارمەتی ئەملایان دەدا جارێ ئەوی دی. هەندێ جار یارمەتی هەردوو لایان دەدا تا کێشەکە زیاتر تاو بسێنێ.

لە مێژووی کورددا لەو ناوچەیەدا ئاسایی بووە حکومەتەکان دوو جەمسەری کوردیان ویستبێ کە هێزیان بە قەدەر یەك بێو دژی یەکتر بوەستنەوە. ئەو گەمەیە بەردەوام بوو، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی ئاشتەواییان لە نێواندا هەبووە، بۆ نموونە لە پاریسو دوبلنو تاران، بەڵام هیچ کام لەو هەوڵانە ئەنجامی نەبوو. دەسەڵات لە چارەنووسی نەتەوایەتی گرنگتر بوو.

## ڕێکەوتنی ئاشتی

لە سێپتەمبەری ١٩٩٨دا ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتەوایی لە نێوان پارتیو یەکێتیدا لە واشینگتۆن ئیمزا کرا. وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمەریکا، مادەلێن ئۆلبرایت سەرپەرشتی ڕێکەوتنەکەی دەکرد. ڕێکەوتنەکە بە ڕێکەوتنی واشینگتۆن ناوزەد کرا. ئەمەریکا، بە شێوەیەك لە شێوەکان ناچاری ڕێککەوتنی کردن. من پیم وایە ئەمەریکا لەوساوە نەخشەی لابرنی سەددام حوسێنو داگیرکردنی عێراقی هەبوو. کوردستانێکی ئارامیان بۆ ئەوە دەویست بیکەنە بنکە بۆ چوونە ناو عێراقەوە. ئەو کێشە چەکدارییەی تورکیاو ئێران دەستیان تێدا هەبوو، کاری ئەمەریکایان زەحمەت کردبوو. لەبەر ئەوە یەکێتییو پارتییان ناچاری ڕێکەوتن کرد.

دوای ڕێکەوتنی واشینگتۆن، یەکێتییو پارتی دیسان حکوومەتیکی هاوبەشیان لە کوردستان پێکهێنایەوە. ژیانیان خستەوە بەر حکوومەتە کۆنەکەو ئاوها تا ڕووخانی سەددام حوسێن بەردەوام بوون. ئیدی لە بەر هەندێ هۆی جیاواز پەیوەندی نێوان پارتیو یەکێتیی ئاشتیانەتر بوو. بوونی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا زەقتر بووەوە، درندەیی سەددام حوسێن لە دژی بەرپۆەبەرایەتییە کوردییەکە توندتر بوو. بەردەوامیش خەڵك چاوەڕوان بوون ئاخۆ کەی هێرش دەکرێتە سەر عێراق. لە ساڵی ٢٠٠١ەوە خەڵك دەیزانی کە هێرش دەکرێت، بەڵام کەی دەکرێ نەك ئاخۆ دەکرێ یان نا. ئامادەکارییەکان سەرەداو بوون بۆ ئەوەی بزاندرێ هێرشەکە دەکرێ.

## هێرشی ئەمەریکاو ڕووخانی سەددام حوسێن

لە کاتێکدا چاوەڕوانی هێرش دەکرا بکرێتە سەر عێراق، بۆ کورد زۆر زەحمەت بوو بە تەواوەتی لایەنی ئەمەریکا بگرن. لە لایەکەوە تاقیکردنەوەیان لەگەڵ ئەمەریکادا هەبوو، دەستی بە زاخدا کردبوون. ئەگەر هێرشەکە ئەنجام نەدرێ‌و سەددام حوسێن بمێنێتەوە چ دەقەومێ؟ لە لایەکی تریشەوە سەددام حوسێن هیچ نەمابوو بە کوردی نەکردبێ. هەر وەك ئەوەیە کەسێك لە خنکاندندا بێ‌و یەکێك هاواری بۆ بکا ـ دەستم بدەیێ نەجاتت دەدەم. کەس لەو کاتەدا ناپرسێ ئاخۆ تۆ کێیت. پیاو دەیەوێ ڕزگار بکرێت.

ڕژێمی بەعسی عێراق لە پلانیدا بوو کورد لە کوردستانی عێراقدا نەهێڵێ. ئەگەر مرۆ تەماشای ئەو تواناییانەی بکردبا کە هەیانبوو، لە بارودۆخەکە ڕامابا، دەیزانی ئەو کارەیان بۆ مەیسەر دەبوو. ئەوانە بە ئەنفال دەستیان پێ کردبوو، هەوڵیان دەدا ئەوەندەی پێیان دەکرێ لەناو بەرن. لە چالاکی سەربازانەی ئەنفالدا توانییان سەدوهەشتاو دوو هەزار کورد بکوژن. ئەوە ژمارەیەکی زۆری مرۆڤە. هەندێ وڵات لە جیهاندا هەن ژمارەی دانیشتوانیان لە سەدوهەشتاو دوو هەزار کەس کەمترە.

دەیانویست لە پرۆسەیەکی بەعارەبکردندا، عارەب بهێننە ناوچەکەوە. لە سەرەتاوە بۆ ناوچە نەوتییەکان. کورد لەو ناوچانە دەربکەن‌و یا بۆ ناوچەکانی تری عێراقیان بەرن تا لە ناو عارەبدا بتوێنەوە، یا بیانبەنە وڵاتە عارەبییەکانی تر. زۆر لەدەوڵەتە عارەبییەکانی تر ئامادە بوون کورد

وەربگرن. ئـاخر بۆیـە بـۆ سـەددام حوسـێن زەحمـەت نـەبوو پلانـەکانی خـۆی جێبەجێ بکات. ئەردەنو یەمەنو زۆر وڵاتی تر ئامادە بوون لەگـەڵ سـەددام حوسێندا ڕێککەوتن بکەن تا کورد وەربگـرنو لەبەرانبەریشـدا پارەیـان پـێ بدرێ.

پلانی لەناوبردنی کورد تا وەك میللەت لە عێراقدا نەمێنێ، دەمـێ بـوو دەستی پێ کردبوو. ئـەنفالو کیمیابـاران ـ هـەموو ئەوانـە ڕووداوی لاوەکـی نەبوون کە تاکوتەرای سەرکردەی سەربازی ناو حیزبی بەعس ئەنجامیان دابێ. ئەوانە زنجیرەیەك پلان بوونو دەیانویست جێبەجێیان بکەنو مەبەستیش ئـەوە بوو کورد لە کوردستانی عێراقدا نەهێڵن .

ئەوە بە تەواوەتی لە ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعسدا هەبوو کە دەڵێ سنووری نەتـەوەی عـارەبی لـە ڕۆژاواوە کازابلنکایـەو لـە ڕۆژهەڵاتیشـەوە زنجـیرە چیایەکانی زاگرۆسە. هەموو کوردستانی عێراق کەوتۆتە ناو ئـەو سـنوورەوە. بەو هەموو توانایەوە کە عێراق هـەیبوو، دەکـرا ئـەو پلانـە جێبـەجێ بکـرێ ئەگەر ئەوان دەسەڵاتیان لە دەست بمابا.

کوردەکـان دەترسـان دیسـان سـەددام حوسـێن چـەکی کیمیـاوی بـەکار بێنێتەوە. وەك دڵنیا بوون کە سەددام حوسێن چەکی ئەتۆمی نییە، ئاوهـاش دڵنیـا بـوون چـەکی کیمیـاوی هەیـەو تاقیکردنەوەشـیان لـەوەدا هـەبوو. گوتەیەکی پێشینانی کوردی هەیە کە دەڵێ مارانگەستە، هەموو ژیـانی لـە

گوریسی بازگ دەترسێ. لەبەر ئەوە ترسیان لە چەکە کیمیاوییەکەی سەددام حوسێن مابوو.

بەڵام لەو بارودۆخەدا کوردەکان گەمەیەکی باشیان کرد. هەڵوێستیان وا بوو کە سەددام حوسێن نامێنێ و پەنای ئەمەریکایان هەڵبژارد ـ بەڵام لە ڕاستیدا چاوەڕوان بوون ئەمەریکا پلانی خۆی جێبەجێ بکاو نەبنە قوربانی ڕووداوەکانی سەرەتای جەنگ.

لە ئازاری ٢٠٠٣دا هێرش بۆ سەر عێراق دەستی پێ کرد.

بە لای منەوە سەیر بوو کە ئەمەریکییەکان ناوی خۆیان لە ڕزگارکەری عێراقەوە گۆڕی و کردیان بە داگیرکەری عێراق. ئەوە یەکەم هەڵە بوو ئەنجامیان دا. بۆ زۆرینەی خەڵکی عێراق ئەمەریکا هێزی ڕزگارکەر بوو، ئەوەش لەبەر ئەوە نا کە ئەمەریکایان خۆش ویستبێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆریان بە دەستی سەددام حوسێن چەشتبوو. هەر کەسێك سەددام حوسێنی لابردایە، لە عێراقدا بەخێرهاتن دەکرا. پیاو ناتوانێ هۆکارێکی تر بۆ ئەوە بدۆزێتەوە کە شێخێك یا مەلایەك لە کوردستانی عێراقدا ئامێز بە سەربازی ئەمەریکاییدا دەکاو بەخێرهاتنی دەکا. تاکە ڕوونکەرەوە ئەوەیە کە خەڵکەکە بە لاچوونی سەددام حوسێن ئەوەندە بەختەوەر بوون، ئامادە بوون یارمەتی لە هەر کەسێکەوە بێ، وەربگرن.

خەڵکەکە خۆیان چەندین ساڵ هەوڵیاندا. لە هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، کە سەددام حوسێن لەسەر دەسەڵات بوو، هەمیشە

بەرهەڵستکار لە دژی هەبوو. بەڵام بیستساڵی تێکۆشان بە هیچ ئەنجامێك نەگەیشت. توانـاو دەسـەڵاتی سـەددام حوسـێن ئەوەنـدە گـەورە بـوو بـەراورد نەدەکرا. سەددام حوسـێن پـارەی نـەوت‌و سـوپایەکی یـەك ملیـۆن سـەربازی هـەبوو، لـەوە بـەهێزتر بـوو کـورد بتـوانێ تـەرازووی دەسـەڵاتی بگـۆڕێ. بەرهەڵسـتکارانی ڕژێمەکـەی سـەددام حوسـێن نەیاندەویسـت هاوکـاری لـە خەڵکی تر وەربگرن بەڵام چ چارەیەکی تریان نەبوو.

کـە ئەمـەریکا هێرشـی کـرد، سـەددام حوسـێن زوو ڕووخـا. سـوپا هەڵوەشـایەوەو لایـەنگریی بـۆ سـەددام نـەبوو. تـەنها هەنـدێ لـە عارەبـە سوننەکان بە ڕووخانی سەددام حوسێن زەرەرمەند دەبن. زۆرینەی هـەرە زۆری خەڵکی یا گوێیان بە ڕووخانی سەددام حوسێن نـەدەدا یـا لەگـەڵ ڕووخانیـدا بوون.

ئەمەریکییـەکان دوای هێرشـەکە، توانییـان لـە ژێـر سـەرکردایەتی پـۆڵ بریمەردا زوو حکومـەتێکی کـاتی لـە عێراقـدا دامـەزرێنن. بریمـەر سـوپای عێراقی هەڵوەشاندەوەو حیزبی بەعسی قەدەغـە کـرد. بۆچـوونی جیـاواز لـە سەر ئەو کارە هەبوو ئاخۆ باش بوو یا خراپ. من باوەڕ ناکـەم شـتێکی تـری پێ کرابا.

## دەستگیرکردنی سەددام

سەددام حوسێن بزر بوو، خۆی لە ناو وڵاتەکەدا شاردەوە. زۆر کەس وای بۆ دەچوو کە لە عێراق چووبێتە دەرەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەموو جیهاندا دۆستی نەبوو، ئاسان نەبوو لە عێراق دەربچێ. لە ئەنجامدا، ١٣ی دێسەمبەری ٢٠٠٣، ئەمەریکاییەکان لە کونێکی بن زەویدا، لە نێزیک شاری تکریت دۆزییانەوە. بەر لە گرتنی خۆی، هەردوو کوڕەکەی لە شاری موسڵ کوژران. بەو دوو رووداوە، کوشتنی کوڕەکانیو دەستگیرکردنی خۆی، بەشێك لە مێژووی عێراق کۆتایی هات.

## دادگاییکردنی سەددام حوسێن

دادگـاییکردنی سـەددام حوسـێن زۆری خایانـد. زۆر خـاڵی لێکۆڵینـەوەی لەسەر هەبوو، بەڵام ئەوەی لە سەری حوکمدرا، گرتنو کوشتنی موسـوڵمانی شیعە بوو کە ساڵی ١٩٨٢ لە شارۆچکەی دوجەیل ئەنجام درا.

لە سەرەتای شەڕی عێراق ـ ئێراندا بە سەردان چووە ئەو شارە کە نێزیکی بەغدایە. لەوێ تەقەی لێکرا. دوای ئەوە فـەرمانی کوشـتنی زۆر کەسـی ئـەو شارەی دەرکرد. ژمارەیەکی زۆری ژنو منداڵیش بۆ ماوەی زۆر زیندانی کران ئەگەرچی بێتاوانیش بوون. سزای دەستەجەمعی بوو.

دادگاکە کراوە بوو، دیارە زۆر خۆش بـوو بـە دوایـدا بچـیت. پارێزەریشـی هەبوو لە کاتێکدا کە خـۆی دەسـەڵاتدار بـوو ڕێـی بـە نـەیاری خـۆی نـەدەدا پارێزەریان هەبێ. کە دادگاکە کراوە بـوو، هـەم لایـەنی باشـەی هـەبوو هـەم خراپە. بـاش بـوو چـونکە خـەڵك تەماشـایان دەکـرد. خـراپیش بـوو چـونکە ناوبانگی پێ زیاد کرد. ئەگەر دادگاکە داخـراو بوایـە، بـاوەڕ ناکـەم هـەمان بەربەرکانێی بەرانبەر دادوەرەکە کردبا .

بـەردەوام بـە ئـارەزووەوە تەماشـای دادگاییکردنەکـەی سـەددام حوسـێنم دەکردو بەو بۆنەیەوە بابەتێکم نووسیو لە ڕۆژنامـەی پێڤلـە داگـبلاددا بـڵاو کرایەوە. وا جارێکی تر لێرەی بڵاو دەکەمـەوە تا بـارودۆخو بیرکردنـەوەی ئـەو کاتم پیشان بدات:

## خوایە یارمەتی، چۆن بەرگە بگرم؟

دووشەممە، پێنجی دێسەمبەری ٢٠٠٥ بەرانبەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەم دانیشتووم‌و تەماشای کوردسات دەکەم، کە کەناڵێکی کوردییەو ڕاستەوخۆ لە عێراقەوە پەخش دەکرێ‌و وینەکە زۆر ڕوون نییە بەڵام هەر باشە. تەلەفۆنی ماڵەکە زەنگ لێدەداو لەوسەری خەتەکەوە کیژێك کە کارمەندی ئەو دائیرەی وەرگێڕانەی زارەکییە کە من کاریان بۆ دەکەم، قسە دەکا.

ــ ئیسماعیل، ئیشێکمان بۆت هەیە، یەك دوو سەعاتێکە. دەتوانی وەریبگریت؟

ـ ناتوانم، وەرگێڕی تر نییە وەریبگرێ؟

ـ با، دەتوانین پەیدای بکەین، بەڵام تۆ بۆچی وەریناگریت؟

ـ من لە ماڵەوە نیم، ئێستا من لە بێڤلە نیم.

ـ لە ماڵەوە نیت؟ لە بێڤلە نیت؟ سەیرە. من بۆ ماڵەوەتان تەلەفۆنم کرد؟

ـ ئا، ڕاستە. بەڵام من لە ماڵەوە نیم. جەستەم لێرە لە بێڤلەیە، بەڵام ڕۆحم دوور دوور فڕیوە بۆ ئەو ناوچانەی منداڵی‌و هەرزەکاریم. ئێستا دانیشتووم‌و تەماشای دادگاییکردنی سەددام حوسێن دەکەم، کە ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێ. هەست دەکەم دەبێ ئێستا، هەر ئێستا خەریکی ئازاری ساڵانی زۆری خۆم‌و سەدان هەزار کەس بم کە بە دەست زوڵمی دەسەڵاتی هیستریایی سەددام حوسێنەوە چەوساونەتەوە.

خوایـە یارمـەتی، چـۆن بەرگـە دەگـرم؟ یارمـەتیم بـدە بـەردەوامبم. لـە باروودۆخێکی ڕەهای خەیاڵیدام. باروودۆخێك کە هەموو قوربانییەك بـیری لـێ دەکاتەوە، ئەوەش ئەوەیە چەوسێنەرەکەی لەبەردەمی دادگادا ببینێ.

کتوپڕ گوێم لە دەنگی کیژەکە بوو:

ـ دادگایەکی دادپەروەرانەیە؟

بە تەواوەتی بێدەنگ بووم. چ وشەم نەدۆزییەوە باسی باروودۆخەکەو هەستی خۆمیـان پـێ بکـەم. هەسـتم کـرد سـویدییەکەم بەشـی دەربـڕینم ناکـا. ئـەو زمانانەش بەش ناکەن کە دەیانزانم. بەشی وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی ناکەن.

بە بێدەنگی، بێ ئـەوەی هـیچ بڵـێم تەلەفۆنەکـەم داخسـت. بـە ژوورەکـەدا کەوتمە هاتوچۆو بیرم لە وشەی دادپەروەریی دەکـردەوە. بۆچـی هاوکارەکـانم‌و هەموو ئەو سویدییانەی کە دەیانناسم، کـە باسـی دادگـایی کردنـی سـەددام حوسـێن دەکـرێ، دەپرسـن: "دادپەروەرانەیـە؟" بۆچـی کـەس پرسـیاری قوربانییـەکان، پرسـیاری مردووەکـانی نـاو گـۆڕی بەکۆمـەڵی کوردسـتانی عێـراق‌و بیابانـەکانی باشـووری عێـراق ناکـا یـا پرسـیاری ئـەو هـەموو قوربانییانەی دەستی سـەددام ناکـا کـە بـە سـەر هـەموو گـۆی زەویـدا بـڵاو بوونەتەوە؟

دادپەروەری لەسەر سەر، بەڵام ڕێ مەدەن خەیاڵ‌و بەزەییتان بۆ لای سەددام حوسێن‌و داروودەستەکەی بچێ. ئەو داروودەستەیە دەستیان خوێناوییەو خوێنی سەدان هەزار مرۆڤ لە ئەستۆیاندایە.

سەددام حوسێن بە مردن حوکم دراو لـە ٣٠ کـانوونی یەکـەمی ٢٠٠٦دا لەگەڵ براکەیو یەکێ لە سەرکردە بەعسییەکاندا هەڵواسرا .

## زۆر نهێنی لەگەڵ سەددام حوسێندا چوونە گۆڕەوە

ئەگـەر تەماشـای دادگاییەکـەو ئـەو هەڵواسـینە خێرایـە بکـەین دەبیـنین کوردەکان گەورەترین خەسارەتمەندن. ئەو تاوانەی کە لـە دژی کـورد ئـەنجامی داوە، زۆر لەو تاوانە گـەورەتر بـوو کـە سـەددامی لـە سـەر حـوکم درا. جێـی هیچی بۆیان پڕ نەکردەوە. کـە دادگـایی ئـەنجام دەدرێ هـەموو شـتێ تۆمـار دەکـرێ. کوردەکـان بۆیـە خەسـارەتمەند بـوون، چـونکە تۆمارکردنەکـە بەردەوامنـەبوو. بەر لەوەی هەمووتاوانەکان بە سەر سەددام حوسێندا بسـەپێ، ئیعدام کرا. بۆ نموونە کیمیابارانی هەڵەبجە لە ئازاری ١٩٨٨و کۆمـەڵکوژی ئەنفال کە سەدوهەشتاو دوو هەزار کوردی تێدا کوژران بە تەواوەتی یەکلایی نەکرانەوە. لەگەڵ مردنی سەددام حوسێندا، زۆر نهـێنی بـزر بـوون. جگـە لـە سەددام حوسێن، کەس لە عێراقدا بە تەواوەتی نەیدەزانی ئەوانە چـۆن کـران. بۆ نموونە، بۆ شەڕی عێراق ـ ئێران دەستی پێ کرد. ئەوە بووە گرێکوێرەیەكو کەس نەیزانی بۆ دەستی پێ کرد. یا هێرشکردنەکەی بۆ سـەر کوێـت. کـەس بە تەواوەتی نازانێ بـۆ وای کـرد. پـارەی نـەوت لـە حـەفتاکانو هەشـتاکانو نەوەتەکاندا چی لێ هات؟ تەنها سەددام حوسێن دەیزانیو کەسی تر نا.

که سەددام حوسێن چووە سەر دەسەڵات لە سەدا پێنجی داهاتی نەوتی عێراق بۆ حیزبی بەعس دەرۆیی. ئەوە پارەیەکی زۆرە، بەڵام کەس نازانێ ئەو پارەیە کێوە چوو.

زۆر تاوانی سیاسی لە عێراقدا ئەنجام دران‌و کەس بە وردیی نازانێ بۆ روویان دا.

کە ساڵی ١٩٧٩ بووە سەرۆکی عێراق، بیستوسێ وەزیرو سەرکردەی سیاسی بەعسی ئیعدام کرد. لە ٢٢ی تەمووزی ١٩٧٩دا، سەددام حوسێن هەموو سەرکردە سیاسییەکانی حیزبی بەعسی لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا کۆ کردەوە کە باش پلانی بۆ دانرابوو. قسەی بۆ کردن‌و پێی گوتن کە جاسووس‌و خائینیان لە ناودا هەن. وەرەقەیەکی لە گیرفانی دەرهێناو دەستی بە خوێندنەوەی ناوی کەسانی ناو هۆڵەکە کرد. یەك بە دوای یەکدا دەیخوێندەوە. هەر یەکە لەوانەی کە ناوی دەخوێندرایەوە لە هۆڵەکە دەبرایە دەرەوەو گوللەباران دەکرا.

هەتا ئێستا کەس نازانێ بۆچی ئەو کەسانەی هەڵبژارد.

لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا، زۆر لە وەزیرە بەرگرییەکانی خۆی ئیعدام کردن. نازاندرێ بۆچی وای کرد. هێشتا جێگری سەرۆك بوو، ساڵی ١٩٧٠ یەکەم وەزیری بەرگری، حەردان تکریتی ئیعدام کرد. ساڵی ١٩٨٩ وەزیری بەرگری، عەدنان خێروڵڵای بە تەقینەوە کوشت کە برای ژنەکەشی بوو. لە کۆتایی ١٩٩٠دا (فازڵ بەراك)ی بەڕێوەبەری ئەمنی عێراقی کوشت .

**ئایە ئەوانە ڕێکەوت بوون یا پیلانیان لە پشتەوە هەیە؟**

دوو زاوای سەددام حوسێن بەربەرەکانییان کردو بۆ ئەردەن ڕایان کرد. بەڵام گەڕانەوەو دواتر کوژران. هەموو کەس ڕێی تێ دەچوو بکوژرێ. بە هۆی کەمترین گومانەوە خەڵکی دەکوشت تا مەترسییەکانی لە کەمترین ئاستدا بن .

یەکێك لە شیکردنەوەکان ئەوەیە بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆی زۆر شێوازی داخراوی دروست کردبوو. بۆ نموونە، شێوازێك بۆ مەسەلە ئەمنییەکان، یەکێ بۆ مەسەلەی بەرگری، یەکێ بۆ ڕاگەیاندن. ئەوانە پەیوەندییان بە یەکەوە نەبوو. سەرۆکی ئەمن لە شوێنی داخراوی ئەمن سەرۆك بوو، هەموو شتێکی لە بارەی ڕووداوەکانی ئەو شوێنە دەزانی، بەڵام کەسانی تر وردەکارییەکانیان نەدەزانی. هەر کەسەو کاری خۆی ئەنجام دەدا. سەرۆکی ئەمن یا وەزیری بەرگری لە ژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی سەددام حوسێندا بوو، کە سەددام بیویستبا هەموو ئەو زانیاریانەی ئەو شوێنە بسڕێتەوە، بەوپەڕی ساکاری ئەو کەسەی دەکوشت. تاکە کەسێك کە هەموو زانیارییەکانی لە لا بوو، سەددام حوسێن خۆی بوو. بۆیە حەیفە ئەو هەموو نهێنیانە لەگەڵ مردنی ئەودا لەناوچوون.

ئەوەی زۆر ڕوونو ئاشکرایە ئەوەیە کە سەددام حوسێن لەو کاتەوە کە جێگری سەرۆك بوو، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا هەبوو، دوای ئەوەش هەوڵی دەدا پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکادا دروست بکا. بۆ

پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا پیاوێکی بەکەڵکی ئەمەریکا بوو. بەڵام لە دادگاییکردنەکەدا باسی ئەوەی نەکرد.

سەددام نەیدەویست گومانی ئەوەی لێ بکرێت کە پیاوی ئەمەریکایە. لە دادگاکەدا، باسی ئەوەی نەکرد. نەیدەویست ئەو وێنەیەی خۆی پیشان بدات.

موسوڵمانە شیعەکانی عێراق وەك دیکتاتۆرێك لە سەددام حوسێنیان دەڕوانی کە هەموو بەڵایەکی بە سەریاندا هێنا. ئەوانیش دەسەڵاتیان لە دەستدا بوو، ویستیان تۆڵەی خۆیان بکەنەوەو زوو ئیعدامی بکەن. ئەمەریکییەکانیش ویستیان بە ئیعدامکردن، سەددام حوسێن بکەنە شەهیدو سیمبۆلی سونیییەکانی عێراق. بەو شێوەیە، کێشەی نێوان شیعەو سوننە قووڵتر دەبێ. تاکتیکی "دابڕەو بەڕێوە بەرە" بەکار دەهێندرا.

بەڵام من بە داخەوەم کە سەددام حوسێن ئاوها زوو ئیعدام کرا. دەبوو دادگا بەردەوام بێ و مەسەلەی ئەنفالو تاوانەکانی تری بهێنرێنە پێشەوە کە بەرانبەر کورد ئەنجامی دابوون. ئەگەر لە بارەی ئەو تاوانانەوە دادگایی بکرابا، بۆ ئێمەش دەبووە بەڵگەنامە.

دادگاییەکەو ئیعدامکردنەکە، لای عێراقییەکان هەستێکی تێکەڵی دروست کرد. زۆرینەی شیعەکانی باشوور دڵیان خۆش بوو. بە ئاهەنگگێڕان پێشوازییان لە هەواڵەکە کرد. کوردەکانیش دڵیان بەوە زۆر خۆش بوو کەسەددام نەما، بەڵام دڵیشیان بەوە شکا کە لە سەر ئەو تاوانانەی لە دژیان

ئەنجامی دابوو، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا نەکراو بەوەش تۆڵەسەندنەوەیەکی ڕەسمییان لە دەست چوو.

زۆرینەی عارەبە سوننەکانی ناوەڕاستی عێراق دڵشکاو بوون.

کە بیرکردنەوەو ڕەفتارەکانی سەددام حوسێن ئێستاش لەناو سیاسەتمەدارە عێراقییەکاندا برەویان هەبێ، ئیعدامکردنی سەددام حوسێن چ سوودێکی هەبوو؟ ئەو سیاسەتمەدارانە، ڕەفتاریان توندوتیژەو بەرهەڵستکار لەناو دەبەن. سەددام حوسێن نەما، بەڵام پرنسیپەکانی ـ ئەشکەنجەی جەستەیی‌و دەروونیی‌و سزادانی دەستەجەمعی ـ ئێستاش زیندوون. عێراق پرنسیپی وای پێ دەوێن کە لەوانە جیاواز بن.

ئەوە ئەوپەڕی ئازایەتی کۆمەڵگا نییە دیکتاتۆرێک لابەرێ، بەڵکو ئازایەتی ئەوەیە ڕێگەی گەڕانەوە لە دیکتاتۆری دیکە بگرێ.

بەزەییم بەوانەدا دێتەوە کە پێیان وایە بە مردنی سەددام حوسێن عێراق دەبێتە شامی شەریف. زۆر دیکتاتۆری بچووک لە هەموو قوژبنێکی عێراقدا، لە هەرە باکوورەوە تا هەرە باشوور هەن. لە ناو کورددا، لە ناو شیعەو سوننەو مەسیحییەکاندا هەن. چاوەڕوانی دەرفەت دەکەن تا بگەڕێنەوەو ببنە سەددام حوسێنێکی تر.

بۆ بنیاتنانی سستەمێك کە ڕێ لە گەڕانەوەی دیکتاتۆر بگرێت، ئازایەتی‌و کاری زۆری دەوێ.

## دواوشـه

لەگەڵ ڕووخانی سەددام حوسێندا، سەرانی کورد دەرفەتێکی زێڕینیان بۆ ڕاگەیاندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەدەست دا. ئێستا کوردستانی عێراق، لە خێرو شەڕدا بەعێراقەوە بەستراوە. زەحمەتە بڵێی داهاتوویی کوردستانی عێراق لە دەرەوەی عێراقدایە، بە تایبەتی لە پاشەڕۆژی نێزیکدا.

دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە عێراقی ئێستا بەم قەوارەیەوە، هەرگیز وڵاتێک نەبووە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەچووبێ. عێراق لە ڕووی کەلەپوورییەوە وڵاتێکی دابەشکراوەو چەندین قەومو ئاینو مەزهەبو زمانی تێدان. ئینگلیزەکان، لە دوای یەکەم شەڕی جیهانی، بە زۆری زۆرداریی، گرووپە جیاوازەکانیان پێکەوە گرد کردەوەو ئەو وڵاتەیان لێ پێکهێنان. لە ١٩٢٠ەکانەوە هەتا ئێستا، هەرگیز وەك وڵاتێکی ئاسایی خاوەن یەك پێناسەی نەتەوەیی، بە ئارامیی بەڕێوە نەچووە. پێکهاتەی دەسەڵات تیایدا، ڕەنگدانەوەی واقیعەکەی نەبووەو بە بەردەوامی، کەمایەتییەك، لە ڕێی زەبروزەنگەوە بەڕێوەی بردووە.

مەسەلەکە ئەوەیە ئاخۆ عێراق بە هەمان شێواز بەردەوام دەبێ ــ وڵاتێك کە بەڕێوە ناچێو مەرکەز دەسەڵاتی ڕەهای دەبێو خەڵك بێدەنگ دەکا یا بیرکردنەوە جیاواز دەبێو وڵاتێکی فیدرالی لێ پێك دەهێنن، کە تیایدا هەر کەسەو مافی خۆی دەبێو بەغدا دەبێتە مەرکەزێکی هەماهەنگی دەسەڵات

نـەك چـەقی دەسـەڵات. پێویسـتە بناغـەی پیکهـاتنی عێـراق وەك دەوڵـەت بگۆڕێ. کە عێراق بنیات بنرێتەوە، پێکهاتە نەتەوایەتییەکەی جیاوازییـەکی زۆری لەگـەڵ پێشـتریدا دەبـێ. دەبـێ ئـەو جیاوازییـە قـەومیو دیـنیو مەزەببییانەی عێراق لە بەرچاو بگیرێنو یاسایەکی بنەڕەتی گونجاو دابندرێ.

لـە زۆربـەی وڵاتانـدا، پێناسـەیەك هەیـەو خـەڵکی شـانازی پێـوە دەکـا. هەستێکی نەتەوایەتی هەموو خەڵکەکـە پێکـەوە گـرێ دەدا بـا هـەر یەکـەو خەڵکی شوێنێکی جیاوازی وڵاتەکەش بن. ئەم هەستو پێناسەیە، هەرگیز لە عێراقدا بوونیان نەبووە. هەرگیز پێناسەیەکی عێراقیبوون نـەبووە. بـەردەوام کەمایەتییەك بڕیاری بە سەر هەموو ئەوانی تردا داوەو بە زەبروزەنگ وڵاتـی بـــەڕێوە بـــردووە. گرووپـــەکانی تـــریش، بـــەردەوامو بـــە شـــێوەی جیـــاواز بەرهەڵستکارییان کردووە. باوەڕ ناکەم وڵاتی ئاوها هەتا سەر بەڕێوە بچێت.

زۆر کەس سستەمی فیدرالییان پێ باشە. ئەوانەش بە ئاسـانی دەکـرێ بـە جوداخـواز تاوانبـار بکـرێن. بـەڵام تاکـە چارەسـەر ئەوەیـە عێـراق ببێتـە دەوڵەتێکی فیدرالی کە تیایدا کوردسـتانو بەغـدا ڕێککـەوتنیان هـەبێ. وا نەبێ مـەترسی بـەردەوامبوونی چەوسـاندنەوە زۆرەو هـەرگیز مێـژوو کۆتـایی نایەت.

ئەوەی ئاشکرایە کوردەکان بە زۆر کـران بـە عێراقـی، نـەك بـە ئـارەزووی خۆیان. کورد هەمیشە قوربانی عێراقو سوپاکەی بـووە. ئێسـتا پرسـیارەکە ئەوەیە ـ ئەگـەر کـورد ناچـار کـران لـە عێراقـدا بمێننـەوە ــ دەبـێ گـەرەنتی

ئاسایش‌و پێشکەوتنیان پێ بدرێ. گەرەنتی ئەوەی کە کەس لە پاشەڕۆژدا نەتوانێ هێرش بکاتە سەر خەڵکی کوردستان. دەستووری ئێستای عێراق کە لە دووتوێی دوو بەرگدایە، نایابە. بەڵام بە شێوەیەکی لاستیکی داڕێژراوەو لێکدانەوەی هەمەجۆر هەڵدەگرێ. هەندێ لە سیاسییە کوردەکان‌و سیاسەتمەدارە ڕۆژاواییەکان پێیان وایە دۆستایەتی نێوان عێراق‌و ڕۆژاواییەکان بۆ کورد گەرەنتییە. بەڵام مێژوو پیشانی داوە کە وا نییەو بەڵگەمان لە تورکیای ئێستادا هەیە. ئەمەریکاو ڕۆژاواییەکان بە شان‌و باڵی دیموکراتییەتی تورکیادا هەڵدەدەن. لە هەمان کاتدا تورکیا بە شێوەیەکی دوژمنکارانە بەرانبەر کورد ڕەفتار دەکاو کۆمەڵکوژی کەلەپووری لە دژیان ئەنجام دەدا.

چارەنووسی گەلی کورد لە عێراقدا لە دەستی سیاسەتمەدارە عێراقییەکاندایە. ئەوانەش کەم‌و زۆر لە کەشوهەوا کلتوورییەکەی عێراقدا پەروەردە کراون، کە زۆرداری‌و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر تیایدا بۆتە نەریتی باو .

گەورەترین کێشەی کورد لە عێراقدا نەبوونی ئەجیندایەکی هاوبەشی کوردە. ئەوەی هەیە، ئەجیندای حیزبەکان‌و تاکەکەسە سیاسییەکانە. هەر لەبەر ئەوەیە ئەوەندە ئاسانە ئەمڕۆ ئاڵای کوردستان بەرز بکەنەوەو سبەینێ ئاڵای عێراق بەرز بکەنەوەو بە پێچەوانەشەوە. جیگای مناوەرەی سیاسییانەی عێراقی لە ڕیزی سیاسەتی کوردیدا زۆرە. مەترسی ئەوە هەیە کورد دەست

له شتی گرنگی خۆی بەر بدا، بۆ نموونە فیدرالیو ماددەی سەدوچل کە لە بارەی کەرکووکەوەیە.

پەرەگرافێك لە دەستووری عێراقیدا هەیە باسی ئەوە دەکا کە شوێنەواری ئەو پرۆسەیەی تەعریب بسڕێتەوە، کە دەیان ساڵ بەڕێوە چوو بە تایبەتی لە شاری کەرکووکدا. لەو شارەوە کە پێشتر کوردی تێدا زۆرینە بوو، حیزبی بەعس نیو ملیۆن کوردی دەرکردو بۆ ناوچەکانی تری عێراقی گواستنەوەو عارەبیشی هاندان بۆ جێی ئەوان بگوازنەوە. ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە دەستی ڕژێم بە بێ ترس بە سەر نەوتەکەدا بڕوا.

پەرەگرافی سەدوچلی دەستوور عارەبەکان هان دەدا بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیانو کوردە دەرکراوەکانیش بگەڕێنەوە شارەکەی خۆیانو لە هەمان کاتدا ڕاپرسی بۆ ئەوە بکرێ ئاخۆ کەرکووك دەبێتە بەشێکی کوردستانی فیدرال.

زۆر لایەن بەربەرەکانەی ئەوە دەکەن. لەوانە تورکیا کە دەترسێ کوردستانێکی دیموکراتو پێشکەوتوو چ کاریگەرییەکی دەبێ بۆ داخوازییەکانی کورد لە تورکیا. لەبەر ئەوە، بە بیانووی هێرشبردنە سەر پەکەکە، هەوڵیان دا پلانی یەکلاییکردنەوەی کەرکووك تێك بدەن.

سەرکردایەتی کورد هەڵەیەکی گەورەیان کرد کە یەکسەر لە دوای ڕووخانی سەددام حوسیندا مەسەلەی کەرکووکیان یەکلایی نەکردەوەو بە توندی بەرپەرچی ئەوەیان نەدایەوە ئاخۆ کەرکووك سەر بە عێراقی عارەبی بێ یا ناوچە کوردییەکان. پێنج ساڵ دوای ڕووخانی سەددامو نێزیکەی پێنج

ساڵیش لە دەرچوونی ماددەی سەدوچل لە بارەی کەرکووکەوە، هیچ نەگۆڕا.
فەلەستینییەکان، لە ساڵی ١٩٤٨ەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ فەلەستین.
ئێستا ئەو ترسە هەیە هەمان شت بە سەر کەرکووکدا بێتو شارەکە بۆ هەمیشە لە دەست بچێ.

گەلی کورد مێژوویەکی تراژیدییانەی هەیەو پێویستە لێی دەربچێ. دەستبەردان لەو مێژووە تراژیدییە زیاتر لە سەر خۆیان وەستاوە. ئەوەی گەلی کورد لە عێراقدا پێیدەوێ، سەرکردایەتییەکی بەتواناو یەکگرتووە کە لە عێراقێکدا، لە دوای ڕووخانی سەددام حوسێنەوە بە تەواوەتی لە هەژاندایە، بە توندی ڕەفتار بکا .

لە بارەی پەیوەندی کورد و ئەمەریکاوە، نابێ کورد زیاد لە ئاستی خۆی پشتی پێ قایم بکا. لە پلانی ئەمەریکادا، مەسەلەی کورد بونی نییە. ئەوان عێراقو ئێرانو سووریاو تورکیا وەك تەرەف دەبینن‌و کوردیش بە بەشێکی ئەو دەوڵەتانە دەزانن. لە سەر ئەوەشەوە ئەمەریکییەکان دۆستی بەردەوامیان نییە ـ تەنها بەرژەوەندی بەردەوامیان هەیە.

دوو جۆرە هەڕەشە لە سەر حکوومەتی ناوچەیی کوردستانی عێراق هەیە.

هەڕەشەی ناوخۆ کە لە قەیرانی پێکهاتەدا بەرجەستەیە، لەگەڵ ڕێزنەگرتنی مافی مرۆڤو گەندەڵیی لە بەڕێوەبردندا، وا لە خەڵکی دەکا لە دەسەڵات ناڕازی بن.

هەڕەشـــەی دەرەکـــیش لـــەو هەڵوێســـتە دوژمنکارانەدایـــە کـــە هەنـــدێ سیاسەتمەداری عێراقو وڵاتە دراوسێکان دەینوێنن، بە تایبـەتی تورکیـا کـە سوێندی خواردووە دژی دەوڵەتی کورد بێ ئەگەرچی لە ئاسمانیش بێ!

ئەوەی پەیوەندی بە ئاسـاییکردنەوەو دیمـوکراتیزەکردنی عێراقـەوە هەیـە، من هیوام پێی نییە. لە عێراقدا، خەڵك لە سـەر ئـەوە ڕانـەهاتوون کێکەکـە دابەش بکەن. خەڵك هەموو کێکەکەیان دەوێ دەنا بۆ شەڕ لە سـەر پـێن. لـە سەردەمی دەسەڵاتی سەددام حوسێندا، خەڵکی عێـراق لـە ژیـانی سیاسـیدا ڕۆژانە ئەشکەنجە دەدرانو لەناودەبران. ئێسـتا ئـەو مـەترسـییە هەیـە هـەمان سیناریۆ دووبارە ببێتەوە.

لە عێراق حەکایەتێك هەیە کە ڕەنگدانەوەی واقیعی عێراقە. حیکایەتەکە لە سەر دووپشکێکە کە دەیەوێ لە ڕووباری دیجلە بپەڕێتەوە:

ڕۆژێکیان دووپشکێك ویستی لە ڕووبـاری دیجلـە بپەڕێتـەوە، بـەڵام لەبـەر ئەوەی دووپشك مەلـەوان نییـە، پەڕینـەوەی مـەحاڵ بـوو. لـە دەم ڕووبارەکـە، چاوی بە بۆقێك کەوتو بانگی کرد:

- بۆقی هاوڕێم، دەتوانی یارمەتیم بدەیتو لە ڕووبارەکە بمپەڕێنیتەوە؟
- چۆن بتپەڕێنمەوە؟
- بمخەرە سەر پشتتو بە مەلە بمپەڕێنەوە.
- باشە، بەڵام چون باوەڕت پێ بکەم کە لە ڕێ پێمەوە نادەیت؟

ـ دڵنیا بە، چونکە ژیانی من لە دەستی تۆدا دەبێ. کە من ژیانم بە تەواوەتی بە تۆوە بەند بێ چۆن دەتکوژم؟

بۆقەکە کەمێ بیری کردەوەو بڕیاری دا یارمەتی دووپشکەکە بدات. بۆقەکە دووپشکەکەی خستە سەر پشتی خۆیو دەستی بە مەلەکردن کرد. کە گەیشتنە ناوەندی ئاوەکە، کتوپڕ دووپشکەکە بە پشتی بۆقەکەوەی دا. بۆقەکە لە دوادوایی ژیانیدا فریا کەوت بپرسێت:


ـ بۆچی وات کرد؟ خۆ تۆ مەلە نازانیتو نەختێکی تر دەخنکێیت.

ـ کێشەیەك نییە، ئێمە لە عێراقین.




**بانگەواز بۆ ئامادەبوونی سیمینارێك لە سوید لەسەر ئەم كتێبە**

**لەلایەن ئیسماعیل عوسمانەوە .**




**بەرگی چاپی سویدیی ئەم کتێبە**




**کتێبخانەی گشتی سوید ئەم کتێبەی کردوە بە کتێبی دەنگی.**







**نووسەر ئیسماعیل عوسمان**



۲۰۱۰/ وەزیری هاوگونجاندنی سویدیی (Erik Ullenhag) ونووسەر.



ئیسماعیل عوسمان/ ئەنالیند وەزیری دەرەوەی پێشووی سوید
نزیکەی دە رۆژ بەر لە کوشتنی ئەو خانمە.



نووسەر لەگەڵ وەزیری هاوگونجاندنی سویدی

خاتوو (Nyam Ko Sabuni) ساڵی ٢٠٠٦



هەردوو نووسەران: ئیسماعیل عوسمان / ماتیاس شیلین



**١٩٨٧ / ئیسماعیل عوسمان و پشکۆ عەبدولخالق**



**١٩٨٦ / کۆبونەوەی لایەنە کوردییەکان لە گوندی (کاولان)**

**لە راستەوە: فەرەیدون عبدولقادر (ی.ن.ك) خوالێخۆشبوو ئازاد مستەفا (پاسۆك)، پاڵە باوانی (گەل) شێخ دارا شێخ جەلال (ی.ن.ك)، قادر جەباری (حسك)**

**دانیشتووەکان: ئیسماعیل عوسمان (گەل)، مامۆستا ئەمین قادر (حسك)**



دۆڵی خواکورک/ سوارەکان: یەکەم- سامی عەبدولڕەحمان
دووەم- فەلەکەدین کاکەیی، سێیەم- د. فوئاد مەعسوم



لایەنێکی ژیانی پێشمەرگایەتی

# بلاَوكراوەكانى ئەكاديمياى هۆشيارى و پێگەياندنى كاديران

## ساڵى (٢٠١١ – ٢٠١٢)

| ز | بڵاوكراوەكان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵى چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەى ميديا لەهەڵبژاردنى سەرۆكايەتى ئەمريكادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبين حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جيهانگيرى، فاكتەرو گرفتەكانى ديموكراسى، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختيار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەيدابونى عەلمانيەت لەتوركياى عوسمانيدا، ژ. ز. (١٥) | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئيسلامو مۆدێرنە، ئيسلام لەبەردەم ئەگەرى عەلمانيەتدا(ژ. ز. هۆشيارى (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونى و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سياسەتى روسياى قەيسەرى بەرامبەر بەكورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستيار كەمال كوردى | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسى | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٢ | كورته باسێكی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>كارزان كاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی كوردستانی عیراق | ئامادەكردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. كوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | **تاريخ الفكر الكردي** | مامۆستا جعفر<br>ترجمە: د. بندر علی | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی كوردی لە كوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی كەركوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەكوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایكڵ لیزنبێرگ<br>و. كارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمكەوە بۆ ئەرك،<br>ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریكردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا<br>ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی: عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسە تاریخیە وسیاسیە حول<br>"الشعب الکردی" | تالیف: حسن ارفع<br>ترجمە:عبدالرزاق محمود<br>القیسی | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق<br>دژی گەلی کورد | ن: نوری تالەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای<br>جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان.<br>ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس باریبە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر<br>(الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمه ومراجعه:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمك و گرفتەكان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێكخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنكردنی هەڵوێستەكان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبی و نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانكفۆرت | و. لەسویدیەوە عوسمان حەمە رەشید گوروون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبيه في سنجار حتى بدره | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري، ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | كوردو توركمان، تێڕوانینێك بۆ میكانیزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەكانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شكوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیكری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەكانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإباده الجماعيه، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله<br>ترجمه: محسن بنى ويس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێنج لێکۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیڕەوێ ناڤخۆ پەسەندکریێ سێیەمین کۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی ڕێکخستنی دهۆك بەشی روناکبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئالآ | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحى فى كردستان | الدكتور فرست مرعى | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادى | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | کاریگەری قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووری ئەمریکا و جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی – کوردی) | ئامادەکردنی:<br>د. نەهرۆ عەلی<br>ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | کوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد کوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | کورد لەسوریاو ئازەربایجانو ئەرمەنستان/ ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر<br>ل. یالچین هێگمان<br>و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مباديء العدالة | محمد ريبين حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار دا | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان ضمن الخطة الدولية بدأ من جنوبها | المحامي /<br>الشيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە: غسان نعسان<br>و. لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئێزیدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |